دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٨٢، شەممە ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٥ی سێپتامبری ٢٠٢٠


www.kurdistanmedia.com

■ ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە ٢


■ کتێبی «کوردستان و کۆماری ئیسلامی» چاپ و بڵاو کراوەیەوە ٢

■ ڕێژیمی ئێران لە کوردستان لە ڕێگای پارەوە دەیهەوێت قوتابییەکان بکات بە بەسیج ٣


حیزبی دێموکرات تاکی کورد لە دیاریکردنی چارەنووس ... ٤


ئازادیی ڕادەربڕین ٦


بزوتنەوەی سەوزی ئێمە و بزوتنەوەی سەوزی ئەوان ٨


وتووێژی کوردستان ١٠

# «نا»گوتن بە دیاریی مەرگ



١٧ی خەرمانان، ساڵڕۆژێکی خەماوییە بۆ گەلی کورد کە دەبێ لە ڕۆژژمێری شۆڕش و بەرخودانی کورددا بنووسرێتەوە تاکوو نەسڵ لەدوای نەسڵی ئەم نیشتمانە بزانن و ئاگادار بن لە هۆڤانییەتی داگیرکەرێک کە چەندین میلیۆن دۆلار پارە سەرفی تێخزاندنی ترس لە دڵی میللەتێکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز بخات بەڵام سەری لە بەرد دەکەوێ!
چەند چرکە، چەند خولەک، چەند ساتێکی زووتێپەڕیو پێش لە کاتژمێر ١١ی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ٩٧، ئاسمانی شارەکەی حاجی، ساماڵ و ساف و ڕوون بوو؛ ڕوون و ساف و ساماڵ وەک دڵی پڕخولیای پێشەوا ؛
بنەماڵەکانی دێموکرات سەرقاڵی ژیانی خۆیان بوون، لە بنمیچی یەکێک لەو ماڵانەدا دایک بێشکەی ڕادەژاند، کۆرپەلەی ساوا بە دەم لایەلایە بزە ئەیگرت؛ لەپڕ هەموو شت تێک چوو، گرمەیەک هات، بوو بە دووان و سیان و ... دووکەڵێکی ڕەش ئاسمانی کۆیەی داپۆشی و هەیبەسوڵتان ڕاچڵەکا و تۆزی غوربەتی ساڵانی زووی دەشتی کۆیە خۆی کرد بەسەر هەوای مەییودا و ڕۆژێکی تاڵ و تاریک لە دیرۆکی کوردستان خۆی تۆمار کرد. قاو داکەوت؛ فێرگەکەی سەروان چەکۆ پێکراوە!
دنیا کش و مات بوو، نە گوێ دەنگێکی دەبیست و نە سروە دەیوێرا سریوە بکات. لەو ساتەدا مووشەکی ترسی تارانی زراوچوو کە هاتبوو پرچی ڕەزی کوردانی بەرهەڵستکاری دێموکرات هەڵبکێشێ و چاوی گوڵیان دەربهێنێ، دوو قوتابی بەئەمەگی دێموکرات و دوو مامۆستای مەکتەبی ئازادژیانی پێکا؛ شەهیدانی ئەم جارەی کوردستان، موختار قادرپوور و فاروق حەسەن خەیات بوون کە بە بزە و پێکەنینی هیوابەخشییان سەفەری ئەبەدییان بۆ لای مەشخەڵانی ڕاسان دەست پێکرد.
ئەوەیکە تاران خەیاڵی لێ دەکردەوە نەهاتە دی؛ ئەو دەیهەویست بە ناردنی مووشەکی ترسی خۆی ترس بخاتە نێو دڵی شۆڕەسوارانی ڕێبازی ئازادی بەڵام نەتەنیا نەیتوانی ئامانجە گڵاوەکەی بپێکێ بەڵکوو خۆی بوو بە پەنی ڕۆژگار و ترسە شاراوە چەندین ساڵەکەی لە کورد زیاتر بۆ جیهان ئاشکرا بوو؛ لە هەمان کاتیشدا لە ٢١ی خەرمانان و تەنیا ٤ ڕۆژ پاش پەلامارە دڕندانەکانی جەماران، ئەوە کوردستان بوو کە بە بێدەنگی هەستایە سەرپێ و لە کەشی ماتاوی کوردستان، لمبۆزی داگیرکەری لە خاکی بە خوێن و قوربانی نەخشاوی کوردستان وەردا تا پێی بڵێ «نا»وتنی ئێمە ئەگەر بە بێدەنگیش بێ لە ناخی پڕ لە ئاخ و کەسەرمانەوە هەڵدەدا و ٣٩ ساڵ خەیانەت و جینایەت نەیتوانیوە و ناتوانێ کورد لە بن بێنێ و کورد هەر زیندووە.
هەر لەو ڕۆژەدا کۆماری تاوان و جینایەت دەستی ڕەشی خۆی نایە بینەقاقای چەند لاوی بێتاوانی کورد و لە سێدارەی دان. جینایەتەکانی ١٧ی خەرمانان وەبیرهێنەرەوەی چەند خاڵی جێی تێڕامانن کە بە کورتی بەم چەشنەیە:
١ .ڕێژیم بۆ خۆدزینەوە لەو قەیرانانە کە لە سەری کەڵەکە بوون هەوڵی دا لە دەرەوەی سنوورە جوغرافییەکەی خۆی شەڕ و ئاژاوەیەکی نوێ بنێتەوە .
٢ .چاوترسێن کردنی خەڵکی ناوخۆ و ناوچەکە.
٣ .ڕێژیم کوردەکان بە بزوێنەر و ڕێکخەری ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران دەزانێت و دەیهەوێت پێش لەوەی گرفتەکان دەسەڵاتی بەتەواوی بخەنە مەترسییەوە، نەتەوەی کورد و هێزەکانی کورد لاواز بکات .
٤ .بەراوردی ڕێژیم بە نیسبەت بێدەنگی وڵاتانی بیانی و کۆڕ و کۆمەڵە بەناو بەشەردۆستەکانەوە بۆ خولقاندنی ئەم جینایەتە تازە، بەداخەوە هەتا ئەم ساتە بەراوردێکی هەڵە نەبووە .
٥ .بەکارهێنانی مووشەک بە دژی حیزبی دێموکرات دەرخەری ئەوە بوو کە ڕێژیم لە ئاست ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا زەلیل و دۆشداماوە.
٦ .ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ شەڕەکانی ناوچە کە ڕێژیم ئەکتەرێکی نێگەتیڤی ئەو شەڕانەیە قووڵتر دەبێتەوە و ڕێژیم بۆ دڵخۆشکردنی جاشەکان و میلیشیاکانی پێویستی بە وەها مانۆڕێک هەبوو.
وەک باس کرا تەنیا چوار ڕۆژ پاش جینایەتی ئاماژەبۆکراو کوردستان یەکدەنگ هەستایە سەر پێ بە بێدەنگییەکی مانادار تەواوییەتی ڕێژیمیان شەرمەزار کرد؛
بۆیە لە کۆتاییدا پێویستە هەموومان ئەوە بزانین کە لە بیست و یەکی خەرماناندا، بەشێکی زۆری ئەو خولیا و خەیاڵ و ئاواتانەی ڕێژیم بوون بە بڵقی سەر ئاو و ڕێژیم لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا شکستێکی بێ وێنەی خوارد . خەڵکی کوردستان بە داخستنی دوکان و بازاڕەکانی شار، بەپیر بانگەوازی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و بە شەفافی وڵامی «نا بۆ ئێعدام» و «نا بۆ موشەکباران» و «نا بۆ سەرەڕۆیی» و «نا بۆ کۆماری ئیسلامییان» بە دژی ڕێژیم بەرز کردەوە کە ئەم «نا»وتنە، کۆماری ئیسلامی لە تەواوییەتی خۆی لە مانا بەتاڵ کردەوە و جارێکی تر نیشانی دا کە ڕێژیم خاوەن هیچ پێگە و ڕەواییەکی خەڵکی لە کوردستاندا نەبووە و نییە.

## پەیڤ

## داگیرکردنەوە

**کەریم پەرویزی**

لە گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکاندا، هەندێك لە شوێنەکان چیدی بۆ ژیان نابن یان ژیانکردن تێیاندا زۆر دژوار دەبێ. بەو پێیە مرۆڤەکان دەکەونە کۆچکردن و گواستنەوەی شوێنی ژیانیان. بە درێژایی مێژوو، مرۆڤەکان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە گواستنەوەی شوێن و کۆچکردندا بوون و زۆرجار ئەم کۆچە بەکۆمەڵانە شەڕ و کوشتاری بەدوادا بووە، لە نێوان خەڵکی کۆچەری و خاوەنە ڕاستەقینەکانی خاکی کۆچ بۆکراودا!
کۆچڕەوی کاتێك لەگەڵ دیاردەیەك بەناوی کۆلۆنیالیزم تێکەڵ دەبێ، هەم خوێنڕێژیی زۆرتر و دڕندەیی زۆرتری لێدەکەوێتەوە و هەم سڕینەوەی نەتەوەکان لەسەر نیشتمانیانی بەدوادا دێ. لەم ڕۆژانەدا بەرپرسی دەزگای دارستانەکانی ئێران ڕایگەیاند کە زیاتر لە سی میلیۆن هێکتار لە زەویی ئێران دەبن بە ناوچەی بیابانی و وشك. لە شوێنێك وەکوو ئێرانیش کە ناوچەکانی وەکوو کەویری لێیە، ئەو بوون بە بیابانە وای لێ دەکا کە هیچ دەرەتانێکی ژیانی تێدا نامێنێ و هەر لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە شوێنە ناوەندییەکانی ئێران وردە وردە خەریکی گواستنەوەی شوێنی ژیانیانن. وشکبوون و بەبیابان بوونی ناوچە ناوەندییەکانی ئێران و سووتانی دەشتەکانی، خەڵك بەرەو ناوچە شاخاوی و هەندێك فێنکترەکان هان دەدا. لەولاشەوە ڕێژیمی کۆلۆنیالێستیی ئێران، ناوچەکانی وەکوو کوردستانی لە سیاسەتی ستراتژیکیدا بە ناوچەی سووری مەترسیدار دیاری کردووە کە دەبێ بە گۆڕینی حەشیمەت، لە مەترسییەکانی کەم بکاتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا بە هەزاران کارمەندی ئیدارە جۆربەجۆرەکان و پاسداران و دەزگای ئەمنیەتیی و ... لە خەڵکی ناوچەکانی ناوەندی جوغرافیای ئێران کە بەزۆرینە فارسن دەگوازێتەوە بۆ کوردستان و لە شارەکانی کوردستاندا کە تا چەند ساڵ لەمەوپێش بە تاکوتروك کەسێکی نەتەوەی فارست دەبینی، ئێستا بە هەزاران کەسی قەومی فارسیان تێدا نیشتەجێ کراوە. ئەمە هەمان سیاسەتە کە لە سەردەمی قاجار و دواتر ڕەزاخانی میرپەنجدا بە دژی شاری کرماشان لە کوردستان کردیان و خەڵکی زۆری فارسیان تێدا نیشتەجێ کردن. کوردستان لەم ساڵانەی دوایی و لە ساڵانی بەردەمیشدا بەرەوڕووی سیاسەتی داگیرکردنەوەیەکی دیکە بۆتەوە و دەبێتەوە و دەیانهەوێ نەك پێکهاتەی حەشیمەتیی کوردستان بگۆڕن، بەڵکوو بەم شێوە زمانی ئاخاوتنی خەڵکیش بگۆڕدرێ و ئیدی کوردی ئاخافتن ببێ بە بەشێك لە مێژوو.

# کتێبی «کوردستان و کۆماری ئیسلامی» چاپ و بڵاو کراوەتەوە

کتێبی «کوردستان و کۆماری ئیسلامی» بەرهەمی شەهید سەید «سەلام عەزیزی» ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەو کتێبە لە سەردەمی ژیانی شەهید سەلام بە دەستی ناوبراو نووسراوە و ٣٠ ساڵ پاش نووسرانی بڵاو دەبێتەوە. نووسەر لەم کتێبەدا، کێشەی نێوان بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هەتا کۆتاییهاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق باس دەکات. ئەم کتێبە لە «ستۆکهۆڵم» پێتەختی وڵاتی سوئید چاپ و پێشکەش بە هەموو ئەویندارانی ئازادی و سەربەستیی کوردستان کراوە. هەروەها بەشێک لە کتێبێکی ناتەواوی نووسەر، سەبارەت بە پرسی مافی مرۆڤ و خەباتی کورد، وەک فەسڵێکی جیاواز لە کۆتایی ئەم کتێبەدا چاپ کراوە.



شەهید سەلام عەزیزی هەروەها کتێبێکی لە ژێر ناوی «سەفەری بێگەڕانەوە» نووسیوە کە داستانی کارەساتی میکۆنووس، چۆنیەتی ڕوودانی ئەو جینایەتە، لایەنە شاراوەکانی ئەو تێرۆرە هەتا کۆتایی هاتنی دادگای میکۆنووسی لەخۆوە گرتووە. شەهید سەید سەلام ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی لە نەخۆشخانەیەکی شاری بەغدا، ماڵاوایی یەکجاریی لە نیشتمان و هاوسەنگەرانی کرد و چووە ڕیزی کاروانی هەرگیز نەمرانی شەهیدانی سەربەرزی نیشتمانەوە.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە

ڕۆژی سێشەممە ١١ی خەرمانان، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر بانگهێشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکیان پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا کە سکرتێر و کەسی یەکەمی حیزبەکانی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاریش تێیدا بەشدار بوون، لەلایەن هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشوازی لە بەشداران کرا، پاشان بەپێی دەستووری کار، کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد. دواتر «خالید عەزیزی» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاماژە بەو بابەتانەی کە لە دەستووری کاریی کۆبوونەوەکەدا دانرابوون باسەکەی کردەوە و بەشدارانی کۆبوونەوەکە و بەتایبەتی کەسی یەکەمی حیزبەکان بەوردی قسەیان لەسەر کرد. ئەو باسانە کە بەگشتی پەیوەندییان بە چالاکی و جموجۆڵەکان و ڕوانگەی ناوەندی هاوکاری لەسەر چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە ئێران و کوردستان بوون، وێڕای شیکردنەوە و هاودەنگیی ئەندامانی ناوەندی هاوکاری، بڕیاری پێویستیان لەسەر درا. پاشان وێڕای کۆکردنەوەی باسەکان لەلایەن «خالید عەزیزی»یەوە، بەرپرسایەتیی دەورەیی ناوەند لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سپێردرا.

# لە شنۆ چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڕەکی «ئەمیرئاباد»ی شاری شنۆ بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی حیزبەکەیان دووپات کردەوە. لەو چالاکییەدا تێکۆشەرانی دێموکرات بە نووسینی دروشمی «سەرکەوێ ڕاسان» و «بژی حیزبی دێموکرات» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. قارەمانانی دێموکرات لە «شنۆ» هەروەها لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیمانیی وەفادارییان دووپات کردەوە و بەڵێنییان داوە هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵنەگرن.

# گڵکۆی شەهیدانی ئەندێشەی سەوز لە خەرمانانی سووردا گوڵباران کرا

ژینگەدۆستان و ڕێبوارانی ڕێبازی ئەندێشەی سەوز، گڵکۆی شەهیدان «شەریف باجوەر» و «ئومید کۆنەپۆشی»یان لە دووەمینساڵگەڕی شەهیدکرانیاندا گوڵباران کرد.


لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەنجوومەنی «سەوزی چیا» بەبۆنەی ٣ی خەرمانان دووەمین ساڵگەڕی شەهیدکرانی شەهیدانی ژینگە، بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و داوای لە ژینگەپارێزان و خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان کردبوو کە لە ڕۆژی ٣ی خەرماناندا گڵکۆی شەهیدان گوڵباران بکەن. دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٣ی خەرمانان، خەڵکی مەریوان و ژینگەپارێزانی شارەکانی دیکەی کوردستان بە ئامادەبوون لەسەر گڵکۆی شەهیدان و گوڵبارانکردنیان سەلماندیان ڕێگای سەوزی شەهیدانی ژینگە درێژەی هەیە. ئامادەبووان لەسەر گڵکۆی ئەو شەهیدانە لەژێر دروشمی «قایمتر لە جاران ڕێگاتان درێژە پێ دەدەین»، وەفاداریی خۆیان بە گیانبازی و فیداکاریی ئەو شەهیدانە دووپات کردەوە. ڕێکەوتی ٣ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی لە ڕووداوێکی گوماناویدا چوار کەس لە چالاکانی ژینگەپارێزیی مەریوان بە ناوەکانی شەهید «شەریف باجوەر، ئومید کۆنەپۆشی، محەممەد پەژووهی و ڕەحمەت حەکیمی نیا» لە کاتی هەوڵدان بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی مەریوان شەهید کران.



هاوکات چەندین گرووپی شاخەوانی لە ساڵیادی شەهیدکرانی شەهیدانی ژینگەدا وەک ڕێز و وەفایەک بۆ یادیان چەند هەڵمەتی شاخەوانییان ئەنجام دا و یادی ئەو شەهیدانەیان بەرز ڕاگرت.

ڕۆژی دووشەممە ٣ی خەرمانان، گرووپی شاخەوانیی «قەندیلی مەریوان» بۆ ڕێزگرتن لە یاد و ناوی شەهیدان «شەریف باجوەر» و «ئومید کۆنەپۆشی»، لە گوندی «سێف»ـەوە بەرەو گوندی «پێڵ»ـە ڕێپێوانیان کرد. لەلایەکی دیکەوە گرووپی شاخەوانیی «کێلەشین» بە سەرکەوتن بەسەر شاخی «میراجیە»دا یادی شەهیدانی ژینگەیان بەرز ڕاگرت. ئەوان لەو چالاکییەدا بە دروشمی «ناوی بەرزتان بەسەر بڵیندایی تەواو شاخەکاندا بەرز دەکەینەوە»، ڕێزیان لە گیانبازیی شەهیدانی سەوز گرت. هەروەها ڕۆژی دووشەممە ٣ی خەرمانان و هاوکات لەگەڵ ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی شەهیدان «شەریف باجوەر» و «ئومید کۆنەپۆشی» گرووپی شاخەوانیی «قاراوا» بە ڕێپێوان لە شوێنی شەهیدکرانی ئەو شەهیدانەوە بۆ سەر گڵکۆی پیرۆزیان، یادی ئەو گیانبازانەیان بەرز ڕاگرت. هاوکات ئەندامێکی کۆمیتەی گوندەکانی ئەنجومەنی سەوزی چیا بە ناوی «ڕێبوار وەیسی» لە گوندی «ڕەزاو» تا سەر گڵکۆی شەهیدانی ژینگە کە مەوداکەی دەکاتە ٤٥ کیلۆمەتر، ڕێپێوانی کردووە و ئەمەگناسیی خۆی بە ڕێبازی ئەندێشەی سەوز نیشان داوە. ئەندامانی ئەنجومەنە ژینگەپارێزییەکان و هەروەها خەڵکی ژینگەدۆست و نیشتماندۆستی کوردستان بەتایبەت شاری مەریوان، ئەمساڵیش بە یادکردنەوەی گیانبازیی شەهیدانی ژینگە ئەمەگدارییان بە گیانبازیی شەهیدانی ئەندێشەی سەوز نیشان دا.

# ئەندامانی حیزبی دێموکرات یادی شەهیدانی ژینگەیان بەرز ڕاگرت



ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەریوان، یادی شەهیدانی سەوزیان لە ساڵیادی شەهیدبوونیاندا بەرز نرخاند.

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەریوان بەبۆنەی ٣ی خەرمانان ساڵڕۆژی شەهیدکرانی شەهیدانی ژینگە لە مەریوان، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان لەسەر گڵکۆی ئەو نەمرانە هەڵ کرد. ئەوە دووەمین ساڵ لەسەر یەکە کە ڕێبوارانی ئەندێشەی سەوز و هەروەها ژینگەدۆستانی کوردستان یادی ئەو شەهیدانە بەرز دەنرخێنن.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووشدا ژینگەدۆستان و ئەندامانی ئەنجومەنی سەوزی چیا بە گوڵبارانکردنی گڵکۆی شەهیدانی سەوز و هەڵمەتگەلی ڕێپێوانی و شاخەوانی، ئەمەگداریی خۆیان بە ڕێبازی شەهیدانی ئەندێشەی سەوز نیشان دا.

٣ی خەرمانان ساڵڕۆژی شەهیدکرانی شەهیدان «شەریف باجوەر، ئومید کۆنەپۆشی، محەممەد پەژووهی و ڕەحمەت حەکیمی‌نیا»یە کە لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی مەریواندا شەهید کران.

# ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کرانەوەی قوتابخانەکان بۆ ساڵی ١٤٠٠-١٣٩٩ی هەتاوی

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!
مامۆستایان و قوتابییانی ئازیز!

پەروەردە و بارهێنان لە گرینگترین و بنەڕەتیترین هزر و ئەندێشەی مرۆڤە لە سەر گوی زەوییە.

کۆمەڵگای پێشکەوتووی جیهان بە پەروەردەی سەردەمیانە و مۆدێرنی شانازی دەکا و بە شانازییەوە باس لە ئەرک و کارنامەی شکۆداری زانست و پێشکەوتن و پەروەردەی سەردەم بۆ بارهێنان و فێرکاریی سەردەم دەکات.

بەڵام لە وڵاتی بەڵادێداروی تاج و عەمامەی ئێراندا، کۆنەپەرەستی و دواکەوتوویی، بەجێگای کتێب و وانەی سەردەم، پڕ کراوە لە پێداهەڵگوتنی تاج و عەمامە و لە خورافات ئەخێندراوە.

هەر بۆیە لەوەها فەزایەکدا ڕەشەبای تاریکی و بێ‌هیوای خۆی بە سەر هەموو قوناغەکانی پەروەردە و بارهێنان لە ئێران و کوردستاندا کێشاوە.

هەروەها بەهۆی دواکەوتوویی و دەسەڵاتداریی سەرەڕۆیی و سیستمێکی داخراو ئیدیۆلۆژیک و داخراو، قوتابخانەکان بووەتە شوێنی نائومیدی بۆ مامۆستا و قوتابییان و قوتابخانە کراوە بە شوێنی بڵاوکردنەوەی مەوادی هۆشبەر، خۆکوژی و دەیان دیارەی ناحەزی دیکە.

ئەگەر لە سەد ساڵی ڕابردوو مێژووی پەروەردە و بارهێنان بڕوانین، دەبینین لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا خاتوو «ماری کوری»یەکان پێدەگەن و خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن.

بەڵام لە مێژوویی پەروەردە و بارهێنان لە ئێراندا شیخ فەزلوڵاکان لەگەڵ پەروەردە و بارهێنانی سەردەم دژایەتی دەکەن و تەنانەت لەگەڵ خوێندن و چوونە قوتابخانە بۆ کچان بە حەرام دەزانن.

لە سەردەمی ڕەشی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا، بە گرتن و زیندانیکردن و تەنانەت ئێعدامکردنی مامۆستایانی قوتابخانە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە بە پڕکردنی نێوەرۆکی کتێبەکان بە خورافات و دواکەوتوویی چ لە بواری زانستی و زانستی ئینسان، قوتابی هەم لە خوێندن و خوێندنەوە و فێربوون و هەم لە ئایندە خۆی، نائومید دەکات. چوونکە دەبینێت کە «زارا محەممەدیی»ـەکان بە تاوانی گوتنەوەی وانەی زمانی کوردی تووشی گرتن و حوکمی زیندانی درێژخایەن دەبن. هەر بۆیە ڕاندوومانی خوێندن لە ئێران و کوردستاندا لە حاڵەتی داکشان دایە.

مامۆستایانی ماندوونەناس و نیشتمانپەروەر!

وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بڕیاری داوە لە ١٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی لە سەردەمی ڤایرۆسی کۆرۆنادا بە شێوەی ناوچەکانی (سپی، زەرد، سوور) دەرگای قوتابخانەکان لە ئێران و کوردستان بە ڕووی قوتابییاندا بکاتەوە.

ئەوە لە کاتیکدایە کە پەتای کۆرۆنا هێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنترۆڵ نەکراوە و لەلایەکی دیکەوە بەهۆی گرانی و بیکاری و چوونەسەرووی قیمەتەکانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و بێ بایەخبوونی دراوی ئێران، بنەماڵە هەژار و دەستکورتەکان توانایی دابینکردنی کەرەستەی خویندن و لیباس و جانتا و کەوشیان بۆ قوتابی نییە.

هەروەها لە ئەگەری خوێندن بە شێوەی ئانلاین لە کوردستاندا بەهۆی نەبوونی ئینتێرنێت و لەوەش گرینگتر نەبوونی ئیمکاناتی ماڵیی بنەماڵەکان بۆ کڕینی کەرەستەی وەک موبایل و لەپ تاپ و ئایپەد و گرانیی قیمەتی ئەو کەرەسانە کە لە توانای بنەماڵە هەژارەکانی کورددا نییە، هەرگیز لە کوردستان خوێندنی ئانلاین سەرکەوتوو نابێت.

هەروەها لە کوردستان بە سەدان قوتابخانە پێویستییان بە نوژنکردنەوە و پێداویستیی تەندروستی و پزشکی لە سەردەمی کۆرۆنادا هەیە و بەشێک لە قوتابخانەکان بەهۆی تێکڕوخان بۆ وانە وتنەوە نابن.

هەروەها مامۆستایان کێشەی مووچەیان هەیە و بەشێکی زۆر لە مامۆستایان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیان کاری دووهەم و سێهەم دەکەن. ب

وێە ئەرکی مامۆستایان لە سەردەمی کۆرۆنا و گرانی و بیکاری و چوونەسەرووی قیمەتەکاندا زۆر قورسە. مامۆستا لەلایەک دەبێ لە وەشیارکردنەوەی قوتابییان و پاراستنیان لەو پەتایە و هەم لە پەروەردەکردنی قوتابی بە ئەندێشەی سەردەمیانە و هزر و ئەندێشەی کوردایەتی هەنگاوی مەزن هەڵگرن و قوتابخانەکان بکەنە سەنگەری زانست و وانەی کوردایەتی و خەباتی شار و وەشیارکردنەوەی قوتابی و بنەماڵەی قوتابییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

قوتابییانی خوشەویست!

ئێوەی ئازیز هیوا و داهاتووی نیشتمانن و دەبێ خۆتان بە زانست و پەروەردەی سەردەم و مۆدێرن پەروەردە بکەن و هەنگاو بنین بۆ داهاتوویەکی گەش بۆ وڵاتەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

باش بزانن کە ئێوە هیوای داوڕۆژی نیشتمانن.

هەر بۆیە ئەرکی ئێوە لە خەباتی شاردا، خۆپێگەیاندن و پەروەردەکردن بە زانستی سەردەمە. لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە باشی کەڵک لەو فەزایە بۆ سوود وەرگرتن و فیربوونی زیاتر لەپێناو خۆپێگەیاندن و خۆئامادەکردن بۆ ئەرکی نیشتمانی و خەباتی ڕزگاریخوازی لەپێناو دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی کرانەوەی قوتابخانەکان لە مامۆستایانی نیشتمانپەروەر و قوتابییانی ئازیز، هیواخوازە کە هەم خۆتان لە پەتای کۆرۆنا بپارێزن و ڕێنوێنییەکانی پزیشکی لەبەرچاو بگرن و هەم خۆتان بۆ ساڵێکی چارەنووس‌ساز هەم لە بواری خوێندن و فێربوون و خۆپێگەیاندن لە ساڵی تازەی خوێندنی ١٣٩٩- ١٤٠٠ی هەتاوی و هەم بۆ بە گوڕوتینترکردنی خەباتی شار لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بۆ وەدیهێنانی مافەنەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان خۆتان بە پەروەردەی سەردەم تەیارە بکەن.

**یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران**
**١٢ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# "وال ستریت ژورناڵ" باسی لە تێرۆری میکۆنووس کردووە

ڕۆژنامەی «وال ستریت ژورنالّ» لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە چۆن دەکرێت پێش بە تیرۆری دژبەرانی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی ئورووپایی بگیردرێت.

لە ڕاپۆرتێک کە ڕۆژنامەی «وال ستریت ژۆرنالّ» بڵاوی کردووەتەوە، باسی لە تیرۆری دژبەرانی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی ئورووپایی کردووە.

ئەو ڕۆژنامەیە بڵاوی کردووەتەوە، لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، ئەو ڕێژیمە بە شێوەی ئاشکرا دەستی بە تیرۆری دژبەرانی خۆی کردووە. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، ئەو ڕێژیمە لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا هەزاران کەس لە دژبەرانی خۆی ئێعدام کرد.

«وال ستریت ژورنالّ» نووسیویەتی: «عەلی خامنەیی کاتێک بە دەسەڵات گەیشت ناوەندێکی لەژێر ناوی کۆمیتەی کاروباری تایبەت بۆ تێرۆرەکان دامەزراند». ئەو ناوەندە چەندین تیرۆری لە وڵاتانی ئورووپایی ئەنجام دا کە یەکێک لەو تیرۆرانە تیرۆری دوکتور «شەرەفکەندی» و هاوڕێیانی لە ڕێستۆرانی میکۆنووسی ئاڵمان بوو. ئەو ڕۆژنامەیە بڵاوی کردووەتەوە، دوای تیرۆر لە میکۆنووس وڵاتانی ئورووپایی باڵوێزەکانی خۆیان لە تاران کشاندەوە و پێوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران پچڕاند. لە کۆتایی ئەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، هەتا کاتێک کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران بە شێوەی ئازادانە لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپایی بگەڕێن، هیچ تێچوویەک بۆ کوشتنی دژبەرانیان نادەن.

# ڕێژیمی ئێران لە کوردستان لە ڕێگای پارەوە دەیهەوێت قوتابییەکان بکات بە بەسیج

لە بەرەبەری کرانەوەی قوتابخانەکان لە کوردستان، سپای تێرۆریستی پاسداران بە ناوی یارمەتی بە قوتابییان، داوای لێ کردوون کە لە دوای وەرگرتنی پارەکە دەبێ سەردانی بنکەکانی بەسیج بکەن و ناونووسی بکەن.

بەپێی زانیارییەکان لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە «شنۆ»، سپای تێرۆریستی پاسداران نامەیەکیان بردووەتە بەر دەرگای ماڵی بنەماڵەی قوتابییەکان و لەو نامەیەدا کارتێکی بانکیی ٣٠٠ هەزار تمەنی و فۆرمێکی تێدا بووە.

دواتر بە بنەماڵەی ئەو قوتابییانە ڕاگەیەندراوە کە دەبێ دوای وەرگرتنی نامە و کارتە بانکییەکە سەردانی ناوەندی بەسیجی ئەو شارە بکەن و ناونووسی بکەن.

هەموو ساڵێک ڕێژیمی ئێران لە بەرەبەری کرانەوەی قوتابخانەکان، بە کەڵک وەرگرتن لە هەژاری و نەداریی خەڵک دەیهەوێت قوتابییان و خوێندکاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بیانکات بە ئەندامی دامەزراوە تێرۆریستییەکانی خۆی.

پێشتریش بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بڵاو کرابووەوە لە فۆرمێکدا کە بە قوتابییەکانی ئێران درابوو، داوایان لێ کرابوو کە لەسەر جۆری مۆبایل و کامپیوتێری دایک و باوکیان زانیاری بنووسن. ئەو کارانەی ڕێژیمی ئێران لە کاتێکدایە کە لە ڕێگەی جۆراوجۆر و جیاوازەوە لە هەوڵدایە نەریتی سیخوڕیکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا لەسەر یەکتر پەرە پێبدات و بەو جۆرە دەنگی ناڕازی و دژبەرەکانی خۆی لەو ڕێگایانەوە سەرکوت بکات.

# سێ ئەندامی سپای تێرۆریستی پاسداران لە دەوروبەری «چلچەمە» بە شێوەیەکی گوماناوی کوژراون

لە پایەگایەکی سپای تێرۆریستی پاسداران لە دەوروبەری کێوی «چلچەمە»ی سەقز، سێ ئەندامی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە بە شێوەیەکی گوماناوی کوژراون و سپایش هیچ ئاگادارییەکی لەوبارەوە بڵاو نەکردووەتەوە. بەپێی زانیارییەکان لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە پایەگایەکی سپای تێرۆریستی پاسداران لە ئاوایی «بس» لە بناری کێوی چلچەمە، سێ پاسدار کوژراون و سپا بە خەڵکی ئەو گوندەیان وتووە کە خنکاون، بەڵام هۆکاری خنکانیانی بۆ خەڵک ڕوون نەکردووەتەوە.

بەپێی زانیارییەکان هەر ئەو کاتە دەنگی تەقە لەو شوێنە بیستراوە و چەند ئامبولانسێک لە دوای تەقەکە و لە شوێنی ڕووداوەکە بینراون و چەند هێلیکۆپتێرێکیش بەسەر ئاسمانی ئەو ناوچەیەدا سووڕاونەتەوە و کوژراوەکانیان بۆ دیواندەرە ڕاگواستووە.

ماڵپەڕەکانی ڕێژیم و سپای پاسداران لەمبارەیەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو نەکردووەتەوە.

# ڕێژیمی ئێران لە مەریوان هێزی نیزامی ڕەوانەی ناوچە شاخاوییەکان دەکات

ڕێکخراوی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە مەریوان هێزی نیزامی ڕەوانەی ناوچە شاخاوییەکان دەکات و لەوێدا جێگیریان دەکات.

بەپێی زانیارییەکان، ڕێژیم لە دەوروبەری مەریوان و لە شارەدێی نێ کە تاریکیی شەو داهات، هێزەکانی بە ماشین دادەبەزێنێت و لە ناوچە شاخاوییەکاندا جێگیریان دەکات.

هاووڵاتییان باس لەوە دەکەن، هێڵی ئینتێرنێت هەتا ئاستێکی زۆر خاو بووەتەوە و خەڵک بۆ کاروباری ئینتێرنێتی دەچنە دەرەوەی نێ.

کاربەدەستانی ڕێکخراوی سپای تیرۆریستی پاسداران لە کوردستان بە بیانووی بوونی هێزەکانی حیزبە دژبەرەکانی ڕێژیم دەستیان بە نۆژەنکردنەوەی پایەگاکان لە کوردستاندا کردووە و هێزی زیاتر ڕەوانەی ناوچە شاخاوییەکان دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕێکخراوەیەی ڕێژیمی ئێران ماوە بە ماوە لە شارە جیاجیاکانی کوردستان مانۆڕی نیزامی بەڕێوە دەبات کە ئەویش بە بیانووی بوونی هێزەکانی دژبەری ڕێژیمە. هاوکات ڕێژیمی ئێران گوشار دەخاتە سەر مەڕدارانی کوردستان کە ئیزنیان نییە لە شاخەکاندا بمێننەوە؛ هەروەها داوا لە خەڵک دەکەن کە دەبێ سیخوڕییان بۆ بکەن. بەهۆی مانۆڕەکانی ڕێژیمی ئێران دانیشتووانی هەندێک لە گوندەکانی کوردستان ژیانی ئاساییان کەتووەتە مەترسییەوە و باس لەوە دەکەن کە بەهۆی گوشارەکانی سپای پاسدارانەوە ناچارن گوندەکانیان چۆڵ بکەن. ڕێژیمی ئێران لە کاتێکدا ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بە بیانووی بوونی هێزی حیزبە دژبەرەکانی ڕێژیم تۆپباران دەکات و هێزی تێدا جێگیر دەکات کە هێزی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ئەو ڕێژیمە لەنێو شارەکاندا چالاکی دەکەن.

# پیلانی ڕێژیمی ئێران بۆ گۆڕینی دێموگرافیای کوردستان

لە ڕاستای پیلانەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ گۆڕینی دێموگرافی و بەتاڵانبردنی سەرچاوەکانی کوردستان، کەسانێک لە ناوچەی ئەهواز ڕوویان لە کوردستان کردووە و لە ڕێگای تەماح وەبەرنان لە هەوڵدان زەوی و مڵکی کوردستان داگیر بکەن. بەپێی زانیارییەکان خەڵکی ناوچەکانی باشووری ئێران بۆ کڕینی خانوو و زەویی جووتیاری ڕوویان لە پیرانشار کردووە و داوا لە خەڵک دەکەن کە زەویی جووتیاری و خانوویان پێ بفرۆشن و لەهەمبەر ئەو ویستەی خۆیان بەڵێنیی پارەی زیاتر بە خەڵک دەدەن. ڕێژیم بەردەوام لە هەوڵدایە کە پێکهاتەی کوردستان بگۆڕێت و بە تێغزاندنی نەتەوە غەیرە کوردەکان بۆ نێو جوغرافیای کوردستان، کێشە و ئاژاوە لەنێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە دروست بکات. هەروەها ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە حوکمی ئەوەی کە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بواری کەش و هەوا، سەرچاوەی ئاوی، زەویی کشتوکاڵ، کانزاکان و بەگشتی سەرچاوە سروشتییەکان دەوڵەمەندە، بە ئاشکرا هەوڵی لەنێوبردنیان دەدات.

# ناڕەزایەتیی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بە ئەشکەنجەی دەسبەسەرکراوان لە ئێراندا

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاگەیەندراوێکی نوێدا، هەڵسوکەوتی نەشیاو و نامرۆڤانەی لەگەڵ زیندانییانی سیاسیی لە ئێراندا مەحکووم کرد. لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی باس لەوە دەکات کە لەدرێژەی سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨دا، هەزاران کەس لە ئێراندا دەسبەسەر کران و لە بەندیخانەکاندا ئازار و ئەشکەنجە دران و حوکمگەلێکی توندیان لەسەر درا. ئەو ڕێکخراوە لە ڕاپۆرتی نوێی خۆیدا ڕایگەیاندووە کە بەرپرسانی دادوەریی ڕێژیمی ئێران تەنانەت ڕێز لە یاسا نووسراوەکانی خۆشیان ناگرن. هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە هێزە ئەمنییەتی و ئینتیزامییەکانی ڕێژیم بە پشتیوانیی بەرپرسانی دادوەرییەوە مافی بەندکراوان بە توندترین شێوە پێشێل دەکەن. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، بەندکراوان گوشاری قورسیان لەسەر دەخرێت هەتا دان بە تاوانێکدا بنێن کە ئەنجامیان نەداوە و هەر بەپێی ئەو دانپێدانانە زۆرەملێیانەش بە بەندکردنی درێژماوە و تەنانەت ئێعدامیش مەحکووم دەکرێن و مافی بەرگریی ئازادانە و هەڵبژاردنی پارێزەریان نییە. لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاندووە کە ناو و زانیاریی زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە خۆپیشاندەران و کەسانی دیکەیان لە لایە، لەوانە هەواڵنێران و پارێزەرانی مافی مرۆڤ، کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو خۆپیشاندانانە بەدواداچوونی کەیفەریی نادادپەروەرانەیان بۆ کراوە. ماوەی حوکمی بەندکرانی ئەو کەسانە لە یەک مانگەوە تا ١٠ ساڵ بووە، کە بەپێی تاوانی ئەمنییەتیی بێ بنەما و ناڕوون وەکوو: «کۆبوونەوە و هاوکاری بۆ هەوڵدان دژی تەناهیی ناوخۆیی، پرۆپاگەندا دژ بە ڕێژیم، تێکدانی نەزمی گشتی و سووکایەتی بە ڕێبەریی ڕێژیم» دەرکراون.

# وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیمی ئێران ڕایگەیاندووە بانگەشە بۆ خۆپیشاندانەکان لە ئێران سێ بەرابەر بووەتەوە

«حوسێن زولفەقاری» جێگری ئەمنییەتی و ئینتزامیی وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیمی ئێران وتوویەتی بانگەشە گشتییەکان بۆ خۆپیشاندانەکان لە ئێران بەنیسبەت ساڵی ڕابردوو سێ بەرابەر بووەتەوە. «زولفەقاری» ڕۆژی سێشەممە ١١ی خەرمانان لە پرێس کۆنفرانسێکدا وتی: «لە ٥ مانگی ساڵی ڕابردوودا ٥١٩ حاڵەتی بانگەشە بۆ خۆپیشاندانەکان تۆمار کراوە کە لە ماوەی وێکچووی ئەمساڵ گەیشتووەتە هەزار و ٧٠٢ حاڵەت و گەشەیەکی ٢٢٧ لەسەدی هەبووە». لە حاڵێکدا بەهۆی دۆخی ناڵەباری ئابووری، نەبوونی دەرفەتی کار، هەژاری، گرانی و بێ هیوایی بە داهاتوو، هەر ڕۆژە لە شوێنە جیاجیاکانی ئێران خۆپیشاندان بەڕێوە دەچێت، بەرپرسان و میدیاکانی ڕێژیم دەنگی ناڕازیی خەڵک کپ دەکەن و ڕێگە نادەن بە گوێی کەس بگات. ئەم بەرپرسە ئەمنییەتییەی ڕێژیم بەنیسبەت ڕووماڵکردنی هەواڵی مانگرتنەکان و کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی کرێکاری لە میدیاکانی دەرەوەی ئێران وتوویەتی کە ئامانجی ئەو میدیانە «بە سووریە کردنی» ئێرانە. خۆپیشاندانە گشتییەکان لە شارەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٩٦ـەوە لانیکەم ساڵێک جارێک بە شێوەی سەرتاسەری هاتووەتە ئاراوە کە بە توندترین شێوە لەلایەن ڕێژیمەوە سەرکوت کراوە و هەزاران کوشتە و بریندار لێکەوتووەتەوە. تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە چالاکییە ئابوورییەکانی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و ئەمە کە لەگەڵ گەمارۆوە نێونەتەوەییەکان هاوکات بووە، نیگەرانیی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێرانی بەنیسبەت خۆپیشاندانەکانی خەڵک زیاتر کردووەتەوە. لە حاڵێکدا بەرپرسانی بواری تەندروستی لەسەر ڕێکارەکانی تەندروستی و سنووردارکردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک جەخت دەکەنەوە، بەرپرسانی ڕێژیم گرینگییەکی پێ نادەن. «حەسەن ڕووحانی» سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران لە مانگی پووشپەڕدا وتبووی کە ئەگەر کار و چالاکییەکان دابخرێن، ڕۆژی دواتر خەڵک بەهۆی برسێتی و گوشار خۆپیشاندان دەکەن.

# تالاوی نێونەتەوەیی "هشیلان" لە کرماشان هەڕەشەی لەنێوچوونی لەسەرە



تالاوی نێونەتەوەیی «هشیلان» لە کرماشان کە پەناگە و ژینگەی زۆرێک لە گیانلەبەرانە، بەهۆی ئاوڕ لێ نەدانەوە و گرینگی نەدانی کاربەدەستانی ڕێژیم، مەترسیی لەنێوچوونی لەسەرە.

تالاوی «هشیلان» لە کرماشان کە ١١٠ دوورگە لەخۆ دەگرێت و پەناگەی جۆرەکانی جیاوازی گیا و گوڵ و گیانلەبەرانە و مەترسی لە نێوچوونی لەسەرە و هیچ ئاوڕێکی لێ نادرێتەوە. ڕژانی ئاوی پیسی ئاوەڕۆکانی شار، لێدانی چاڵاوی نایاسایی لە دەوروبەری ئەم تالاوە، ڕاوی لەڕادەبەدر، گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوەکان و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە زەوییەکانی ئەم تالاوە کاری کشتوکاڵی تێدا دەکرێت، لەم هۆکارانەن کە ئەم تالاوە بەرەو لەنێوچوون دەبات. تالاوی «هشیلان» لە کرماشان یەکێک لە گرینگترین تالاوەکان لە ئاستی ئێرانە، بەڵام بەرپرسانی ڕێژیم لە جێگای ئەوەی کە مەترسییەکان و هەوڵە تێکدەرانەکانی سەر ئەم تالاوە کەم بکەنەوە، دوعا دەکەن کە باران ببارێت هەتا ئەم تالاوە وشک نەبێت.

لە پارێزگای کرماشان زیاتر لە ١١٠ سەراو، سارداو، تالاو و کانی بوونی هەیە، بەڵام بەهۆی ئاوڕ لێنەدانەوە و گرینگی پێ نەدانی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران، ژینگەی کوردستان بەرەو لەنێوچوون دەڕوات. لەلایەکی دیکەشەوە ئاوەڕۆی زێراوەکانی شاری سایین قەڵا دەڕژێتە نێو ئاوی چۆمی «زەڕینە» و ئاوی ئەم چۆمەی بە تەواوی پیس کردووە. ماوەیەکی زۆرە ئاوەڕۆی زێراوەکانی سایین قەڵا تێکەڵی ئاوی چۆمی «زەڕینە» دەبێت و کاربەدەستانی ڕێژیم لە ئاست ئەم کارەساتە ژینگەییە بێدەنگن و هیچ هەوڵێکیان بۆ چارەسەریی ئەم کێشەیە نەداوە.

ڕژانی ئەم ئاوەڕۆیە کارەساتێکی ژینگەییە و زیانێکی گەورەی بە گیانلەبەران و سروشتی ئەم چۆمە گەیاندووە. خەڵکی ئەم ناوچەیە چەندین جار سەردانی شوێنە پێوەندیدارەکانیان کردووە و ناڕەزایەتیی خۆیان لە پێوەندی بە کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی ڕێژیم دەربڕیوە، بەڵام وڵامیان پێنەدراوەتەوە. تێکەڵبوونی بوونی ئاوەڕۆی شار لەگەڵ ئاوی چۆمی «زەڕینە» دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشیی جۆراوجۆر.

ئەم ڕاپۆرتانە لە کاتێکدا بڵاو دەبنەوە کە قەیرانی کەمئاوی هەڕەشە لە خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان دەکات. شاری «خۆی» لە ئاستی ئێراندا بەنیسبەت بێئاوییەوە لە دۆخێکی مەترسیداردایە و نەبوونی ئاو هەڕەشەیەکی جیددییە بۆ سەر ژیان و ئابووریی خەڵکی ئەو شارە. «عادڵ نەجەفزادە» نوێنەری مەجلیسی ڕێژیم لە «خۆی» بە ئاماژەدان بە دۆخی سووری شاری «خۆی» بەنیسبەت بێئاوییەوە وتوویەتی، ئەو شارە لە ئێستادا لەگەڵ کێشەی بێئاوی بەرەوڕوویە و بەنداوی «غازان» لە ماوەی ١٠ ساڵدا هێشتا نەگەیشتووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

ئەو نوێنەرەی ڕێژیم باسی لەوە کردووە، ئەگەرچی کە ئاوێکی زۆر لە ڕووبارەکانی «قوتور و ئەلەند»دا هەیە، بەڵام خەڵکی خۆی بەدەست بێئاوییەوە دەناڵێنن.

ناوبراو هەروەها وتوویەتی کە بۆ تەواوکردنی بەنداوی «خۆی» پێویستی بە ١٢ ملیارد تمەن پارە هەیە و هەندێک کەس ناهێڵن ئەو بەنداوە کارەکەی درێژە پێ بدات.

هەروەها کێشەی بێئاوی بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو سەرمایەدارانەی دەیانهەوێت لەو شارەدا سەرمایەگوزاری بکەن لە «خۆی» دوور بکەونەوە و ئەوەش زیانێکی گەورەیە بۆ ئابووریی ئەو شارە.

هەر لەم پێوەندییەدا گوندی «سپێران» سەر بە ناوچەی کەڵاتەرزانی سنە، ئاوی خواردنەوەی ماڵانیان نییە و ناچارن بە توونگە ئاوی خواردنەوەیان دابین بکەن.

خەڵکی گوندی «سپێران» هەتا ئێستا ئاوی لوولەکەشیی ماڵانیان نییە و هەر لەو کانی و سەرچاوە ئاوییانەی نێو ئاوایی دەخۆنەوە کە بۆ مەڕوماڵاتەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرن، بۆیە بەپێی قسەی کارناسانی ناوەندی تەندروستیی سنە، ٧٠ لەسەدی ئاوی ئەو گوندەیە ناتەندروستە. کێشەی نەبوونی ئاو لەو ئاواییە لە وەرزی زستاندا زۆر دژوارترە و خەڵک بە سەرما و سەهۆڵبەندانی زستان هەر بە توونگە و دەبە ئاو دەبەنە نێو ماڵانەوە.

نەبوونی ئاوی خواردنەوە تەنیا کێشەی گوندی «سپێران» نییە و ڕێگا و کۆڵانەکانی قیرتاو نەکراوە و قوتابخانەی دواناوەندیشی نییە.

گوندی «سپێران» لە ٤٥ کیلۆمیتریی سنە هەڵکەوتووە و خاوەن ١٠٥ بنەماڵەیە و ٤٠٠ کەس حەشیمەتی هەیە. کێشەی ئاوی ناتەندروست و کەمئاوی زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتووەتەوە و لە ٥ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا ئەو کێشەیە لە ئیلام، کرماشان، جوانڕۆ، ڕوانسەر، سەرپێڵ زەهاو، مەریوان، سەقز و ورمێ هاووڵاتییانی تووشی گرفت کردووە.

پێشتریش «قاسم تەقیزادەی خامسی» جێگری وەزیری وزەی ڕێژیم ڕایگەیاندبوو: «١٠ملیۆن کەس لە گوندەکانی ئێران دەستپێڕاگەیشتنیان بە ئاوی بەردەوام نییە».

سەرای بوونی ئاو و کانیاوی زۆر لە کوردستان، شار و گوندەکانی کوردستان بەدەست بێئاوییەوە دەناڵێنن و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئاوی کوردستان دەگوازێتەوە بۆ پارێزگاکانی ناوەندیی ئێران. قەیرانی ژینگە تەنانەت بەزەیی بە ماسییەکانی زرێباریشدا نەهاتووەتەوە و ئەمساڵیش بۆ ماوەی چوارەمین ساڵی یەک لەدوای یەک ماسییەکانی گۆلی زرێبار لە وەرزی هاویندا لەنێو چوون و زیانێکی زۆر بەر گیانلەبەرانی ئەو گۆلە کەوت. سەرۆکی ئیدارەی ژینگەپارێزیی ڕێژیم لە مەریوان لەبارەی هۆکاری لەنێوچوونی ماسییەکانی گۆلی زرێبار وتوویەتی، ئەو ماسییانە بەهۆی بەرزبوونەوەی چالاکیی پلانکتۆنی، قەوزەکانی نێو ئاو، بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و کەمیی ئۆکسیژێن لە ئاودا لەنێو چوونە. هەروەها بەهۆی ئەوەیکە کود و ماددەی کیمیایی دەڕژێتە نێو ئاوی زرێبار قەوزە لە ئاوەکەدا زۆر دەبێت و ماسییەکانی لەنێو دەچن و ژینگەکەی مەترسیی لەسەرە. لەو پێوەندییەدا کۆتایی وەرزی بەهاری ئەمساڵ ماسییەکانی ڕووباری «قەرەسوو» لە کرماشان بە هۆکارێکی نادیار لەنێو چوون. دواتر دەرکەوت ڕژانی زێراو و ئاوی پیس بۆ نێو ئەو ڕووبارە، هۆکاری لەنێوچوونی ماسییەکانی قەرەسوو بووە.

# حیزبی دێموکرات
# تاکی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەشدار دەکات

پژمان شەریعەتی



بەشداری خەڵک لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە دونیای ئەمڕۆدا ڕۆژبەڕۆژ گرنگییەکی زۆرتر پەیدا دەکات و خوێندنەوەی زیاتر لەسەری دەکرێت، چونکە مرۆڤ گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەو کاتەوە کە بوونی هەیە بە گرووپ ژیاوە و تاک لە کۆمەڵگای بەشەری هەوڵی داوە لە ڕێگەی کۆمەڵ کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و مێژووی مرۆڤایەتی بە هاوکاری و بەشداری کردن خوڵقاوە.

لە واتای بەشداری کۆمەڵایەتی ڕوانگە و پێناسەی زۆر لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونناسی کراوە و هاتووەتە بەر باس بەڵام بەشێوەی بە گشتی و کۆنکرێت بەشداری کۆمەڵایەتی بریتییە لە: بەشداری ئاگاهانە، ئیرادی، خۆڕسک و ئامانجداری گرووپ و تاک لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەشداربوون و کاریگەریدانان لە کارەکان، ئاسانکاری و خێراکردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و کەڵکوەرگرتن لە بەرهەمی کردەوەکان لە پێناو یارمەتیدان بە ئامانجی گەشەی کۆمەڵگا.

لەم ڕاستایەدا شێوازی بیرکردنەوە و تێفکرینێکی عەقڵانی دەبێتە هۆکاری گەشەی بەشداری کۆمەڵایەتی و مرۆڤ کاتێک باشتر کردەوە نیشان دەدات و تێدەکۆشێت کە بزانێت لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا بەشدارە بۆ بونیاتنانی ئەم ڕەوتە و بەردەوامیی و پێویستییەکانی، هەبوونی بارودۆخ و زۆر هۆکار کاریگەریان هەیە.

تەمەن، ڕەگەز، ئاستی کۆمەڵایەتی، شوێنی ژیان، ڕوانین بۆ داهاتوو، بنەماڵە، متمانە، پەروەردە، میدیا و هتد، بەشێکن لە هۆکارەکانی بەشداری کۆمەڵایەتی کە گرێدراون بە کولتور، سیاسەت و باری دەروونی مرۆڤ، کە دەبنە پاڵنەرێک بۆ تاک لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا.

لەلایەکی دیکەشەوە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە تایبەت بەشداری کۆمەڵایەتی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی پێویستی بە سازماندەیی هەیە کە لەم نێوانەدا حیزب ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت بۆ شکڵدانی کۆمەڵگا لە ڕاستای بردنەسەرەوەی ئاستی بەشداری.

حیزبە سیاسییەکان، وەکوو یەکێک لە ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کاریگەری زۆر گرنگیان لە سیستەمە مودێرنەکاندا هەیە و ڕێگەخۆشکەرن بۆ گەیشتنی کۆمەڵگاکان بە دێموکراسی، حیزبە سیاسییەکان بەرهەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگان کە لەو پێناوەدا ئەرک و کارایی و ڕێکاری تایبەت بە خۆیانیان هەیە.

لەم نێوانەدا کۆمەڵگای کوردستان لە کاتێکدا کە داگیرکراوە بە شێوەی بەردەوام بەڵام پچڕپچڕ خاونی چەندین بزوتنەوە بووە کە لە لایەن سەرۆک عەشیرەکان، زانایانی ئایینی و کەسایەتییە خۆشناوەکان ڕێبەری کراون، بەڵام بە هۆی کەرەستەکانی ئەو کات و کەمبوونی پەیوەندی لە نێوان هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا، نەیانتوانیوە ببنە بزووتنەوەیەکی هەمەلایەنە و گشتگیر، هەر بۆیەش لەلایەن داگیرکەرانەوە سەرکوت کراون.

لەو سەردەمەدا بەتایبەت لە دەسپێکی شەڕی جیهانی یەکەم و کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و دوو جەمسەری بوونی دونیا و ململانێ لە نێوان زلهێزەکان و هاوپەیمانەکانیان، بووە هۆی ئەوەیکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست، چەندین گرێبەست لە نێوان زلهێزەکان واژۆ بکرێت بۆ پاراستی بەرژەوەندییەکانیان و بەردەوام بوونی هێژمۆنیان لە ناوچەکەدا کە لە ئاکام، چەندین وڵات دابەش کران و چەندین وڵاتی تازە سەرهەڵبدەن.

لەم نێوانەدا کورد کەمترین یان دەتوانین بڵێن هیچ پشکێکی وەبەر نەکەوت و لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش کرا و هەر بەشێک لە کوردستان بەرەوڕووی لایف ستایلێکی نوێ و گرفتێکی سیاسی تایبەت بە خۆی بوو و چارەنووسی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان گرێ درا بە سیستمی سیاسی زاڵ بەسەر وڵاتەکەیدا.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نەخوازراو و بە بێئیرادەی تاک و کۆمەڵگای کوردی، بوو بە بەشێک لە جوغرافیای سیاسی ئێران و چارنووسی گرێ درا بە سیستمە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار لە ئێرانێکی دەستکرد، سەرەڕای ئەو دابەشکارییانە و سیستمی کۆلۆنیالیستی داگیرکەر، کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەدواداچوون و خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری نەتەوەیی سڵی نەکرد و هەر بەردەوام بووە.

لەو سەردەمەدا بەپێی ئەوەیکە باسمان کرد، کۆمەڵگای کوردەواری بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشداری کۆمەڵایەتییان هەبوو و ئەویش هەڵقوڵاوی دەردی هاوبەش و داخوازی هاوبەش بووە، بەڵام هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ئەو هەستەیان نەبووە کە دەتوانن چارەنووسی خۆیان، بۆ خۆیان دیاری بکەن و خۆیان بە بەشدار لە هاوکێشە سیاسییەکان ببینن؛ لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتە نگریسەکانی داگیرکەران و بەڕێوەبردنی ئاسمیلاسیون و لەنێوبردنی شوناس هەوڵێکی دژە ئینسانی و بەردەوام بووە و هەیە، لە پێناو لەنێوبردنی ئیرادەی کورد و چەسپاندن و لەڕاستیدا سەپاندنی ئەو بیرۆکەیە کە تاکی کورد ناتوانێت بۆ خۆی دیاری بکات کە چۆن ژیان بکات.

لەم ئاڵۆزییەدا لە کۆمەڵگای کوردی و سەرلێشێوای و کردەوەکانی داگیرکەر، حیزبێک سەرهەڵدەدات کە دەبێتە هیوایەک بۆ کۆمەڵگای کوردی و بەربەستێک لە بەرامبەر داگیرکەر.

کەسایەتییە ڕوناکبیر و خۆشناو و نیشتمانپەروەرەکانی کورد، بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لەڕاستیدا شۆڕشێک لە بزووتنەوە پێک دێنن.

هەر وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکرا لەسەر گرنگی حیزب لە بەشداری کۆمەڵایەتی لەپێناو سەرخستن و پێشکەوتن، حیزبی دێموکرات شێوازی خەباتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بنەمای نەتەوەیی ـ دێموکراتیک بە تەواوەتی گۆڕی و کورد توانی بۆ یەکەم جار بە شێوەی سازمانی و ڕێکخراو بە واتا مودێرنەکەی و بە بەشداری هەموو چین و توێژەکان، لە بەرامبەر داگیرکەر ڕاوەستێت و هەوڵ بدات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی.

لە باسەکەدا ئاماژە بە بەشداری کۆمەڵایەتی و کاریگەری حیزب و بارودۆخی ناوچەکە و کوردستان کرا، بەڵام خاڵی بنەڕەتی لێرەدا کە ئاماژەی پێدەکرێت و لە سەرەکیترین کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکراتە لە تێفکرینی تاک و کۆمەڵگای کوردی و خەباتی ڕزگاریخوازی، باوەڕمەندکردنی کوردە و پێکهێنانی عەقڵیەتی دیاریکردنی چارەنووسە لەلایەن تاک و کۆمەڵگا کە لە سەرەکیترین خاڵەکانی پاڵنەری بەشداری کۆمەڵایەتییە.

حیزبی دێموکرات کە توانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سازمان بدات و بە ڕێکخستنی بکات، لە ڕاستیدا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای بەرەو ئەو ئاراستەیە برد کە خاون ئیرادەی گشتی بن و خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، هەر بۆیە پاش دامەزرانی حیزبی دێموکرات، کورد هەتا ئێستاش لەسەر مافەکانی خۆی و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی پێداگرە و داگیرکەریش چیدی وەکوو سەردەمی فیئۆدالی لە کوردستان نەیتوانیوە بزوتنەوەی کورد سەرکوت بکات.

لەڕاستیدا حیزبی دێموکرات خەڵکی بەشدار کرد و توانی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان پڕ بکاتەوە و هاوبەشی کۆمەڵایەتی پێک بێنێت، کە لە مێژووی خەباتی خۆی زۆر خاڵی وەرچەرخانی هەیە و بۆ هەموو کەسێک ڕوون و ئاشکرایە و پێویست بە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕە زێڕینانە ناکات.

لێرەدا تەنیا ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئێستایشی لەگەڵدا بێت، ئەم حیزبە پاش ٧٥ ساڵ خەبات هەر بەردەوامە و هیچ سیاسەتێکی دژەئینسانی لە لایەن داگیرکەرەوە نەیتوانیوە پێش بە سازماندەیی و ڕێکخستن و چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات بگرێت، ڕەنگە لە چەند بڕگەی جیاوازی مێژوویيدا بەربەست و لەمپەڕەکان توانیبێتیان لە خێرایی بەرەوپێشچوونەکانی حیزب کەم بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانیوە پێش بە چالاکییەکانی بگرن، لە لایەکی دیکەشەوە حیزبی دێموکرات هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی کوردی لە خۆیدا قەتیس نەکردووە و هیچ کات نەیویستووە کە خاوندارییەتی لە هەموو بەشەکانی شۆڕشی کورد بکات، بەڵکوو بەردەوام کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی ئامادە کردووە و دەتوانین بڵێین لە هەوڵی نەهادینە کردنی دێموکراسیدایە و تێدەکۆشێت خەڵک هان بدات بۆ بڕیاردان لەسەر ژیانی خۆی و دیاریکردنی چارەنووسی، کە ئێستا پاش ٧٥ ساڵ خەبات بۆمان دەردەکەوێت کە ئیرادەی گشتی و دیاریکردنی چارەنووس بووەتە کولتورێک لە کۆمەڵگا و باری دەروونی تاکەکان لەبار بووە بۆ هەزینەدان و هەوڵدان لە پێناو سەرخستنی کۆمەڵگا و ئەمڕۆکە دەبینین هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە بزووتنەوەی کورد بەپێی توانای خۆیان بەشدارن و چاوەڕوانی حیزبێک نین کە گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات و دەبینین زۆر هەڵوێست، مانگرتن، خۆپیشاندان و... لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرهەڵدەدات کە حیزب دەستی لە ڕێکخستنیدا نەبووە و خۆڕسکانە بەشداری دەکەن، کە ئاکامی هەوڵ و تێکوشانی حیزبی دێموکراتە لە گشتگیرکردنی بەشداری کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەشدارکردنی خەڵک لە هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا.

# حیزبی دێموکرات وەک سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی

ئاگری ئیسماعیلنژاد

ئەمڕۆ حیزبی دێموکرات، ڕێبەرییەکەی تاراوگەنشینە و زیاتر لە دوو لەسەر سێی تەمەنی ٧٥ ساڵەی ئەم حیزبە، لە خەباتی نهێنی و تاراوگەنشینیی ڕێبەرییەکەیدا تێپەڕ کردووە. ئەوە دەتوانێ مانای ئەوە بێت کە حیزبی دێموکرات لە پانتایی خەباتی ئاشکرادا شکستی نیزامیی لە دوژمنەکەی خواردووە. لێرەدا پرسیارێک ساز دەبێت، دەی ڕێکخراوەیەک کە حزووری ئاشکرای لێ ئەستێندراوەتەوە چۆن دەتوانێ لە ٧٥ ساڵەی خۆیدا باسی هیوا بەداهاتوو بکات و تەنانەت وەک ڕێکخراوەی پێشەنگیش ناوی خۆی بێنێ؟

٧٥ ساڵ خەبات، یەکەم مانای ئەوەیە کە لانیکەمی ٥ بەرە لە خەباتی نەتەوەیەک لە خۆ دەگرێت. گرینگی ئەو باسە بۆ پرسی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، لە ئێستادا لە شەقامی سیاسیی کوردستان، ڕێکخراوە مانای ئەوەیە کە «ناوەندێک بتوانێ هێز، توانا و باوەڕی مرۆڤەکان لە یەک کۆبکاتەوە و ئەو هێز و باوەڕ و توانایە تەکووز بکات و ڕایەڵەیان لەنێو سازبکات و ڕێکیان بخات» توانایی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئیرادەی گەل لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیەکدا مانای هەرە گەورەی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوەیە سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتییە، چون ناوەندێکی جێگای باوەڕی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە و ڕوونە ڕێکخراوەی ئاوا دەتوانێ، ڕۆڵی سەرەکی لە چارەنووسی نەتەوەکەشدا بگێڕێ، چون لە قۆناغگەلی مێژووییدا دەکرێت ئەو ئیرادەیە بکرێتە بنەمای وزەی دیاریکردنی چارەنووس و ئاراستەکردنی ڕووداوەکان بە دڵخوازی نەتەوەی کورد بگۆڕێ. زۆر جار و لە زۆر شوێن لە شارەزایانی سیاسییەوە، هەتا خەڵکی ڕەشایی سەرشەقام کاتێک کە ڕێچارەیەکی بەپەلە بۆ قەیرانێکی قووڵ باس دەکەن بە ئاسانی و بە باوەڕەوە دەڵێن: «دەبێت یەک بگرین»! و لە قۆناغی جیاوازی خەباتی کوردستانیش زۆر جار دروشمی «یەکگرتن ڕەمزی سەرکەوتنە» وەک دروشمی خەباتی کوردستان ناسراوە. ئەوەی لێرەدا ڕۆڵی گرینگ دەدا بە ڕێکخراوەیەکی وەک حیزبی دێموکرات، توانایی کۆکردنەوەی بەرەی ئێستا و یەکخستن و سازکردنی ڕایەڵە لەنیوان ئەو بەرەیەدا و گرێدانی بە بەرە و بەرەکانی ڕابردوودایە؛ لە واقیعدا ڕێکخراوە دیوی کردەکی دروشمی یەکگرتنە و هەر ئەوەش وای کردووە بوونی ڕێکخراوە لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا گرینگ بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٧٥ ساڵەی خۆیدا دوو توانایی و یەک تایبەتمەندی هەیە:

یەکەم: جێگای متمانەی بەرەی ئێستای نەتەوەی کوردە و دەیان و سەدان لاو بە توانایی جۆراوجۆر و لە ڕەنگاڵەیەکی فکریدا لە دەوری کۆبوونەتەوە.

دووهەم: خەباتی بەرەکانی پێشتری لەگەڵ بەرەی ئێستا لێکگرێ داوەتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو تواناییانە یەک تایبەتمەندی گرینگیشی هەیە ؛تایبەتمەندییەکە بریتییە لەوەی «هەتا ڕادەیەکی زۆر سنووری وردە فەرهەنگەکانی نێو کوردستانی بڕیوە و توانایی ئەوەی هەیە کوردێکی موکریانی، هەورامی، ئەردەڵانی، کرمانجی، یارسان، سوننی، شیعە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە». ئەو دوو تواناییە و ئەو تایبەتمەندییە وا دەکات کە حیزبی دێموکرات لە فۆرمی ڕێکخراوەیی بترازێ و بگاتە پێگەی سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی لە خەباتی نەتەوەی کوردستاندا.

ئەوەی حیزبی دێموکرات سەرمایەی کۆمەڵایەتی بێت، بەمانای ئەوەیە کە دەرفەتی بەستێنی خەبات بۆ سەرکەوتن زیاد دەکات؛ بەڵام مەرجی تەواو نییە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو دەرفەتە بکاتە دەسکەوتیش؛ ڕوونە لە قۆناغی دواتردا هەڵسووکەوتی ڕێکخراوەیی دیاری دەکات کە ئایا ئەو حیزبە سەرمایەی کۆمەڵایەتی خۆی بەفیڕۆ دەدات یان بۆ سەرکەوتنی خەبات کەڵکی لێوەردەگرێت؟ لە ئێستادا حیزبی دێموکرات یەکێک لە گەورەترین سەرمایەکانی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ڕوونە کە دەبێت ئەو سەرمایە لەلایەن ئەندامان و خەباتگێڕانی کوردستانەوە بپارێزرێ و ئاراستەی هەڵسووکەوت و ڕایەڵەسازی بەپێی پاراستن و پەرەپێدانی ئەو سەرمایە و لەخزمەت بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بێت. کۆتاقسە ئەوەیە کە چ هەڵەی نێو ڕێکخراوەیی وابکات کە ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییە بەفیڕۆ بدرێت و چ دەستی دەرەکی هەوڵی لەنێوبردنی ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییە بدات هەر دوو کردەوە یەک مانایان هەیە، ئەوەیش ئەوەیە کە ڕێگای خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات سەختتر و پڕتێچووتر دەکات.

# پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی و پێگەی لاوازی تاران



محەممەد سلێمانی

هێشتا موورەکەبی ژێرنووسی ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و ئیمارات کە لە ڕۆژانی ڕابردودا واژۆ کراوە، بەتەواوی وشك نەبوویەوە کە هەریەك لە وڵاتانی ئێران و تورکیە و بەدوای ئەوانیشدا حەماس، ئیدانە و دژایەتی خۆیان لە سەر ئاستی بەرزدا ڕاگەیاند و بە یەکگەیشتنی ئەو دوو وڵاتەیان بە مەترسی لە سەر سەقامگیری و هێمنایەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە قەڵەم دا و بە زیانی پرسی سیاسی و نەتەوەیی فەلەستینیان ناو برد.

بێگومان ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە، تاران یەکێك لە گرینگترین هاوبەشە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانی لەسەر ئاستی ناوچەییدا لە دەست دا و نیگەرانی هەنگاوەکانی داهاتوو دەکەن و بەو جۆرە بڕوات هێژمۆنی ئاخوندەکان لە سەر ئاستی ناوچەییدا بەرەو لاوازی زیاتر دەچێت.

پێکهاتەی فەلسەفەی سیاسی و مەزهەبی دەسەڵاتی تاران ئەوەیە کە بە دژی هەرجۆرە هەنگاوێکی ئاشتی لە نێوان وڵاتانی ناوچەییدا بوەستێ و لێکنزیکبوونەوە و ڕێککەوتنی لەو چەشنە لە بەرژەوەندی ڕێژیمی دژی ئازادی و دژە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی وڵاتێکی وەك ئێراندا نییە، بەڵکوو پێشبینییەکان ئەوەیە کە تاران زیاتر هەوسار بکرێت.

ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان وڵاتانی عەرەبی لە گەڵ ئیسرائیل کە دەتوانێ هێمنی و ئارامی بۆ ناوچە بگەڕێنێتەوە، جگە لە تاران، بە سەرچاوەی سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی خۆیانی دەزانن و ئەگەر تاران لێبگەڕێ کێشە ناوچەییەکان زۆر بەسانایی چارەسەر دەکرێن.

هاوکاری و پەیوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل بەر لە هەر شتێك بە سوودی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتانەیە و بێگومان بە هاوبەشی شوێنی بەرچاویان لەسەر ڕووداوەکانی داهاتووی ناوچە و کێشەی تێلئاڤیب و فەلەستینییەکانیش دەبێ.

لە بەرامبەر هەڵوێستی دوژمنکارانەی تاراندا، یەکیەتی ئۆرووپا و ئەمریکا و زۆرینەی وڵاتانی ناوچەکە بەو بۆنەوەیەوە خۆشحاڵی و پیرۆزبایی خۆیان گەیاندە حکوومەت و گەلانی ئەو دوو وڵاتە و ئەو ڕێککەوتنەیان بە هەنگاوێکی سیاسی و مێژوویی گەورە زانی و لەلای خۆیانەوە بە سەرەتای دەسپێکی قۆناغێکی نوێیان لە پێناوی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاشتی و سەقامگیری هەرێمایەتیدا وەسف کرد بەچەشنێک کە لەو بڕوایەدان کە ڕێککەوتنی لەو چەشنە دەتوانێت بە سوودی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی بێت و بە ڕێگای هاوپەیمانی نوێدا ئەو هەرێمە ستراتیژییە لە ژێر نفوز و کاریگەری ڕووخێنەری ئێراندا ڕزگار بکرێ.

کاتێك هەواڵی ڕێککەوتنی ئیسرائیل و ئیمارات و ئاساییبوونەوەی پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە بڵاو کرایەوە، دەسەڵاتی تاران بێ سێ و دوولێکردن دژایەتی خۆی دەربڕی و بە قەولی خۆیان نیگەرانی داهاتووی سیاسی کێشەی فەلەستینییەکانیان هێنایە گۆڕێ!

ئەوەی تارانی بەتەواوی سەخڵەت و تەنگەتاو کردووە لە دۆخی ئەمڕۆدا، پەرەگرتنی پەیوەندی وڵاتانی عەرەبییە لەگەڵ تێلئاڤیبدا و بەو جۆرە ئێران هاوبەشە ستراتیژی و مێژووییە ناوچەییەکانی بەرەبەرە لەدەست دەدا و بەتەواوی دەکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆی گەمارۆ سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانی هاوپەیمان و هاوبەشە مێژووییەکانی ئەمریکا.

ڕێژیمی ئاخوندی بەوجۆرە باسی ڕێککەوتنەکە دەکات و دەڵێت: «تاران بەتەواوی نیگەرانی داهاتووی سیاسی و ئاسایشی ناوچەکەیە و ئیمارات بەو کارەی زیانی بە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی فەلەستین و ئاسایشی وڵاتان بەگشتی گەیاندووە». حکوومەتی ئیمارات بەپێچەوانەی تاران دەڕوانێتە هەنگاوە سیاسی و پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و پێیوایە، بە ڕێگای ئاشتی و سیاسەتی هێور و بە هاوبەشی دەتوانن پرسە نەتەوەیی و ناوچەییەکان چارەسەر بکەن و چارەسەری قەیرانەکان بە ئاڵۆزی و ژاوە ژاوی سیاسی و هەراوهوریای دیپلۆماسی و چاولێك سوورکردنەوە ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت.

پەیامی ئەو ڕێککەوتنە سیاسییە کە بەتەواوی بە دژی ئێرانە و تاران لە نێوەڕۆکی ئەو هەنگاوە تێگەیشتووە کە مەبەستی وڵاتانی عەرەبی زۆرینەیان ئەوەیە کە بە ئێران بڵێن خۆی لە خاوەندارییەتی کێشەی فەلەستینییەکان بە دوور بگرێ و ئەگەر ڕێژیمی ئاخوندەکان لێ بگەڕێ، دەمێك بوو ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بەیەك گەیشتبوون.

تاران لە تەریککەوتنەوەی زیاتری خۆی دەترسێ و ئەمریکا و ئۆرووپاش سەبارەت بە ڕێژیمی تاران لە سەر زۆر خاڵی جەوهەریدا، هەڵوێستیان پێك دەچێ و ئەو وڵاتە بە سەرچاوەی ژاوەژاوی سیاسی و سەربازی لە سەر ئاستی ناوچەیی دەزانن و هەوڵەکانیان بەو ئاڕاستەیەدا چڕتر کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە سەر سنوورە ئاوی و وشکانییەکانەوە گوشاری زیاتر لە سەر ئێران دروست بکەن و دەرفەتی چالاکییەکانی بە ڕێگای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لێ بگرن.

بەهێزتربوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل سەبارەت بە تاران و هەڕەشە هاوبەشەکانیان، بێگومان نیشانەری ئاڵوگۆڕی خێرای ئیدارەی ترامپە و پێش بە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئەو وڵاتە، پێدەچێت چەند هەنگاوێکی جیددیتر لەهەمبەر ئێراندا بنێ و جڵەوی زیاتر بکات.

هەڵوێستە سیاسی و مێژووییەکانی ڕێژیمی دژی گەلی و ستەمکاری ئێران بەپێچەوانەی ئاشتی و سەقامگیری ناوچە بووە و بێگومان ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە دەسەڵاتی تاران نەك هەر ئاسوودە و ئارام ناکات، بەڵکوو بەتەواوی نیگەران و هەراسانی کردوون و لەوەی دەترسن کە ئەو ڕێککەوتنەی دۆستایەتییە زیاتر پەل بهاوێژی و هێندێك وڵاتی تریش، هەروەك پێشبینی دەکرێت لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاشت ببنەوە و ڕێگای دۆستایەتی و هاوکاری هەڵبژێرن و دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ ئەو وڵاتەوە کە بە دژبەرێکی سەرسەختی تاران ناسراوە و بەهێزبوونی هاوپەیمانی ئیسرائیل ڕاستەوخۆ شوێنی لەسەر لاوازتر بوونی پێگە و نفوزی دەسەڵاتی ئاخوندی و هابەشەکانی دەبێت.

زۆربەی وڵاتانی خاوەن پێگە و نفووزی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە سەر ئاستی نێونەتەوەییدا بۆچوونیان ئەوەیە کە وەختێك ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتەواوی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە ئارامی و سەقامگیری بە خۆیەوە دەبینێت کە تاران دەرفەتی ئەوەی نەدرێتێ کە وەك ساڵانی ڕابردوو لەو ناوچەیەدا پەرە بە جمووجۆڵە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی بدات و ئەو ناوە بخاتە ژێر هێژمۆنی خۆیەوە. چوونکە بەهێزبوونی ڕێژیمی ستەمکاری ئێران مەترسییەکی جیددییە لە سەر گەشەکردنی دێمۆکراسی و ئاشتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بەو هەڵوێستەی ڕیسواییەکی تری لە مێژووی حوکمڕانی خۆیدا تۆمار کرد و لە ژێر هەر پاساوێکدا دژایەتی دۆستایەتی ئیمارات و ئیسرائیل بکات، جگە لە لاوازبوونی پێگەی سیاسی، ناتوانێت هەڵوێستی ئەو وڵاتانە لە بەرامبەر تاراندا بگۆڕێ و، وڵاتانی عەرەبیش ئەوەندەی ترسیان لە بە هێزبوونی ئێران لە سەر ئاستی ناوچەییدا هەیە، بەو ڕادەیە ترسیان لە بەهێزبوونی ئیسرائیل نەبووە و بەڵکوو بە حەز و تاسەوە لەگەڵیدا ڕێک دەکەون.

هەر وڵاتێك مافی سیاسی و یاسایی خۆیەتی کە لە پێناوی ئاسایشی نەتەوەیی و گەشەکردن و بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ کام وڵات کە پێی خۆش بێ، بەردی بناخەی هاوکاری و دۆستایەتی دادەنێت. حکومەتی ئەبووزەبی بەو کارەی زیاتر خزمەتی بە ئاسایشی ناوچە و وڵاتەکەی گەیاندووە و ئەگەر سەیری ئەو وڵات و لایەنانەی هاوپەیمان و دۆستی تارانن، بکەین ئەو کات هەست بە جیاوازییەکی زۆر گەورە دەکەین. دۆستەکانی حکوومەتی ئاخوندی جگە لە وێرانە و کاولکاری و بەسەریەکدا ڕوخاندنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی، دەسکەوتێکی تریان نەبووە و بگرە بوونەتە هۆی نائارامی و بێ ئۆقرەیی گەلەکەیان و بەپێچەوانەوە هاوبەش و هاوپەیمانەکانی ئیسرئیل و ئەمریکا لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئاسوودەیی و ئاشتیدا دەژین.

ئەوانەی لەسەر ئاستی ناوچەکەدا دژی ئەو ڕێککەوتنەن، وڵاتانێکن کە خۆیان بە هەموو شێوەیەك دژی ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد کار دەکەن و لە هەر کوێیەك مەسەلەی گەلی کورد وەك پرسێکی نیشتیمانی گەشە بکات و بکەوێتە سەر مێزی وتووێژی ئاشتی وڵاتانی بڕیاربەدەستی گێتی، بە خێرایی دێنە جواب و هەراسانیی خۆیان دەردەبڕن و پیلانی بە دژ دادەڕێژن و بە مەترسی لە سەر ئاسایشی خۆیانی دەزانن.

تەقینەوەکەی بەیروت پێتەختی وڵاتی لوبنان کە ماڵوێرانییەکی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا و بە دەیان کەس بوونە قوربانی و بە هەزاران بریندار و بێ ماڵ و پەنا ماونەتەوە، یەکێکی ترە لە خێرو بێرە بێ سنوورەکانی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بۆ خەڵکی لوبنانە کە بە هۆی حیزبووڵڵای ئەو وڵاتەوە بۆیانی نارد.

ڕووداوێکی لەو چەشنە بێگومان بۆ هەر تاکێکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی ڕێگای ئازادی و ئاشتی لە نێوان گەلاندا، ڕووداوێکی بەژان و جێگای داخ بوو و کردەوەیەکی لەو چەشنە تەنیا دەسەڵاتی تارانی پێ سەرمەست و دڵخۆش بووە. ئەوانەی بوونەتە قوربانی ئەو تەقینەوەیە، بە دڵنیایەوە هێزەکانی سەر بە حیزبووڵڵا و چەقووکێشە تیرۆریستەکانی سەر بە تاران نەبوون، بەڵکوو بەتەنیا خەڵکی هەژار و بێ دەرەتانی ئەو وڵاتەن کە ڕابردوویەکی بەژان و پڕ لە دژوارییان تێپەڕ کردووە لە کاتی کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەیاندا.

ڕووداوی بەیروت ناکرێ شتێکی لەناکاو و هەرلەخۆیەوە ڕووی دابێت و ئەو شوێنەی تەقینەوەکەی تێدا ڕووی داوە، گومان دەکرێ حیزبووڵڵای لوبنان وەک کۆگای چەکی مەترسیدار سوودی لێ بینیبێ و زیانەکانی پاش ئەو ڕووداوە، سەلماندیان کە بە کۆگای یارییە ئاگرینەکان ئەو وێرانەیە دروست نابێت؛ بەشێك لە ناوەندی هەواڵگرییەکانیش لەو بڕوایەدان کە پێدەچێت حیزبووڵڵای هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی وەك هێزێکی چەکداری میلیشیایی سەر بە تاران لە ئێرانەوە یارمەتی درابێت بۆ ئەوەی ڕاکێت و مووشەکی زیانهێنەر بەرهەم بێنێ و بە دژی ئیسرائیل لە ئەگەری بەریەککەوتنی تاران و تێلئاڤیبدا بیانگرێتە ئیسرائیل تا ئامانجەکانیان بە باشی بپێکن.

ئەگەر سەرنج بخەینە سەر ئەو وڵاتانەی بە ڕێگای هێزێکی چەکدار یان گروپێکی تیرۆریستی پەیوەندی سیاسی و هەواڵگریان لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی ئێراندا هەیە، جگە لەو کاولکارییە، ناکرێ چاوەڕوانی ڕووداوێك بکەن کە ئاسوودەیی و ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ گەلەکەی بە دیاری بێنێ. دۆست و هاوپەیمانەکانی تاران جگە لەو چەشنە چارەنووسەی سووریە و بەیروت، شتێکی تریان نییە تاکوو بەدەستی بێنن. دەمێکە شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران دەستی پێکردووە و تاران بە ڕێگای هاوپەیمانەکانی وەك حیزبووڵڵا و هاوشێوەکانی ئەو گروپە، شەڕی خۆی بە دژی نەیارەکانی ڕاگەیاندووە بەڵام خۆی لە کەلێنەوە سەیری ڕووداوەکان دەکات کە تا دێ زیاتر تاران دەخاتە تەنگانێی زیاترەوە.

**پێکهاتەی فەلسەفەی سیاسی و مەزهەبی دەسەڵاتی تاران ئەوەیە کە بە دژی هەرجۆرە هەنگاوێکی ئاشتی لە نێوان وڵاتانی ناوچەییدا بوەستێ و لێکنزیکبوونەوە و ڕێککەوتنی لەو چەشنە لە بەرژەوەندی ڕێژیمی دژی ئازادی و دژە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی وڵاتێکی وەک ئێراندا نییە، بەڵکوو پێشبینییەکان ئەوەیە کە تاران زیاتر هەوسار بکرێت**

**تەقینەوەکەی بەیروت پێتەختی وڵاتی لوبنان کە ماڵوێرانییەکی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا و بە دەیان کەس بوونە قوربانی و بە هەزاران بریندار و بێ ماڵ و پەنا ماونەتەوە، یەکێکی ترە لە خێرو بێرە بێ سنوورەکانی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بۆ خەڵکی لوبنانە کە بە هۆی حیزبووڵڵای ئەو وڵاتەوە بۆیانی نارد**

# ئازادیی ڕادەربڕین

نووسەر: پیتێر جۆنس

کوردییەکەی: ساماڵ ئەحمەدی



ئازادیی ڕادەربڕین یەکێک لە پەڕراوترین بنەماکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمی نوێیە. سێ هۆ کە بۆ هێنانە گۆڕی ئازادیی ڕادەبڕین زۆر وەپیش دەخرێن بریتین لەوەی کە ئازادیی ڕادەبڕێن: ١) بنەمای سەرەکیی گەڕان بەدوای ڕاستیدایە؛ ٢) یەکێکە لە توخمە بنچینەییەکانی دێموکراسی و، ٣) یەکێکە لەو ئازادییانەی کە لە دیدی بەڕێزی و بەختەوەریی مرۆڤەوە چۆنایەتییەکی دیاریکەری هەیە.

ئەوانەی بەرگری لە ئازادیی ڕادەبڕین دەکەن هەردەم ئەو خاڵە وەبیر دێننەوە کە ڕێگەدان بە پشکنینی وتە و نووسراوە لەلایەن حکوومەتەکانەوە مەترسیدارە. سەرباری ئەوەش، بەگشتی هاوڕاییەک لەسەر ئەوە هەیە کە ڕادەربڕینیش دەبێ سنووری خۆی هەبێت. زۆربەی ئەو مشتومڕەی کە ئێستا دەربارەی ڕادەبڕین دەکرێت لەسەر ئەو سنوورەیە. کەسانێک سرنجیان خستووەتە سەر ئەو پرسەی کە هەر خۆی «ڕادەربڕین» چییە و، خەڵکی دیکەش لەوەی ورد دەبنەوە کە بڵێی «ڕادەربڕین» چ خەسار و زیانگەلێکی لێ بکەوێتەوە.

لە باسوخواسی ئەم بابەتەدا واتایەکی باوی کە لە وشەی «ڕادەربڕین» هەڵدەوێنجرێت لەبەرانبەر تۆڕەی وشەکەدا لەلایەکەوە داوێنێکی بەرینی هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە داوێنەکەی بەرتەسکترە. لەلایەکەوە هەم وتە و هەم نووسراو وەخۆی دەگرێت و لەوانەیە دەربڕینی بەدەر لە گوتن وەکوو وێنە و هێما و جوولەش بگرێتەوە و، لەلایەکی دیکەشەوە، بەشێک لە شێوەکانی دەربڕین دەکەونە دەرەوەی کەوشەنی ڕێپێدراو، وەکوو سوێندی بەدرۆ و وەرگرتنی باجی دەمچەوتی کە سەرباری ئەوەی لەوانەشدا ڕادەبڕین لەکار هاتووە، بەڵام قانوون ڕێیان پێ نادات.

ئەو بەشەی «ئازادی» کە لێرەدا مەبەستە، ئازادیی «قانوونی»یە، واتە نەبوونی بەربەستی قانوونی بۆ ڕادەبڕین؛ بەڵام بەشەکانی دیکەی ئازادییش لەوانەیە بێنە نێو باسەکەوە، وەکوو ئازادی لەهەمبەر گوشارە کۆمەڵایەتییەکان، یان هەڕەشە ئابوورییەکاندا.

بابەتی ئازادیی «ڕادەربڕین» لەوانەیە لە بواری سیاسەتی بڵاوکراوەکانی زانستگەدا بۆ بڵاوکردنەوە، یان بڵاونەکردنەوەی بەشێک لە وتارەکان، یان سیاسەتی کتێبخانەکان سەبارەت بە کڕین، یان نەکڕینی بەشێک لە کتێبەکان و بڵاوکراوەکانیش بێتە ئاراوە. هەروەها ئەو بابەتەش لە گۆڕێیە کە ئاخۆ خەڵک بەڕاستی دەرفەتی ئەوەیان پێ دەدرێت بۆچوون و بیرکردنەوەی خۆیان دەربارەی نایەکسانییە ئابوورییەکان لە ڕێی ڕاگەیاندنە دەوڵەتییەکانەوە، یان لە باسە سیاسییەکاندا دەرببڕن، یان نا.

ئازادیی ڕادەبڕین بە جۆرە «ماف»ێک دادەنرێت، هەربۆیە پێگەیەکی ئەخلاقی و سیاسیی بژاردەی هەیە و یەکێکە لە توخمە پەڕراو و پێوانەکانی بەشی مافەکانی نەتەوە لە دەستوور (قانوونی بنەڕەتی) و جاڕنامەکانی مافی مرۆڤدا. وەکوو باوە مافی ڕادەبڕین بە هی ئەو کەسانە دادەنرێت کە دەخوازن شتێک بێژن، یان بنووسن، بەڵام لەوانەیە بۆ کەسانێکیش داوای ئەو مافە بکرێت کە دەخوازن شتێک ببیستن، یان بخوێننەوە، جا گرینگایەتیی ئەم مافەش لە هی ڕادەبڕین کەمتر نییە. شیکاران جاری وایە هەوڵ دەدەن بە شرۆڤە و شیتەڵکردنی چەمکەکانی «ئازادی» و «ڕادەربڕین» واتای ئازادیی ڕادەبڕین دیاری بکەن؛ بەڵام لە دیدی فەلسەفییەوە واتای ماف لە پاساودان و سەلماندنەکەی هاوێر ناکرێت. ئێمە کاتێک دەتوانین دیاریی بکەین کە مافی ئازادیی ڕادەبڕین کام بەشانەی ڕادەبڕین بگرێتەوە و چ جۆرە ئازادیگەلێک مسۆگەر بکات و دەبێ چ پێگەیەک بە پێگەی ئازادی دابنرێت، کە بزانین ئازادی بۆچی گرینگە.

گوتمان سێ هۆ بۆ هێنانە گۆڕی ئازادیی ڕادەبڕین زۆر وەپیش دەخرێن:

### ١. گەڕان بەدوای ڕاستیدا:

ئازادیی ڕادەربڕینیان زیاتر بە کەرەستەیەکی دۆزینەوەی ڕاستی داناوە و بەرگرییان لێ کردووە. گوتوویانە ئەگەر مەبەست پێشڤەچوونی درک و تێگەیشتن و زانین بێت، ئەوە خەڵک دەبێ لە ڕادەبڕین و باس و ڕەخنەگرتن سەبارەت بە بیروڕاکان و زانیارییەکان ئازاد بن، چونکە ڕاستی تەنیا لە گۆڕەپانی ئازاد و ئاشکرای گۆڕینەوە و دانوستانی بیروڕادا دەرفەتی ئەوپەڕی خۆدەرخستنی بۆ دەڕەخسێت. لەوانەیە بڵێین پاش ئاشکرابوونی ڕاستی ئیدی ئازادیی ڕادەبڕین کەڵکی نامێنێت و دەبێ وەلا بنرێت، بەڵام بەهەڵەداچوون لە باوەڕەکانماندا هەمیشە یەکێک لە ئەوەیکە بەرگریکەران باوەڕیان وایە کە ئازادیی ڕادەبڕین بەڕاستی یارمەتیی پێشکەوتنی تێگەیشتن و ڕاستی دەدات بەڵام کەسانێکیش هەن کە پێیان وایە ئەم باوەڕە لەڕادەبەدەر خۆشبینانەیە و بەگومانن لەوەیکە خەڵکی ئاسایی لەڕاستیدا بتوانن ڕاستی لە ناڕاستی هەڵاوێرن و پێشگوتنی ناهۆشپەسند لە هۆکارهێنانەوەی ژیربێژانە جودا بکەنەوە. بەڵام لە هەڵسەنگاندنی ئەم ڕەخنەیەدا دەبێ دەرووی جێگرەوە لەبەرچاو بگرین. پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئاخۆ ڕاستی هەمیشە لە ئەنجامی وێککەوتنی باوەڕەکان و بۆچوونەکان وەدیار دەکەوێت، بگرە دەمانەوێت بزانین سانسۆری حکوومەت زیاتر سوودی پێ دەگەیەنێت، یان وتووێژی ئازاد و بەبێ وەتەنگهێنان.

سێیەم ئەوەیکە بەشێک لە شێوەکانی ڕادەبڕین، وەکوو جۆرەکانی هونەر، سەروکاریان لەگەڵ ڕاستی نییە و لەبەر ئەمە، وەکوو کەرەستەی گەڕان بەدوای ڕاستیدا لە بەستێنی ئەو بەرگریکەرانەدا ناگونجێت؛ بەڵام سەرباری ئەوەش، لایەنی لە باوەڕ و خواستەکانی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هایدار بن بۆ ئەوەی هەم دژبەران دەرفەتی خۆنواندیان بۆ بڕەخسێت و هەمیش ڕێ لە وەرگرتنی کەڵکی ئاوەژوو لە حکوومەت بگیرێت. تەنانەت پێویستە بگوترێت کە بەرگریکردن لە ئازادیی ڕادەبڕین وەکوو کەرەستەیەکی ڕێگری لە وەرگرتنی کەڵکی ئاوەژوو لە دەسەڵات شیاوی گشتگیرییە بەسەر بانتر لە سنوورەکانی حکوومەتی دێموکراتیکیشدا. جاری وایە بیر لەوە دەکرێتەوە کە دێموکراسی بۆ ئازادیی ڕادەبڕین پەناگەیەکی پارێزراو نییە. وای دابنێین کە زۆرینە بخوازێت دەنگی کەمینە کپ بکات. ئاخۆ دێموکراسی ڕێی ئەوەی پێ دراوە کە ئازادیی ڕادەبڕین لە کەمینە زەوت بکات؟ وەڵامەکە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە باسی چ جۆرە ڕادەربڕینێک لەگۆڕێیە. چونکە لە دێموکراسیدا هەموو خەڵک دەبێ مافی سیاسیی یەکسانیان هەبێت، دێموکراسی ناتوانێت پاساو بۆ ئەوە بێنێتەوە کە زۆرینە مافی دێموکراتیکی بەشێک لە تاکەکانی خەڵک، وایە شکۆ و کەسایەتیی تاکەکەسێک جێی تێڕامانە. دەگوترێت ئەگەر پێش لە کەسانێک بگیرێت بۆ ئەوەی نەتوانن ڕاوبۆچوونی خۆیان بە دیتران ڕابگەیەنن، ئەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر ئەو شکۆ و پێگەیەی کە مافی ئەو کەسانەیە. هەروەها ئەگەر ڕێی ئەوەیان لێ بگیرێت کە زانیارییان پێ بگات و ئەنجامی سەربەخۆ لە ڕای خەڵکی تر هەڵوێنجن، ئەوەش لەگەڵ کەسایەتی و شکۆی ئەوان یەک ناگرێتەوە. جاری وایە لەجیاتی «مافی» ڕادەبڕین پێداگری لەسەر «چاکی»ی ڕادەبڕین دەکرێت. ئیدیعای ئەوە کراوە کە پێوەندیی ئازاد لە نێوان مرۆڤەکاندا بنەمای پەروەردە و گەشە و کردەکیبوونی توانایی مرۆڤە. ئازادیی ڕادەبڕین یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی وایە کە دامەزراوەکانی و باوەڕەکانی و بایەخەکانی دەرفەتێک بۆ تاک دەڕەخسێنن کە خۆی ژیانی خۆی ڕێک بخات و دەست بۆ هەڵبژاردنی هۆشپەسندانە بەرێت و لە بەرزترین واتای مرۆڤانەشدا بەختەوەری

دیاریکردنی هێڵی سنووری ئازادیی ڕادەربڕین بەکردەوە کارێکی دژوارە و، پێویست نییە سنووره ئەخلاقییەکانی ڕادەربڕین لەگەڵ سنووره قانوونییەکانی بەقەدەر یەک بن، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێ لە کەڵکوەگرتنی ئاوەژوو لە دەسەڵات بگیرێت، دەبێ مافی قانوونیی ڕادەربڕین لە مافە ئەخلاقییەکەی بەرینتر بێت

هۆیەکانی بەرگریکردن لە ئازادیی ڕادەبڕین بووە.

لەوانەیە بیر بکەینەوە کە ڕێ لە سەرهەڵدانی بیرێکی ناڕاست و درۆینە دەگرین، کەچی مێژوو نیشانی داوە کە زۆرجار بەهەڵە ڕاستی بە ناڕاستی دانراوە و ناڕاستی جێی ڕاستیی گرتووەتەوە. بێجگە لەوە، هەروەکوو جۆن ستیوارت میل هۆکاری بۆ هێناوەتەوە، تەنانەت ئەگەر باوەڕێک ڕاستیش بێت هەتاکوو ئەوکاتە دەتوانین باوەڕی پێ بکەین کە بتوانێت لە کاتی دەهەڵمەتگرتناندا (خستنە چاڵنجەوە) بە سەربڵندی دەرباز بێت و، تەنانەت ئەگەر باوەڕێکی ڕاستیش لە دەهەڵمەتگرتن دوور بخرێتەوە، دەبێتە بیروشکییەکی دۆگماتیکی مردوو.

ئەمە بەرگرییەکی بەهێزە، بەڵام ڕێی چەند ڕەخنەیەکی تێ دەچێت. یەکەم ئەوەیکە بەرگریکەران ئازادیی ڕادەبڕینیان تا ئەو جێیە بەلاوە بەهادارە کە بە بەهای ڕاستیی دەزانن. هەڵبەت هەموان ئەوە دەسەلمێنین کە زانین باشترە لە نەزانین و ڕاستی بەپێزترە لە ناڕاستی؛ بەڵام جاری وایە لەوانەیە بەهۆی ڕەچاوکردنی پێداویستیی دیکەی وەکوو ئاسایشی گشتی و دڵنیابوون، زانین و ڕاستی لەگەڵ یەکدی بکەونە ناکۆکییەوە. کەسانێک بەگومانن لەوەیکە دەبێ ڕاستی هەمیشە بەهای زاڵ بێت. دووەمیش چاکەیان تێدا هەیە، وەکوو «داهێنان» کە دەشێ بڵێین جێی ڕاستی دەگرێتەوە و بەرگریکردن لەسەر بنەمای دەرهاویشتە پەسندەکانی دۆزینەوەی ڕاستی، ئەویش لە خۆیەوە دەپێچێت.

### ٢. دێموکراسی:

هزری بنچینەیی لە دێموکراسیدا حکوومەتی خەڵکە بەسەر خەڵکدا، ئەم بابەتەش بەدی نایەت ئەگەر خەڵک نەتوانن بۆچوونی خۆیان بۆ یەکدی بخەنە ڕوو. بڕیاردان بە شێوەی دێموکراتیک هەم پێویستی بە باس و مشتومڕ هەیە و هەمیش بە دەنگدان؛ بەرتەسککردنەوەی ڕەوتی ڕاوێژ و پێکەوەدووان، تایبەتمەندییە دێموکراتیکەکەیشی بە هەمان ڕێژە بەرتەسک دەکاتەوە. بێجگە لەمە، دێموکراسی دەخوازێت کە هیچ کەسێک بێجگە لە خودی خەڵک ڕێی پێ نەدرێت ئازادیی باس و وتووێژی نێوان خەڵک سنووردار بکات. دێموکراسی لەوپەڕی خۆیدا بەو واتایە دێت کە هەرکەسێک شوێنکەوتەی بڕیارەکانی دێموکراسییە مافی ئەوەی هەیە لە ڕەوتە پێوەندیدارەکانیدا بەشدار بێت، کەواتە دەبێ مافی یەکسانی ئازادیی ڕادەربڕینی پێ ببڕێت. دێموکراسیی سەردەمی نوێ لە ڕێی نوێنەرانی خەڵکەوە، واتا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، لەکار دەکرێت. بەگوێرەی ئەم بابەتە، ئازادیی ڕادەبڕین لەو لایەنەشەوە گرینگە کە دەسەڵاتداران لەوانە مافی دێموکراتیکی ئازادیی ڕادەبڕین سنووردار، یان زەوت بکات. بەڵام ڕادەبڕینی شیاوی بەرگریکردن بە پشتبەستن بە دێموکراسی لەو جۆرە ڕادەبڕینەدا سنووردار دەکرێت کە لە دیدی هاوبەشی لە پرۆسەی دێموکراسیدا بە بنەما دادەنرێت و ئەمە هەموو جۆرە ڕادەربڕینێک ناگرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت بەرگری لە مافی زانستمەندان بۆ بەگومانبوون لە بۆچوونی نەریتیی هاوکارەکانیان بکەین، بە پشتبەستن بە پێداویستییە لەپێشینەکانی هاوبەشیی دێموکراتیک ناتوانین بە شێلگیرانەترین شێوە بەرگری لەو مافە بکەین، چونکە بە ئاسانی و بەبێ ئەزموون ناکرێ بڵێین چ جۆرە ڕادەربڕینێک پێوەندی بە پرۆسەی دێموکراسییەوە پەیدا دەکات، یان نایکات.

### ٣. ئازادیی تاکەکەسی:

ئازادیی ڕادەبڕین زۆر جار وەکوو یەکێک لە پایەکانی ئازادیی تاکەکەسی دەنرخێندرێت، نەک هەروەکوو یەکێک لە کەرەستەکانی گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان، یان یەکێک لەو دامەزراوانەی کە بە دیاریکراوی بە سیاسی دادەندرێن. جاری بۆ خۆی دەستەبەر بکات. لەم سەردەمی حازرییەدا تەوەرەی مشتومڕ دەربارەی ئازادیی ڕادەبڕین سنوورەکەیەتی؛ باسی سنوورەکەیشی دوو شت دەگرێتەوە: یەکیان ئەو پانتاییەی ڕادەبڕین دەیگرێتەوە و، دووەمیان ئەو خەسارانەی لەوانەیە لە ڕادەبڕین بکەونەوە. ئەوەی بەلای بەشێک لە خەڵکەوە ڕادەبڕینە و دەخوازن پارێزگاری لێ بکرێت، بەلای کەسانێکی دیکەوە بە هیچ واتایەکی باوەڕپێکراو بە ڕادەبڕین دانانرێت. بۆ نموونە، ئەوانەی ویستوویانە نمایشتی وێنەگەلی پۆرنۆگرافی لە چوارچێوەی ئازادیی ڕادەبڕیندا بگونجێنن ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنەیە بوونەتەوە کە ئەو کارە نە نێوەڕۆکێکی پێوەندیدەری هەیە و نە بە هیچ واتایەکی هۆشپەسندانەش بە ڕادەبڕین هەژمار دەکرێت. بێجگە لەمەش، بەشێک لەو شتانەی کە لەوانەیە بە شێوەی باو لەنێو خەڵکدا بە ڕادەبڕین دابندرێن ڕەنگە ئەو مەرجانەیان تێدا دەست نەکەوێت کە بەناوی ڕادەبڕین لەلایەن قانوونەوە پشتگیرییان لێ دەکرێت. یەکێک لەو نموونانەی کە ئەم چەمکە وەڕاست دەگێڕێت ڕیکلامی بازرگانییە. لە بەرانبەریشدا، کۆمەڵێک کردەوە و جوولەی وەکوو سووتاندنی ئاڵا، یان دووڕین و چەسپاندنی کۆمەڵێک ئارم و نیشان بە جلوبەرگەوە، هەرچەندە وەکوو باوە لە واتاکانی ڕادەربڕین هەژمار ناکرێن، بەڵام لەوانەیە بەهۆی تایبەتمەندییە پێوەندیدەرانەکەیانەوە لە پرەنسیپی ئازادیی ڕادەبڕیندا جێ بگرن. کەواتە سەلماندنی ئازادیی ڕادەبڕین لەو دیدەوە کە دەبێ چ شتێک بە ڕادەبڕین دابنرێت کۆمەڵێک دەرهاویشتەی هەیە کە تاکوو ڕادەیەک سنووری ئازادی دیاری دەکەن. دووەم، ڕادەبڕین لەبەر ئەوەیکە زۆر جار زیانبارە و خەسارەتی لێ دەکەوێتەوە، سنووری بۆ دادەنرێت. جاری وایە دەڵێن ڕادەبڕین لەبەر ئەوەی دەربڕینە و کردەوە نییە، کەواتە ناتوانێت زیانبار بێت و خەسارەتی لێ بکەوێتەوە بەڵام ئەم ئیدیعایە بەڕوونی دیارە کە ڕاست نییە. ئابڕووبردن، زیان بە ئابڕووی تاکەکان دەگەیەنێت و ئەو زیانەش دەبێتە هۆیەک بۆ ئەوەی ڕادەربڕینێکی تۆمەت و بوختانی تێدا بێت ڕێی پێ نەدرێت، هەڵبەت بەو مەرجەی کە ئەوەی گوتراوە نە ڕاست بێت و نە بۆچوونێکی دادپەروەرانەش بێت. ڕادەربڕینێک کە سنووری تایبەتی تاکەکانیش ببەزێنێت هەر ڕێی لێ دەگیرێت ئەگەر بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی گشتیی تێدا بەستە نەبێت. لێرەدا تەنانەت «ڕاستی»ش بە پاساوێکی پەسند دانانرێت، چونکە کۆمەڵێک کاروبار هەن کە لە بنەڕەتەوە هەموو خەڵک مافی ئەوەیان نییە سەری لێ دەر بکەن. چەوتوێژی و پۆرنۆگرافی و هاندانی توندوتیژی و وتەی وا کە ڕق هەستێنێت، بەتایبەت ڕق و قینی ڕەگەزی و نەتەوەیی، لەبەر ئەوەی کە دەڵێن خەساریان لێ دەکەوێتەوە، پتر بە ناقانوونی لەقەڵەم دەدرێن. باسی زیانباریی ڕادەبڕین لەسەر چوار تەوەر دەسووڕێتەوە. یەکیان ئەو بابەتە ئەزموونییەیە کە فڵانە شێوەدەربڕینەی وا ئیدیعا دەکرێت زیانبارە، ئاخۆ لە ڕاستیدا خەسارەتی لێ دەکەوێتەوە، یان نا؟ دووەمیان ئەوەیکە ئاخۆ ئەو زیانەی ئیدیعا کراوە لە ڕاستیدا زیانە، یان نا؟ ئاخۆ ئەو وتارەی کە خەڵک هان دەدات فڵانە ڕێژیمی سیاسی بڕووخێنن، یان فڵانە قانوونی تایبەت هەڵوەشێننەوە، بە وتەکانی خۆی زیانێکی گەیاندووە؟ وەڵامەکەی ئێمە بە ئاشکرا پێوەندیی بە هەڵسەنگاندنی ئەو ڕێژیمە، یان ئەو قانوونە لەلایەن خۆمانەوە هەیە. سێیەمیان، با وای دانێین کە دەیسەلمێنین فڵانە بابەت خەساری لێ دەکەوێتەوە، ئاخۆ ئەو خەسارە بۆ سنووردارکردنی ئازادیی ڕادەبڕین کیفایەتە؟ ئاخۆ کەسێک کە هەر لەبەر ئەوەی بە وتەکانی خۆی هەستی بەشێک لە خەڵک دەڕەنجێنێت، مافی ئەوەمان هەیە نەهێڵین قسە بکات؟ بەگوێرەی پرەنسیپی ئازادیی ڕادەبڕین دەبێ خەسارەتەکە زۆر زۆر بێت تا مافێکی وا بە خۆمان ڕەوا ببینین. چوارەمیان، بابەتی وا دێتە پێشەوە کە لەوانەیە بەبێ ئەوەی مەبەستمان سنووردارکردنی ئازادیی ڕادەبڕین بێت، وای بەباش بزانین کە جاری ڕادەی سەرێتییەکەی (ئەولەویەتەکەی) کەم بکەینەوە.

دیاریکردنی هێڵی سنووری ئازادیی ڕادەبڕین بەکردەوە کارێکی دژوارە و، پێویست نییە سنووره ئەخلاقییەکانی ڕادەبڕین لەگەڵ سنووره قانوونییەکانی بەقەدەر یەک بن، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێ لە کەڵکوەگرتنی ئاوەژوو لە دەسەڵات بگیرێت، دەبێ مافی قانوونیی ڕادەبڕین لە مافە ئەخلاقییەکەی بەرینتر بێت. لەوانەیە بەگوێرەی ئەخلاق، دەربڕینی کۆمەڵێک بابەت ڕێپێدراو نەبن، بەڵام بەپێی قانوون شیاوی ئەوە بن کە مۆڵەتی دەربڕینیان پێ بدرێت.

---

١- پیتر جۆنس، مامۆستای فەلسەفەی سیاسی لە زانستگەی نیوکاسڵی ئینگلستان.

٢- سەرچاوەی ئەم وتارە: کتێبی (فلسفه و جامعه و سیاست، مجموعه مقاله، گزیده و نوشته و ترجمه عزت‌الله فولادوند، چاپ اول پاییز ١٣٨٧، تهران، نشر ماهی.)

# دەوڵەتی گەندەڵ



**شەماڵ تەرغیبی**

بەپێی ڕۆژژمێری کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژانی ۲ تا ۸ی خەرمانان بریتییە لە حەوتووی دەوڵەت کە وەک خۆیان باسی دەکەن تێیدا ڕێز لە زەحمەت و تێکۆشانی ئۆرگان و دامودەزگاکانی سەر بە هێزی جێبەجێکار دەگیرێ و لە هەمان کاتیشدا کەسانی خەمخۆر و دڵسۆزی ئەم نیهادە ڕێزیان لێ دەگیرێ. بەڵام وەک زۆرێک لە کارناسانی بەپێچەوانەی ئەم کەتوارەیە بەچەشنێک کە نەتەنیا هەوڵ بۆ گەشەکردنی ئەم کەرتە نەدراوە و هیچ هەوڵێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیار بۆ دیتنی شوێنە گەشتیارییەکانی ئێران نەدراوە بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەوڵەکان لەو ڕاستایەدا چڕ کراونەتەوە کە کەمترین خەڵک لە وڵاتانی دیکەوە سەردانی ئێران بکەن کە ڕەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو دیدە ئەمنیەتییە بێت کە تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی بڕوای پێی هەیە و هیچ ئەویترێکی بۆ قەبوول ناکری. بەپێی دوایین ئاماری فەرمیش کە و نادرێت بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەموو تواناییەکانی خراونەتە گەڕ بۆ کاولکردن و لەنێوبردنی سامانە سرووشتییەکانی ئێران! ڕێکخراوی دارستانەکانی ڕێژیمی ئێران، ڕۆژی پێنجشەممە ۱۳ی خەرمانان، ڕایگەیاند: نزیکەی ۳۰ میلیۆن هێکتار لە زەوینەکانی ئێران خەریکە دەبێتە بیابان.

بیابان بە ناوچەگەلێکی خاوەن هەرێمێکی وشک و زۆر وشک دەڵێن کە ڕێژەی نێونجیی بارینی باران لە ساڵێکدا کەمتر لە ٥٠ میلیمیترە و ڕێژەی گژوگیای سەنعەتەکانی ئەمڕۆی جیهان بۆ داهاتی دەوڵەتان و تێیدا وڵاتگەلێکی وەک تورکیە و ڤییەتنام زۆر سەرکەوتوو بوون، کەرتێکی تر کە دەوڵەتەکان ئەرکدارن کاری بۆ بکەن و پلانی وردیان بۆی هەبێ تاکوو خەڵکی ئەو وڵاتە کەڵکی لێوەربگرن و بە یەکێک لە پێشمەرجەکانی پێشکەوتنی وڵاتێک دەناسرێ کەرتی ڕێگەوبان و ڕاگواستنە کە هەم کاریگەری لەسەر کەرتی ئابووریی وڵات هەیە و هەمیش دەبێتە مایەی ئاسانکاری و ئاسایشی هاووڵاتییان. بەڵام لە ئێراندا بەهۆی

**ڕێکخراوی دارستانەکانی ڕێژیمی ئێران ڕایگەیاندووە ئێران، ۱.۲ لەسەدی وشکانییەکانی جیهان، ۲.٤ لەسەدی دیاردە بیابانییە بێ گژوگیاکان و ۳ لەسەدی ناوچە بیابانییەکانی جیهان لەخۆوە دەگرێت.بە گشتی ٦۱ لەسەدی پانتایی ئێران لە هەرێمێکی وشک و زۆر وشکدایە کە ۳.۱ قات زیاتر لە ئاستی جیهانییە**

کاروباری ئێران و چاودێرانی سیاسی باسی دەکەن و خەڵکانی ئێرانیش بە ئێسک و پێستەوە هەستی پێدەکەن دیاریکردنی حەوتوویەک بەو ناوە تەنیا ڕیاکاری و چەواشەکارییەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و هیچی تر. بۆ سەلماندنی ئەم وتەیەش ئەوەندە بەسە کە ئاوڕێک لە کاروکردار و دەسکەوتەکانی ئەم دەوڵەتانە بدرێتەوە کە لە ماوەی ٤۱ سالی ڕابردوودا لە ئێران لەسەر کار بوون. بۆیە لێرەدا ئاماژە بە چەند دەسکەوتی گرینگی دەوڵەتی بەناو «تەدبیر و ئومید»ی حەسەن ڕوحانی دەکەین:

یەکێک لە ئەرکەکانی دەوڵەت بریتییە لە پلاندانان بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەموو یان لانیزۆری پۆتانسییەلەکانی بەردەست لەمەڕ گەشەکردنی وڵات؛ یەکێک لەو لە سەر زاری عەلی ئەسغەر مونێسان وەزیری گەشتیاری ڕێژیم بڵاو کراوەتەوە ڕێژەی گەشتیارانی بیانی لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ۹۸ زیاتر لە دوو میلیۆن بووە کە هەمان بڕ گەزەمەنییەدا لە ساڵی ۹۹ ئەم ڕێژەیە گەیشتووتە ۷٤ کەس!

سەرەکیترین هۆکارەکانی ئەم دۆخەش لەلایەن کارناسانی ئەم بوارە بەم شێوەیە پۆلێن کراون: نەبوونی فڕینی ڕاستەوخۆ بۆ ئێران، دۆخی نەشیاوی ڕێکلام و پروپاگەندا بۆ شوێنە گەشتیارییەکان، نەبوونی هەوڵێکی تۆکمە بۆ وەدەستخستنی بازاڕ، ڕەچاونەکردنی ستانداردەکان بۆ شوێنی حەوانەوەی گەشتیاران و ناوەندە گەشتیارییەکان، بوونی یاساگەلی ئایدیۆلۆژیکی چەند ساڵەی کەمتر لە ۱۰ لەسەد بێت. دەوترێت کە لەنێوان زەوینە بیابانییەکاندا، کەویرەکان ۱۷.۹ لەسەد و زەوینە بێ گژوگیاکان ٥۳.۳ لەسەدن.

ڕێکخراوی دارستانەکانی ڕێژیمی ئێران ڕایگەیاندووە ئێران، ۱.۲ لەسەدی وشکانییەکانی جیهان، ۲.٤ لەسەدی دیاردە بیابانییە بێ گژوگیاکان و ۳ لەسەدی ناوچە بیابانییەکانی جیهان لەخۆوە دەگرێت.بە گشتی ٦۱ لەسەدی پانتایی ئێران لە هەرێمێکی وشک و زۆر وشکدایە کە ۳.۱ قات زیاتر لە ئاستی جیهانییە.

بڕینی دارستانەکان، ئاگرکەوتنەوە و ئاگرتێبەردانی ژینگە، گۆڕینی بەکارهێنانی زەوینەکان لە دارستانەوە بۆ زەوینی کشتوکاڵی، پڕۆژەکانی نەبوونی پلانی ورد و ئەمڕۆییانە و ئامادەنەبوون بۆ کەڵکوەرگرتن لە داتا و زانستەکانی سەردەم لەم پێوەندییەدا و هەروەها خستنە ئیختیاری هەموو پۆتانسییەڵەکان لە بەردەم سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی تری ڕێژیم دەبینین کە ڕێگەوبانەکانی ئێران چ هەوایی، چ زەوینی و چ دەریایی لەوپەڕی خراپی خۆیاندان و کەم ڕۆژ هەیە کە هەواڵ و ڕاپۆرت لە پێوەندی لەگەڵ مردن و برینداربوون و کەمئەندامبوونی هاووڵاتییان بەهۆی خراپی ڕێگاوبانەکان بڵاو نەکرێتەوە.

مەسەلەی سەرنجڕاکێشیش ئەوەیە کە نەتەنیا بەرپرسانی پێوەندیدار نەتەنیا ئامادە نین کە دان بە کەتوار و ڕاستییەکاندا بنێن بەڵکوو هەموو

**مەسەلەی سەرنجڕاکێشیش ئەوەیە کە نەتەنیا بەرپرسانی پێوەندیدار نەتەنیا ئامادە نین کە دان بە کەتوار و ڕاستییەکاندا بنێن بەڵکوو هەموو هەوڵی خۆیان خستۆتە گەڕ تاکوو بە چەواشەکردنی ڕاستییەکان باری قورسی بەرپرسایەتییەکان بخەنە ئەستۆی خەڵکانی تر**

پۆتانسییەڵانە هەمان سەنعەتی توریزم یان گەشتیارییە کە وەک شارەزایانی ئەم بوارە دەڵێن ئێران خاوەن پێگەیەکی تایبەتە لەم بوارەدا و ئەگەر بەشێوەیەکی مۆدێرن و ئەمڕۆییانە کاری بۆ بکرێت دەتوانێ بەشێکی زۆری گرفت و کێشە ئابوورییەکانی خەڵک چارەسەر بکات و ببێتە سەرچاوەیەکی گرینگی داهات بۆ هەموو خەڵکی نیشتەجێ لەو جوغرافیایە کە بە ئێران دەناسرێتەوە. بەڵام ئەوەیکە لە کرداردا دەبینرێ ڕێکاوڕێک کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ حیجاب و ڕواڵەتی گەشتیارەکان، نەبوونی هێزی مرۆیی شارەزا، دەستێوەردانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە کاروباری کەرتی گەشتیاری، نەبوونی پلان و پلاندارێژی، کەڵکوەرنەگرتن لە تێکنۆلۆژی نوێی جیهانی و دەیان هۆکاری تر کە لێرەدا دەرەتانی باسکردنیان نییە.

هەر لەم ڕاستایەشدایە کە دەبینین نەتەنیا هەوڵ بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات نەدراوە ڕێگاوبان و کارخانە لێدان و هتد لەو هۆکارانەن کە خێرایی پێکهاتنی بیابان لە ناوچەیەکدا دەباتە سەرەوە و لە هەمان کاتیشدا ئەوە ئەرکی دەوڵەتە کە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بنەڕەتییە بدات کە هەنووکە بە قەیران ناوزەد دەکرێ بەڵام ئەوەیکە دیارە و دەبینرێ نەک چارەسەرکردن نییە بەڵکوو زیاتر پەرەدان بەم قەیرانەیە لەلایەنی دەوڵەتەوە.

جیا لە مەسەلەی گەشتیاری کە وەک باس کرا یەکێکە لە سەرەکیترین هەوڵی خۆیان خستۆتە گەڕ تاکوو بە چەواشەکردنی ڕاستییەکان باری قورسی بەرپرسایەتییەکان بخەنە ئەستۆی خەڵکانی تر. بۆ نموونە حەسەن ڕوحانی وەک سەرۆکی ئەو دەوڵەتەی کە ئێستە لەسەر کارە سەبارەت بە ناتوانایی دەوڵەتەکەی لەمەڕ نۆژەنکردنەوەی ڕێگەوبانەکان وتوویەتی هۆکاری ئەم مەسەلە نەبردنەسەری بەڵێنەکان لەلایەن ترامپەوەیە!!!

## وێـــــستگە

# من لە ئازارەکانی سۆشیاڵ میدیا ناترسم



**نووسین: هێـمۆ**

- سڵاو
- چۆنی؟
- ئەحواڵت؟
- ئەوە بۆ وڵام نادەیتەوە؟
- بۆ لە سەر خەتی قسەم لەگەڵ ناکەی؟
- ناوت چییە؟
- تەمەنت چەندە؟
- ئەو پۆستەت چەندە خەمناکە، بۆ حاڵت باش نییە؟
- لەسەر کۆمەڵگا مەنووسە با سووك نەبی

ئەمانە تەنیا بەشێک لەو تراژێدیایەن کە ڕۆژانە ژنان لە سۆشیالمیدیادا لەگەڵی بەرەوڕوو دەبنەوە. ئەمانە ئازارگەلێکن کە تا ژن نەبیت و بە هەموو هەستی خۆتەوە نەیچێژی هەستی پێ ناکەی کە چەندە بەئازارە.

ڕۆژانە بە سەدان و هەزاران نامەی لەم چەشنە و بە ناوەڕۆکی وەک ئەمانەوە بەرەوڕووی ژنانی کۆمەڵگای ئێمە دەبێتەوە و بێتاقەتیان دەکات، نامەگەلێک کە زۆرجار هیچ چەشنە سنوورێکی ئەخلاقی و مرۆییشیان تێدا بەدی ناکرێت. بەڵام، ئەمانە کێن؟ هۆکاری ئەم هەموو ئازارە شاراوەیە چییە؟ تاوانبار کێیە؟ بەپێی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی، بەکارهێنانی کەرەستەکانی پێوەندی بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ئاسایی خەڵک و بەو پێیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و پێویستی بە پێوەندیگرتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە سەر پرس و بابەتەکانی ژیانی خۆی هەیە، لابردنی ئەم بەشە لە ژیان بۆشاییەکی گەورە دەخاتە نێو ژیانی تاکەکانەوە کەوایە باس کردن لە لابردنی تێکنۆلۆژی و کەڵکوەرنەگرتن لە ئامێر و کەرەستەکانی پێوەندیگرتن، لە ڕاستیدا نەلوایە و جێبەجێ نابێت. ئازارەکانی نێو دنیای سوشیالمیدیا لەڕاستیدا دەچنە ڕیزی ئەو توندوتیژییانەوە کە بەرانبەر بە تاک ئەنجام دەدرێن هەر بۆیە ئەوانیش بەش بە حاڵی خۆیان کاریگەریی نەرێنی لە سەر ڕۆحیە و کەسایەتیی تاک و بەتایبەت ژنان دادەنێن. ڕەنگە بەشێکی گەورە لەم کێشەیە بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پەروەردەی درووست و نزمبوونی ئاستی تێگەیشتنی خەڵک لەم جۆرە کەرەستانە بەڵام زۆرجار زۆرکەس ئاگاهانە و تەنیا بەمەبەستی دامرکاندنی هەست و حەزی دەروونی خۆیان، ئەم جۆرە ئازاردانە بەرانبەر بە ژنانی چالاکی سوشیالمیدیا بە مافی ڕەوای خۆیان دەزانن. زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە ئازارانە بەرانبەر بە ژنان ئەنجام دەدەن، بە هیچ شێوازێک ئیزن بە ژنەکانی بنەماڵەی خۆیان نادەن کە لە سوشیالمیدیادا چالاک بن. لەڕاستیدا ئەمە بۆ ئەو نەبوونی متمانەیە دەگەڕێتەوە کە خودی ئەو کەسانە لەناویان بردووە. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا سوشیالمیدیا ئەتوانێ ببێتە باشترین کەرەستە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەڵام بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا تاکوو ئێستا و لە سەدەی ۲۱ەمیشدا هێشتا خەڵک نازانن کە دەبێ چۆن کەڵک لەم کەرەستەیە وەربگرن، هەر بۆیە زۆرجار دەبینین کە بەهۆی بەکارهێنانی خراپی سوشیالمیدیا یان کەڵکئاوەژووی هەندێ مرۆڤی هەلپەرەست و نەفس نزم پێوەندییەکانی نێو سوشیالمیدیا دەبنە هۆکاری قەتڵی ناموسی و کوشتن کە ئەمە لەبەرچاوترین توندوتیژییە سەرچاوەگرتووەکان لە بەکارهێنانی خراپی سوشیالمیدیایە.

بەڵام یەکێک لە گرینگترین کێشەکان کە لە سوشیالمیدیادا هەیە، ئەو کەڵکوەرگرتنەیە کە دەچێتە خانەی بەرگری لە ئیدئۆلۆژی یان سیاسەتی دەسەڵاتێکی خوێنمژەوە. بۆ نموونە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەنگی حەقبێژیی نەتەوەکانی ئێران، زۆرجار دەستی بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بردووە، بەو مانایە کە بە شەیرکردنی بابەتی نەشیاو و درووستکردنی ئەکاونتی ساختە بە ناوی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەوڵی داوە کە ناویان بزڕێنێ تاکوو باشتر پیلانە گڵاوەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم ڕێگەیەوە زیاتر هەوڵ دەدات تاکوو متمانەی خەڵک نیسبەت بە چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بسڕێتەوە و وا نیشان بدات کە ئەو کەسانە لە ڕەنگی قسە و وتەکانی خۆیان نین تاکوو پیش بە ڕۆشنگەری و ئاگاییبەخشین بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا بگرێت.

یەکێک لە گرینگترین ڕێکارەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم کردەوە قیزەونە، باس کردن لە سەر ئەم بابەتەیە کە زیاتر لە هەرشتێک ڕەنگە بەهۆی تابۆبوونی هەندێ پرس لە کۆمەڵگادا زیاتر بەرەوڕووی ژنانی چالاک ببێتەوە. پێویستە کە بە ئاگایی بەخشین بە خەڵک سەبارەت بەم کێشەیە، ئاستی تێگەیشتنی خەڵک بەرز بکرێتەوە تاکوو هەر ناو و ئەکاونتێکی ساختە نەتوانێ زیان بە کەسایەتی و پێگەی تاکەکانی کۆمەڵگا بگرێت.

لەم برگەیەدا، پشتگیری کردنی ژنان لە یەکتر گرینگترین خاڵە کە دەبێ سەرنجی بدرێتێ، لەقاودانی ئەم جۆرە تاوانانە دەتوانێ لە کەمکردنەوەی ئازارەکان و هەروەها لە بەرەوپێشچوونی ئامانجە گڵاوەکانی دەسەڵاتە خوێنمژەکان و هەروەها کەسانی هەلپەرەستدا کاریگەریی هەبێت.

لەڕاستیدا ژنان دەبێ تابۆی بێدەنگی بشکێنن و لە جیاتی هەڵبژاردنی بژاردەی بێدەنگی لەبەرانبەر ئازارەکانی کۆمەڵگادا، دەبێ دەنگ هەڵبڕن تاکوو بتوانن بە باشترین شێوە بەرەنگاری پرسە گرینگەکانی نێو کۆمەڵگا ببنەوە، بێدەنگی هەڵبژاردن لە بەرانبەر هەندێک تاواندا، لە پەرەپێدانی تاوانەکە کەمتر نییە، کەوایە با چیدیکە لە ئازارەکانی نێو سوشیالمیدیا نەترسێین و هەنگاو بۆ لەقاودانی هەڵبگرین.

# بزووتنەوەی سەوزی ئێمە و بزووتنەوەی سەوزی ئەوان

بیستوون

بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی واتا و پێناسەی زۆری بۆ کراوە؛ لە ڕوانگەی هزرڤانە کلاسیکەکانی وەک مارکس، ڤێبێر و سەن سیمون هەر چەشنە کردەوەیەکی گشتی لە پێناو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە پێکهاتە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، دەبێتە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی.

لەلایەکی دیکەشەوە لە ڕوانگەی مودێرنیتەوە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بریتین لە هاوبەشی، یەکگرتنەوە، باوەڕی هاوبەش و کردەوەی گشتی لە ڕاستای بەکارهێنانی ناڕەزایەتیدا.

کۆمەڵگای مەدەنی ئەو بارودۆخە پێک دێنێت کە بزووتنەوەکان بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکان لەلایەن دەسەڵات و ڕاگرتنی سەرەڕۆیی و پێشێلکارییەکانی دەسەڵات سەرهەڵبدەن و ڕەخنەی خۆیان لە سیستم بگرن و بەڕێوەبەران ناچار بە وەڵامدانەوە بکەن، بە گشتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی سەرهەڵدەدەن کە عەقڵیەت، کەرەستەکان و بارودۆخ لەبار بێت.

لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا، کۆمەڵگای مەدەنی هاوتەریب لەگەڵ دێموکراسی، مودێرنیتە و لیبرالیزم و مافی مرۆڤ گەشەی کردووە و لە پەنای یەکتر پەرەیان بە کۆمەڵگایەکی ئازاد داوە و نەهادینەیان کردووە؛ بەڵام لە ئێران و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا، واتاکان و بارودۆخی کۆمەڵگا و کۆمەڵگای مەدەنی و بزووتنەوەکان زۆر جیاوازن و نەتەنیا ئازادییەکان نەهادینە نەکراون بەڵکوو هەموویان لە لایەن ڕێژیمەوە زەوت کراون و بەپێی پێناسەکان، نە کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران مانای ڕاستی خۆی هەیە و نە بزووتنەوەکان، بەڵام لێرەدا جیاوازییەک هەیە لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان لەگەڵ ئێران و بزووتنەوەکانیان.

کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لە لایەن سیستمێکی کۆڵۆنیالیستەوە داگیر کراوە و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە کورد ئەستێندراوە، لەو کاتەوە کە ئێرانی دەسکرد دروست دەبێت و دەوڵەتی مودێرن لەو جوغرافیایەدا پێک دێت، دەسەڵاتداران هەموو مافێکی ئینسانی و هەرچەشنە ئازادییەکیان لێ زەوت کردووە و بە بەردەوامی بە عەقڵیەتێکی فاشیستی و دژە مرۆڤانەوە هەوڵی دروستکردنی یەک وڵات - یەک نەتەوەیان داوە و ئێستاشی لەگەڵ بێت ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی لەسەرکارە و دەیانهەوێت نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران بسڕنەوە؛ بەڵام خاڵی جێگەی سرنج لەوەدایە کە لە کوردستان سەرەڕای ئەو کردەوە دژەمرۆڤانەی کە دەسەڵاتداران کردوویانە، نەتەنیا کورد نەسڕدراوەتەوە و وەکوو ئەوانی لێنەهاتووە بەڵکوو جیاوازییەکان بە باشی و بە ڕوونی دەرکەوتوون کە نموونەی هەرەگەورە لە جیاوازی نێوان کورد و نەتەوەی باڵادەست، کۆمەڵگای مەدەنی و بزووتنەوەکانییەتی.

نەتەوەی فارس لە کاتی دروستکرانی ئێران و دەسەڵاتداری و دەوڵەت، بە بەردەوامی خۆی دەسەڵات بووە و هەر ڕێژیمێک کە هاتووەتە سەرکار، لەڕاستیدا لە بەرژەوەندیی ئەواندا بووە یان ئەگەر بە هەوڵ و شۆڕشی نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێرانیش بووە، ئەوان دەستیان بەسەریدا گرتووە.

هەر بۆیەش کۆمەڵگای مەدەنی ناوەند بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، هەمیشە گوێڕایەڵ بووە و نموونەی سەرهەڵدانی بزوتنەوە لە نەتەوەی باڵادەست زۆر کەمن و ئەو بەشە کەمیشە هەموو چین و توێژەکانی نەگرتووەتەوە و بە شێوەی پچڕ پچڕ و بێئاکام بووە.

دەسەڵاتداری، بەستراوەیی ئیدئۆلۆژیکی، بەرژەوەندی باڵادەستی و کۆلۆنیالیستی و عەقڵیەتی فاشیستی وای کردووە کە کۆمەڵگای مەدەنی ناوەند ناکارامە بێت و تەنانەت ئەگەر دژایەتییەکیش هەبێت بە دانانی هێڵی سوور ڕاگیراوە.

لەو بزووتنەوەگەلەی کە لە ئێران سەریان هەڵداوە و ناوەند پێکهێنەریان بووە، لەم ساڵانەی دوایی نموونەی هەرە بەرچاویان بزوتنەوەی پاش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێرانە کە بە بزووتنەوەی سەوز ناودێر کرا و بە ڕێبەری دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و وەکوو خۆیان باسی لێدەکەن بۆ ئیسلاح کردنی دەسەڵات بوو کە نە ئامانجی ئیسلاح کردن بوو و نە توانی سەرکوتوو بێت بەڵکوو تەنیا گەمەیەکی سیاسی بوو کە لە لایەن ژووری فیکری ڕێژیمەوە داڕێژرابوو بۆ درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان و لە نێوانەیشدا بەشێک لە خەڵکیان کردە قوربانی و سواری سۆز و سۆزدارییەکانی خەڵک بوون و بە ئامانجی خۆیان خەڵکیان هەڵسووڕاند.

بزووتنەوەی سەوزی ڕێژیم کە لەناکاو سەری هەڵدا و کورتخایەن بوو، لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی پەسیڤ و ناچالاکی فارسی ئێرانییەوە، هەوڵ درا کە وەکوو بزووتنەوەیەکی جەماوەری پیشان بدرێت و چییەتی و شوناسێکی ئازادیخوازانە و بەناو ڕوخێنەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەبێت، بەڵام ڕێبەری ئەو بزووتنەوەیە دوو کەسایەتی بوون کە خۆیان لە گەورەترین دەسەڵاتدارنی ستەمکاری ڕێژیم بوون و بە بەردەوامی بە کۆمەڵگای خۆیانیان ڕادەگیاند کە نیزام و هێڵە سوورەکانی بۆ ئەوان نەگۆڕن!

لەم نێوانەدا بەشێک لە خەڵکی تینووی ئازادی و دابڕاو لە دەسەڵاتداری خۆیان، تێوەگلان و تەنیا ڕژانی خوێنیان بۆ بە ئاکام مایەوە و لە لایەن ڕێژیمەوە زۆر فێڵبازانە ڕاکێشران و ڕێژیمیش دەستی کرد بە سەرکوت و لەنێوبردن و یەکدەستکردنی ئەو بەشە لە کۆمەڵگا کە بە تەواوەتی لە دژایەتی لەگەڵیدان.

هەر بۆیەش ئەو بزووتنەوە دەسکردە بێ ئاکام مایەوە و ڕێژیمیش کە پیلانداڕێژراو ئەندازیاری کردبوو توانی زۆرترین کەڵکی لێوەرگرێت و زۆر زوو بەرەو نەمانی ببا و هیچ ئاسەوارێکی کردەیی لەو بزووتنەوەیە نەما و تەنیا بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی فارس بە عەقڵیەتێکی وەهمی جاروبارە ناوی لێ دەبەن و لە ئێستەدا تەنیا بووەتە ناوێکی بێناوەڕۆک و هیچی تر.

بزووتنەوەی سەوز تەنیا تایبەت بەو سەردەمە و ئەو چەند مانگە بوو و ئێستایش پاش ١٢ ساڵ تێپەڕین بەسەریدا، هیچ کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکری نابینین کە سەرچاوە لەو بە ناو بزووتنەوەیە وەربگرێت.

لە بەرامبەردا لە کوردستان بزوتنەوەی سەوز بە عەقڵیەتێکی نیشتمانی و مرۆڤتەوەرانە و ژینگەدۆستی هەر بەردەوامە و کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوپەڕی وشیاری نەتەوەیی و بە هەستی ئازادیخوازانەوە درێژە بە بزووتنەوە سەوزەکەی دەدات.

هەر وەک بە ڕوونی دیارە کە داگیرکەر دەسی لە هیچ کردەوەیەکی قیزەوەن بە دژی نەتەوەی کورد بۆ لەنێوبردن و تاڵانکردنی سەرمایەکانی نەپاراستووە و سامانە گشتییەکانی ئەم وڵاتەی لەژێر پۆستاڵی داگیرکەرانەی خۆی تاڵان کردووە و سڵی لێ نەکردووەتەوە، بە ڕوونیش دیارە کە کورد لەو کاتەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەدەستی خۆی نەماوە، بە بەردەوامی لە بەرامبەر هەر چەشنە هێرش و داگیرکارییەک کردەوە و دژکردەوەی تایبەتی نیشان داوە و بەرگری لە خاک و نیشتمانی خۆی کردووە. یەکێک لەو سیاسەتە دژە ئینسانییەکانی داگیرکەر بە تایبەت لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بەردەوام لە کوردستان ئیجرای کردووە، لەنێوبردنی ژینگەی کوردستان و تاڵانکردنی سەرچاوە سروشتییەکان بووە، لە بەرامبەردا کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان بزووتنەوەیەکی دەسپێکردووە بە دژی ئەو سیاسەتە نگریسە کە من وەکوو بزوتنەوەی سەوزی کوردستان ناوی دەبەم.

بزووتنەوەیەک کە هەڵقووڵاوی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی زیندووە و هەردەم زیندوو دەبێتەوە و تا ڕادەیەک گشتگیر بووە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا بەشدارن و سوورن لەسەر درێژەدانی تا بڕینی دەستی داگیرکەر لەسەر سروشتی وڵاتەکەیان.

ڕێژیم لە پێناو لەنێوبردنی سروشتی کوردستان کە لەڕاستیدا لەنێوبردنی ژینگەی کورد و لە ئاکامدا لەنێوچوونی کوردی بەدوادا دێ، جیا لە گواستنەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان بەرەو ناوەند، بە سوتاندنی دارستان و لەوەڕگەکان کە لە کردەوە هەرەگەورەکانی داگیرکەرن لە پێناو سەرخستنی ئەو سیاسەتە دژە ئینسانییە، لە درێژەی ساڵ لە ڕێگەی گۆپاڵبەدەست و کاسەلێسەکانییەوە و سپای تێروریستی پاسداران کە ئەرکدار کراون بۆ سوتاندن، بەردەوام لە چیا و دەشتەکانی کوردستان ئاگری عەقڵیەتی کۆنەپەرەستانە و فاشیستی خۆیان گەش دەکەن؛ بە تایبەت لە وەرزی هاوین ڕۆژ نییە هەواڵی سووتانی دارستان و لەوەڕگەی کوردستان لە سەرانسەری زاگروس بڵاو نەکرێتەوە.

**ڕێژیم لە پێناو لەنێوبردنی سروشتی کوردستان کە لەڕاستیدا لەنێوبردنی ژینگەی کورد و لە ئاکامدا لەنێوچوونی کوردی بەدوادا دێ، جیا لە گواستنەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان بەرەو ناوەند، بە سوتاندنی دارستان و لەوەڕگەکان کە لە کردەوە هەرەگەورەکانی داگیرکەرن لە پێناو سەرخستنی ئەو سیاسەتە دژە ئینسانییە، لە درێژەی ساڵ لە ڕێگەی گۆپاڵبەدەست و کاسەلێسەکانییەوە و سپای تێروریستی پاسداران کە ئەرکدار کراون بۆ سوتاندن، بەردەوام لە چیا و دەشتەکانی کوردستان ئاگری عەقڵیەتی کۆنەپەرەستانە و فاشیستی خۆیان گەش دەکەن**

**لە درێژەی ئەو گیانفیدایانە و بە شەهیدبوونی شەریف باجوەر و ئومیدی کۆنەپۆشی لە ٣ خەرمانانی ١٣٩٨ بزووتنەوەی سەوزی کوردستان بووە سەرمەشق و سەرباشقەیەک بۆ هەر چەشنە سەرهەڵدان و بزووتنەوەیەکی جەماوەری مافخوازانە لە کوردستان و وەرچەرخانێکی نوێی دا بە خەبات و دیسانەوە سەلماندی کە کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان تا چ ڕادەیەک زیندووە و عەقڵیەتی نیشتمانی و ئازادیخوازانەی کورد چەندە بەرز و خۆڕاگرە**



لە بەرامبەردا ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی ئەم وڵاتەوە و پێشەنگەکانی بزووتنەوەی سەوزی کوردستان، شەو و ڕۆژ بە کەمترین کەرەستە و پێداویستی و بە ئیرادەیەکی پۆڵایین و هەستێکی تەژی لە نیشتمانپارێزی، تێدەکۆشن بۆ کوژاندنەوەی ئاگری زاگرۆس و بوونەتە دووکەڵێک بە چاوی داگیرکەر و جەستەی خۆیان لە ئاگردا دەسووتێ هەتا وڵاتیان نەسووتێ. لەم ڕاستایەشدا تا ئێستە کوردستان بە دەیان شەهیدی هەبووە ؛ هەر لە چیا سەرکەشەکانی چوارمەحاڵ و بەختیاری و دێناوە بگرە هەتا ئارارات لە ورمێ، پێشەنگەکانی بزووتنەوەی سەوزی کوردستان بە بێ هیچ ترسێک و پێشمەرگەئاسا خۆیان لە ئاگر دەدەن هەتا تەنانەت ئەگەر توانیبێتیان یەک چڵ گوڵی ئەم نیشتمانە بپارێزن.

لە درێژەی ئەو گیانفیدایانە و بە شەهیدبوونی شەریف باجوەر و ئومیدی کۆنەپۆشی لە ٣ خەرمانانی ١٣٩٨ بزووتنەوەی سەوزی کوردستان بووە سەرمەشق و سەرباشقەیەک بۆ هەر چەشنە سەرهەڵدان و بزووتنەوەیەکی جەماوەری مافخوازانە لە کوردستان و وەرچەرخانێکی نوێی دا بە خەبات و دیسانەوە سەلماندی کە کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان تا چ ڕادەیەک زیندووە و عەقڵیەتی نیشتمانی و ئازادیخوازانەی کورد چەندە بەرز و خۆڕاگرە. ئێستاش پاش ساڵێک لە شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی ژینگە لە مەریوان، خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانییەوە بە چوونەسەر گڵکۆیان و گوڵباران کردنیان، پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەنەوە کە هەموو خەمخۆر و نیشتمانپەروەرێک لەم وڵاتەدا لە سەرتاسەری کوردستان بە هەر شێوازێک کە پێیان کرا یادی ئەو ئازیزانەیان بەرز ڕاگرت. خەڵکی کوردستان لە ساڵوەگەری شەهیدبوونی پێشمەرگانی ژینگە بە ڕاشکاوەیی و سەربەرزانە ڕایانگەیاند کە بزووتنەوەی سەوزی کوردستان هەر زیندووە و تا بڕینی دەستی داگیرکەر بەردەوام دەبین و لە بەرامبەری ئەندێشەی ڕەش و تاریکپەرەستانەی داگیرکەر هەر وەک شەهید شەریف باجوەر وتوویەتی: «ئەندێشەی سەوزمان ڕێبەرە».

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی حەڤدەیەم

## ٤,٧ڕاهێنەری دەرفەتی کار و کارامەبوون

هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بیانهەوێت ڕاهێنەری لەسەر خۆیان بکەن بۆ نموونە، بۆ کارامەبوون یا بۆ ئەوەی بتوانن ئەو دەرفەتانەی بۆیان دێتە پێش لەدەستی نەدەن و ئەو هۆکارانەش لە کەسێکڕا بۆ کەسێکی دیکە جیاوازن. کەسانێک هەن کە ئارەزوو دەکەن کارەکەیان بگۆڕن یان بە هۆکارێکی نەخوازراو کارەکەیان لەدەست دەدەن. هەر بۆیە مرۆڤ بەردەوام لە پرۆسەی ژیاندا پێویستی بە یارمەتی هەیە و زۆر جار لە ڕێگای ڕاهێنەری دەتوانێت باشترین یارمەتی وەرگرێت. کەسانێک هەن کە کارکردن لەگەڵیان زۆر ئاسان و خۆش نییە بەڵام بەپێی بارودۆخەکە تۆ ناچاری لەگەڵیان کار بکەی، هەر بۆیە دەتوانی لە پرۆسەیەکی ڕاهێنەریدا بەشداری بکەی کە چۆن و بە چ شێوەیەک لەگەڵ ئەو کەسانە هەڵسوکەوت بکەی. یان هەن کەسانێک کە چەند جۆر ئیش(پیشە) تاقی دەکەنەوە و هەرجارەو بە شێوەیەک لەگەڵ خاوەن کارەکە کێشەیان بۆ دروست دەبێت، هەر بۆیە ئاساییە ئەو جۆرە کەسانە بەشداری پرۆسەی ڕاهێنەری بکەن بۆ ئەوەی بزانن بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت لەگەڵ خاوەن کارەکەیان بکەن.

## پلاندانان، جێبەجێکردن، تاقیکردنەوە و فێربوون

لە پرۆسەی ڕاهێنەری بۆ کارامەکردن و توانای باشتر ئیشکردندا دوو خاڵی سەرەکی گرینگ هەیە و دەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان لەبەرچاو بگیرێن:

### ١. پلاندانان و جێبەجێکردنی (خستنەکاری) پلانەکە

سەرەتا پێویست بە لێکدانەوە و ئانالیزەکردنی کار یان ئیشی ئیشکەرەکە(کرێکار) هەیە. بۆ وێنە لێکدانەوەی بۆچوونی لایەنەکان)خاوەن کار و ئەوەی ئیشەکە دەکات) لەپێوەندی لەگەڵ لەیەکتێگەیشتن و بەجێگەیاندنی ئیشەکان بەو شێوەیەی کە خاوەنکار خوازیاریەتی. هەروەها دیاریکردنی کەسایەتی یان کاراکتێر (کردەوە و هەڵسوکەوت) و تایبەتمەندییەکان.
بە لەبەر چاوگرتنی ئەو لێکدانەوەیە و کەسایەتی خاوەنکار و ئیشکەرەکە، ڕاهێنەر باشتر دەتوانێ پلانی پرۆسەی ڕاهێنەرییەکە دابڕێژێت. لەوانەشە لە دوای ئەو لێکدانەوەیە بەو ئاکامە بگات کە ئیشکەرەکە باشترە وەدوای کارێکی دیکە بکەوێت و چ کارێکیش زیاتر لەگەڵ کەسایەتی ئەو دێتەوە ئەو کات هەوڵ بدە ڕاهێنەری لەو بەشەدا بکەی.


### ٢. تاقیکردنەوە بە مەبەستی فێربوون و ئەزموون وەرگرتن

لە دوای ئەو لێکدانەوە یان ئانالیزەکردن و پلاندانانە، دەست بەکار دەبێ بۆ بەجێگەیاندن و تاقیکردنەوەی پلانەکە. دەبێ هەردەم ئامادەیی ئەوەت هەبێت کە لەوانەیە لە یەکەم قۆناغدا بەو ئاکامە نەگەی کە مەبەستت بووە و لەوانەشە پێویستیت بە لێکدانەوە و پلانێکی تازەتر هەبێت. یان پێویستیت بە جێگۆڕکێ کردنی ئیشکەرەکە هەبێت. زۆرجار جێگاگۆڕین و چوون بۆ شوێنێکی دیکە لەسەر شێوازی کارکردن و باش بوون لە کارکردندا دەتوانێ کاریگەری هەبێت. لەوانەیە ئەوکات پێویست نەکات ئیشکەرەکە وەدوای کارێکی دیکە و لە شوێنێکی دیکە بکەوێت. لەبەر

ئەوەی کاری تازەش زۆر جار پێویستی بە گۆڕانکارییەکی زۆر لە ژیانی کەسیەتی ئیشکەرەکە چ ڕوو بە ناوخۆ (بنەماڵە) و چ ڕوو بە کۆمەڵگە دەبێت.

## مرۆڤێکی کارامە یا بەتوانا

هەر مرۆڤێک بۆ ئەوەی وەک مرۆڤێکی کارامە و بەتوانا بێت لەسەر کارەکەی، گرنگە ئەو خاڵانەی خوارەوە لەبەر چاو بگرێت. لەوانەیە زۆر خاڵی دیکە هەبن لێرە ئاماژەیان پێ نەکرابێت لە بەر ئەوەی شوێن تا شوێن جیاوازی هەیە و مرۆڤ تا مرۆڤیش پێداویستی و کەموکوڕییەکانی جیاوازن، بەڵام ئەو خاڵانە گشتینە. هەرچەند لەوانەیە وابیر بکەیەوە ئەو خاڵانە زۆر چووکەن یان کەم بایەخن بەڵام ئەوەی بزانە هەرچەند بچووکیش بن کاریگەری ئەرێنیان زۆرە.




ئەگەر وا هەست دەکەی کە زۆر بۆت زەحمەتە و ناتوانی ئەو خاڵانە بپارێزی کەواتە دەتوانی بەشداری پرۆسەی ڕاهێنەری بی و ڕاهێنەرییان لەسەر بکەی.

- لە کاتی کۆڕوکۆبونەوەکاندا بێدەنگی هەڵمەبژێرە بەڵکوو هەوڵ بدە ئەگەر زۆر چالاکیش نەبی لە قسەکردندا کەم تا زۆر ڕاوبۆچوونەکانی خۆت باس بکە.
- هەرکاتێک بیرۆکەیەکت لا دروست بوو لەگەڵ خاوەنکار یان بەڕێوەبەری کارەکەت باسی بکە.
- دوورەپەرێزی یا خۆدوورخستنەوە باش نییە. هەوڵ بدە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بی، نەک ئەوەندە زۆریش کە هاوڕێیەکان یا هاوکارەکانت لەدەستت ماندوو بن.
- خۆت بۆ کۆبوونەوەکان چ لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەت و چ لەگەڵ کەسانی دیکە ئامادە بکە و وەک مرۆڤێکی چالاک بەشداری باسەکان بە. بە نازانم و ناتوانم وڵام مەدەوە، بڵێ کە هەوڵ دەدەی بۆ ئەوەی کارەکە باشتر بێت.
- کارێک بکە تا خاوەنکار یا بەڕێوەبەرەکەت متمانەت پێ بکات.
- هەوڵ بدە بە ڕێکوپێکی کارەکانت بەڕێوە بەریت.
- ئەگەر لە کارێکدا شارەزا نیت، زۆر ئاوەڵایانە و ڕاستگۆیانە داوای ڕێنمایی و یارمەتی بکە.
- شارەزای ڕێسا و یاساکانی کار بە و لە هێندێک شوێن ڕێکارنامەی کاری هەیە و باشە شارەزای ئەوانیش بی.

## ٤,٨ڕاهێنەری ژین یا ژیان

پێناسەی جیاواز بۆ ژیان هەیە هەموو ئەو پێناسانەش لەسەر جیاکردنەوەی بوونەوەری زیندوو لە بوونەوەری مردوویە. یەکێک لە هۆیەکانی کە ئاستەمە و ناتوانین پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ژین یان ژیان بدۆزینەوە ئەوەیە کە ژیان پرۆسەیە نەک ماکێکی (مادە، ئەوەی شتێکی سروشتی لێ دروست بووە) تایبەت. بەڵام مەبەست لە چەمکی ژیان پرۆسەی ژینە لەو کاتەوە کە مرۆڤ لە دایک دەبێت تا کاتی مەرگی (لەدایک بوون – مردن). پرۆسەی

ژیان بە لەدایکبوون دەست پێ دەکات و بە مەرگ کۆتایی دێت، ئەوە یاسای سروشتە و کەس ناتوانێت لێی دەرباز بێت و هیچ کەس و هیچ سیستمێک تاکوو ئێستا نەیتوانیوە دەستکاری ئەو یاسایە بکات.
Aristoteles دەڵێت: ‹‹ژیان و مەرگ وەک یەک وانە.›› کەواتە لە ڕوانگەی فەلسەفی و تێڕوانینی لۆژیکی دەبێ وەک یەک سەیر یا پێشوازی لە هەر دووکیان بکەین. ئەگەرچی ئەوە لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە و دەگەڕێتەوە سەر سیستمی پەروەردە و دابونەریتی ئەو گەلە/ وڵاتە و تێڕوانین، بڕوا و بۆچوونی تاک(مرۆڤ) وەک ڕێبازێکی دینی یان فەلسەفی. هەروەها ئەو ڕەهەندە دیار و نادیارانەی پشت فکری ئایینی بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە ئایین زاڵە بەسەر کلتوور و هزرەکاندا. مەبەستمان ئەوە نییە کە لەو نووسراوەدا باسی ژیان و مەرگ بکەین بەڵام مەبەستمان باس کردن و ڕاهێنانە بۆ هەبوونی ژیانێکی خۆش و باشتر، بۆ بەهێزکردنی جیهانبینیمان یان هەبوونی ڕوانگەیەکی چڕوپڕ و گشتی لەمەڕ دیاردە و ڕووداوەکانی جیهانەوە.
Thomas Leonard کە بە باوکی ڕاهێنەری ژین و ژیان ناسێندراوە دەڵێت: ‹‹ئەوە شێوەی ژیان کردنە کە کەسایەتی ئێمە مرۆڤەکان دەستنیشان دەکات.›› هەر بۆیە زۆر سەرقاڵ و گیرۆدەی پرۆسەی ڕاهێنەری بووە وهەر بۆیەش Thomas بە بناخەدانەری ڕاهێنەری ژین و ژیان دادەنرێ و یەکەمین خوێندنگەی ڕاهێنەری ژین و ژیانی دامەزراند.
بنچینەی پرۆسەی ڕاهێنەری لە سەر کۆی بیروبۆچوونەکانی مرۆڤ(جیهانبینی تاک) وەک چۆنایەتی ڕەوشت یا هەڵسوکەوت، مرۆڤایەتی، هەست و سۆز و دەروونناسی ئەرێنی دامەزراوە. ڕاهێنەری ژین یا ژیان بۆ ئاڵوگۆڕهێنان بەسەر هەموو ڕەوشت، هەست و سۆز و بیرکردنەوە ئەرێنییەکان گرنگی خۆی هەیە. ڕاهێنەری ژین یا ژیان، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت ژیانێکی ئاسوودە و خۆش و پڕ لە ئارامی و بێ دڵەڕاوکەیی هەبێت. کەم هەیە کەسێک، دوو یا چەند کەسایەتی لە ژیانی ڕۆژانەیدا نەبێت. ڕۆڵی مرۆڤ لە ناو پرۆسەی ژیانی کەسی یا شەخسیدا(لە ناو بنەماڵەدا) لە گەڵ ڕۆڵی وی لە




ناو پرۆسەی ژیانی لە دونیای دەرەوەی ژیانی شەخسیدا تێکهەڵکێشی یەکترن و کاریگەری و کاردانەوەیان لە سەر یەکتر هەیە.

بەشداری کردن لە ڕاهێنەری ژین و ژیان بە مەبەستی ئەوەیکە مرۆڤ فێر بێت یا بتوانێت کەشوهەوایەک(ئەتۆمسفۆڕێک) لە ژیانی خۆیدا دروست بکات کە بتوانێت لە ناو ئەو کەشوهەوایەدا لەسەر هەموو ئەو پرسیارە گرینگانەی لە ژیاندا بۆی دێنە پێش بەشێوەیەکی سیستماتیک کار بکات. وەک: من بۆچی دەژیم؟ چۆن بژیم؟ ئامانجەکانم لە ناو پرۆسەی ژیاندا چن؟ چ یارمەتییەک وەرگرم بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانم بگەم؟ کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانم چین؟ چۆن و بە چ شێوەیەک ڕووبەڕووی کێشە و گرفتەکانم ببمەوە؟

### بیروڕا

چ شتێک بیروڕایە؟ بیروڕا پرسێکی قوڵی فەلسەفییە یا هۆشی؟ زۆر لە فەیلەسوف و لێکۆڵینەرەکان سەرقاڵی ئەوەن کە بزانن بیروڕا پرسێکی فەلسەفییە یا هۆشی.
Viktor Frankl (١٩٠٥-١٩٩٧ ) دەروونناسی ئوتریشی پێیوایە کە بیروڕا لەسەر سێ پرسیاری سەرەکی ڕاوەستاوە وەک:
.١ مرۆڤ چ شتێک لە فۆڕمی داهێنان یا وەدیهێنان بەم دونیایە دەبەخشێت یا لەو دونیایەدا دەیکات.
.٢ مرۆڤ لەو دونیایەدا لە ڕێگای کۆڕ و کۆبوونەوە و ئەزموونەکان چ وەردەگرێت.
.٣ کامەن ئەو هەڵوێستانەی کە مرۆڤ وەری دەگرێت بۆ تێکهەڵبوون و ئەو شتانەش کە ناتوانێت ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بهێنێت .
Irvin David Yalom (لەدایکبووی ١٩٣١) پرۆفیسۆری دەروونناسی لە زانکۆی ستانفۆرد و نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی دەڵێت: ‹‹ئەوە پێوەندی نێوان کەسەکانە کە یارمەتیان دەدات تا بەردەوام بن لە ژیاندا.››
Abraham Maslow (١٩٠٨-١٩٧٠) دەروونناسی ئەمریکی کە بە زنجیرە پێداویستییەکانی Maslow لە فۆڕمی قووچکە(هرمی)دا ناوبانگی دەرکرد دەڵێت: ‹‹مرۆڤەکان ژیان دەکەن بۆ ئەوەی توانایی و لێهاتوویی خۆیان دەستەبەر بکەن.›› یا بەواتایەکی دیکە ‹‹ژیان کردن بۆ هێنانەدی توانایی و لێهاتوویی.››
Sigmund Freud (١٨٥٦-١٩٣٩) پزیشکی دەروونناسی ئوتریشی کە بە ڕێبەر و باوکی دەروونشیکاری یا سایکۆلۆژیای شیکاری (psychoanalysis) ناوبانگی جیهانی دەرکرد و یەکێک لە گەڕیدە گەورەکانی جیهانە دەڵێت: ‹‹کار و ئەویننداری (خۆشەویستی) دوو شتی هەرە گرینگن لە ژیانی مرۆڤەکاندا.››
کۆمەڵێک دەروونناس و لێکۆڵینەر لەگەڵ قسەکەی سیگمۆند Sigmund هاودەنگن و ئەوەشی پێوە زیاد دەکەن و دەڵێن: ‹‹سێ شت وەک بناغە، ژیانی مرۆڤەکانی ڕاگرتووە ئەویش: کار، ئەویننداری (خۆشەویستی) و چالاکی ڕۆژانەیانە.››
Friedrich Wilhelm Nietzsche فیلەسووفی ئاڵمانی دەڵێت: ‹‹ئەوە ئیرادەی دەسەڵاتخوازییە وادەکات کە مرۆڤ لە پرۆسەی ژیانیدا بجولێنێ. هەروەها دەڵێت ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ (حیوان) جیا دەکاتەوە ئەو ئیرادەی بووناسییەیە کە مرۆڤ بۆ گۆڕانی خۆی بەکاری دەهێنێت.››

### لەبیرکاریدا

ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدان چەند بیروڕا بوون لە نێو دەریای بیروڕاکاندا. بەڵام سێ خاڵی سەرەکی کە هاوژێرەی (کۆڵکەی هاوبەشی) هەموویانە.
.١مرۆڤ چۆن پێوەندی خۆی لەگەڵ کەسانی دیکە ڕێک بخات.
.٢ مرۆڤ کاتی ژیانی ڕۆژانەی خۆی بە چی و چۆن پڕکاتەوە.
.٣ مرۆڤ چۆن ڕووبەڕووی کێشە و ڕووداوەکان بێتەوە.
لە کاتێکدا ئەو خاڵانە گرنگی خۆیان هەیە کە مرۆڤ جیاوازی لە نێوان دوو شتدا دابنێت وەک: تێڕوانینی بۆ ژیان چییە و لە نێو پرۆسەی ژیاندا تێڕاونینی بۆ ژین چییە (ڕوانگە و بۆچوونەکان چین).

### ڕاهێنەری ژین یا ژیان لە کردەوەدا

لە ڕاهێنەری ژین هەروەک مێتۆدەکانی دیکەی ڕاهێنەری، ڕاهێنەر و فێرخواز دوو کەسی سەرەکینە لە نێو پرۆسەکەدا و دەبێ یارمەتیدەری یەکتر بن بۆ ئەوەی باشترین کەڵک لە ڕاهێنەرییەکە وەرگرن. بۆ ئەوەی ڕاهێنەری ژین بە کردەوە بکرێ ئەو سێ خاڵەی خوارەوە گرنگن لەبەرچاو بگیردرێن:
.١ مێتۆدێک وەک بنەما کە بە ڕوون و شەفاف باس لە ئامانجی ڕاهێنەرییەکە بکات، یانی مەبەست لە ڕاهێنەرییەکە چییە؟
.٢ دیاریکردنی کارامەیی و لێزانی ڕاهێنەر و توانایی فێرخواز، چ بۆ فێربوون و چ بۆ ئاڵوگۆڕ بەسەرخۆداهێنان، یانی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ چەندەیە.
.٣ فێربوون بەمەبەستی وەدەستهێنانی کارامەیی و پسپۆڕی، زانایی لە کاردا، تەڕدەستی و پێکهێنانی ژیانێکی خۆشتر.
بەر لەهەر شتێک یەکێک لە کارەکانی ڕاهێنەر ئەوەیە کە کەشوهەوایەکی خۆش و سالم و جێگای باوەڕ بۆ فێرخواز دروست بکات، بەشێوەیەک کە فێرخواز بتوانێت بە ئارامی و بێ دڵەڕاوکێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لەسەر ڕاهێنەرییەکەی چڕ ببێتەوە. ڕاهێنەر دەبێ لە درێژەی پرۆسەی ڕاهێنەرییەکەدا بەردەوام بێت لە پرسیارکردن لە فێرخواز. دەتوانین ڕاهێنەرییەکە بەشێوەی وێنەی ئەستێرە نیگار بکەین.
پرۆسەی ڕاهێنەرییەکە دەبێ لەسەر توانا، حەز، داخوازی و پلانی ڕاهێنەر دامەزرێت و ڕاهێنەر دەتوانێ لەو پێنج خاڵەی کە شارەزایی یا پسپۆڕی تێدا هەیە کەڵک وەرگرێت بۆ یارمەتیدانی فێرخواز.

### ڕەورەوەی (چەرخ)ی ژیان

Bonnie Burnard (لەدایکبووی ١٩٤٥ ) ژنە ڕۆماننووسی بەڕەچەڵەک کانادایی، زۆر سەرقاڵی ڕەورەوەی ژیانە، هەشت بەش لە پرۆسەی ژیانی مرۆڤەکان دەخاتە نێو تگەرێک (بازنەیەک) کە بەردەوام بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و بە ڕەورەوەی ژیان ناوی دەبات و دەڵێت:‹‹ڕەورەوەی ژیان شتێکی گرنگە بۆ مرۆڤەکان و لە هەشت بەش پێک دێت›› وەک:

١. شارەزایی و پیشە (کار)
٢. بنەماڵە، هاوڕێیەکان و هاوکارەکان(بۆوێنە لە شوێنی کار یا لە نێو ڕێکخراودا)
٣. ئایین، ئیدیۆلۆژی، نۆرم و بەهاکان
٤. سامان و پوڵ یان کەلوپەل (ماتریاڵ)
٥. لەشساغی، تەندروستی و ژیانێکی خۆش
٦. گەشەکردن و پێشکەوتنی کەسایەتی و کاری
٧. سەرگەرمی و کات ڕابواردن
٨. شوێنی ژیان کردن، ژینگە و جوغرافیا

وێنەی ڕەورەوەی ژیان، بەشە سەرەتایی و ئەساسییەکانی کە مرۆڤ لە پرۆسەی ژیاندا پێویستی پێیە. پۆلێنبەندی کراو لە ناو هەشت کاتەگوریدا.

## ٤,٩ پێداچوونەوەیەکی خێرا و گشتی بە سەر بەندی چوارەمدا

چڕبوونەوە بەتایبەت لە سەر ئەو




بەشانەی کە مرۆڤ لە پرۆسەی ژیاندا گرنگی پێدەدات. ڕاهێنەری کەسی یا خۆئامۆژی بۆ هەبوونی بیرکردنەوەی ئەرێنی و هەروەها چۆن لە گەڵ خۆمان بدوێین. ڕاهێنەری سۆز یا عاتفی بۆ ئەوەی هەستەکانمان ئەرێنی بن. ڕاهێنەری ژین یا ژیان بۆ ئەوەی ژیانێکی واتادار و بەنرخ بۆ خۆمان پێک بێنین و پێکەوەگونجان و هارمۆنی، فێر بین. ڕاهێنەری دەبێ بەپێی پێداویستی فێرخواز بێت و ئەوەی زۆر ناسیندراوە و ڕاهێنەری لەسەر دەکرێت لەو دوو وێنەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێ دراوە.

### لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا ئەو خاڵانە گرنگیان پێبدرێ باشە:

- پێکهێنانی پێوەندییەکی باش لە نێوان ڕاهێنەر و فێرخواز.
- کارکردن لەسەر خوو و ڕەوشت، پۆلێن کردنی ئەو خوو و ڕەوشتانەی کە دەبێ بگۆڕدرێن.
- چڕبوونەوە لەسەر هەستەکان، بەوردی چوونە ناو دەروونەوە.
- لێکۆڵینەوەکردن و دۆزینەوەی هەڵبژاردە یا ئاڵترناتیڤی باش.
- بەڕێوەبردن یا بەکردەوەکردنی ڕەفتارە تازەکان.
- هەڵسەنگاندنی دەرەنجامەکان یان ئاکامەکانی ڕاهێنەرییەکە.

# حەسەن ساڵح زادە:

# دەزگای پەروەردەی ڕێژیمی ئێران بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران، بەرنامەی یەکدەست دادەسەپێنێت

وتوویژ: بێهزاد قادری

لە بەرەبەری کرانەوەی قوتابخانەکاندایـن لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، ئەمساڵ بەنیسبەت ساڵانی پێشترەوە ساڵێکی جیاوازە، لەلایەک ئابووریی وڵات و بنەماڵەکان وێرانە، لەلایەکی دیکەشەوە کۆرۆنا هەموو ئێران و کوردستانی تەنیوە. وێڕای هەموو ئەمانە، دۆخی خوێندن و وانەوتنەوە و کتێبە دەرسییەکان لە کوردستان چۆنە؟ ئەمە و چەند پرسیاری گشتیی تر، لە وتوویژ لەگەڵ کاک «حەسەن ساڵح زادە» ئەندامی یەکێتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران.

**- قوتابخانەکانی کوردستان لە بواری خزمەتگوزاری، ئەمنییەت و تەندروستییەوە لە چ دۆخێکدان؟**

بە شێوەیەکی گشتی، ئامانجی سەرەکی و دوارۆژی پەروەردە و ڕاهێنان لە هەر وڵاتێک بریتییە لە دەستەبەربوونی ئەو بەها و بنەماگەلە کە لەودا دەرفەتی گەشەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتن بە مەسەلەی خوێندن، لەشساخی و تێکنیکە خزمەتگوزارییەکان دەخوڵقێنن. ئەوەش وەختێک دێتە بەرهەم کە دەزگایەکی پەروەردەیی سەردەمیانەی دێموکراتیک لەسەر بنەمای بەڕێوەبەریەتیی شیاو و مەزنانە دامەزرابێت و تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە لەناو پانتایی خۆیدا پیشان بدات. وەک دیارە سیستمی پەروەردەی ئەمڕۆی ئێمە لە کوردستان، کەوتووەتە بەر پەلاماری ئەندێشەی دۆگمی تاقمی فەرمانڕەوا و ئامانجی سەرەکی لە پاراستنی دەسەڵاتی پڕ لە شووڕەیی ئیستبداد کە تەنها هەڵگری ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانە و بایەخە ناکۆکەکانن، کورت کراوەتەوە. حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتنی خراپ لە دەزگای پەروەردەی ئێران، ئیدئۆلۆژیی بەرتەسکی ناسەردەمیانەی خۆی هێناوەتە ئاراوە و بە لێڵکردنی سەرچاوەی ڕەسەنی کۆمەڵگەی کوردستان، هەوڵی خولقاندنی گێژاو بۆ داهاتووی منداڵانی کورد دەدات کە ئەمەش لەگەڵ کولتوور و ویستی ڕاستەقینەی گەلی کورد یەک ناگرێتەوە. هەروەک ئاگادارن لە ڕێگەی میدیاکانەوە هەواڵی نابەرابەریی پرسی خوێندن لە ئێران و توندوتیژی دژی ئەوان، وەک یەکێک لە تراژێدیا خەمهێنەرەکان بەردەوام لەسەر شاشەکان دەبینرێت. منداڵانی دابڕاو لە خوێندن هەروا لەژێر بێ مێهری و نابەرابەریی حکومەتی بەناو «ئیمامی زەمان»دا ماونەتەوە. هیچ یەک لە لایەنەکانی دەسەڵات لەهەمبەر بارودۆخی خراپی منداڵانی سەرشەقام و لە کار تێوەگلاو خۆی بە بەرپرسیار نازانێت. گۆڕانکارییە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم ڕۆژانەی دەزگای پەروەردە و فێرکردن ڕووکاری زانستییان پێوە دیارنییە و لە قازانج و بەرژەوەندیی گشتیی قوتابییاندا خۆ نابیننەوە. سیاسەتی داخراوی ڕێژیم بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ کۆمەڵگەی سیاسیی نێونەتەوەیی، قورسایی گەمارۆکانی بە دوای خۆیدا هێناوە و ئاستی هەژاری، قوتابی و بنەماڵەکانیانی زۆر زیاتر لە جاران دارماندووە. بەهۆی بەڕێوەبەرایەتیی گەندەڵ و نەخۆشی دەسەڵات، بەشی بەرهەمهێنان بۆشایی جیددیی پێوە دیارە و بازاڕەکان هێندەی دیکە ناسەقامگیر بوون. هەر بۆیە دەکرێت بوترێت کە لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا هەژاری و بێدەرەتانی زێدەتر لە جاران بەرۆکی پرسی فێرکاری لە کوردستاندا گرتووە.

**- ئەمساڵ کە دۆخەکە جیاوازە و کۆرۆنا هەموو جیهانی تەنیوە، ڕێژیمی ئێران هیچ پلان و بەرنامەیەکی هەیە بۆ پاراستنی گیانی قوتابییانی کورد؟**

هەروەک دەزانین، دۆخی جیهانی ئەمڕۆ لە ئاست گرفتی کۆرۆنا ڤایرۆسدا بە ئاقارێکی زۆر دژواردا تێدەپەڕێت و ڕەوتی نائاسایی دنیای تەنیوەتەوە. بەهۆی ئەوەی کە قوتابخانە و ناوەندە خوێندکارییەکان زیاتر لە شوێنەکانی دیکە لەژێر هەڕەشە و مەترسیی زیانەکاندان، دەوڵەتانی زۆربەی وڵاتان پرسی پەروەردەییان لە یەکەمایەتیی کاری خۆیان داناوە. ناوەندەکانی پەروەردە، تێکنۆلۆژی، سلامەتی، هاتوچۆ و... هتد، لە تەنیشت پرسی فێرکاریدا بە هانای وەزارەتی پەروەردەوە هاتوون بۆ ئەوەی بەشکم وێکڕا بتوانن لە ڕێژەی زیانەکانی ئەم تووژە گرینگ و هەستیارە کەم بکەنەوە.
بەڵام لە وڵاتی ئێمە دەسەڵاتداران وەک بارانی ڕەحمەت لە دۆخەکە و لە ئاکامەکانی ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ دەڕوانن. ڕێژیم داتاکانی پێوەندیدار یان ڕاستییەکان بە قازانجی مانەوەی خۆی چەواشە دەکات، لە جێگەی ناوەندە فەرمی و خزمەتگوزارییەکان، سپای تێرۆریستی پاسداران لە بابەتەکەوە دەگلێنێت هەتا لەو ڕێگەوە بتوانێت ڕووخساری بێزراوی ڕاستەقینەیان لەلای خەڵک بشارێتەوە، زانیاری دژبەیەک بڵاو دەکاتەوە و بەهۆی لەئارادابوونی ڕوانگەی ئەمنییەتی، تا ئێستاش نەیتوانیوە جێگرەوەیەکی گونجاو بۆ حوزووری فیزیکیی قوتابییان لەناو خوێندنگەکاندا بدۆزێتەوە.
بەهۆی ئەوەی کە کۆنترۆڵکردنی کۆرۆنا ڤایرۆس لە قوتابخانەکاندا پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕوانگەی حکوومەت و ئاستی توانای ئابووریی خەڵکی ناوچەوە هەیە، دەبینین کە دۆخی قوتابییانی کورد لەهەمبەر ئەم مەترسییەدا هیچ باش نییە.

**- کوالێتیی وانەوتنەوەی مامۆستاکان لە قوتابخانەکانی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا دۆخی ئابووریی ئێران، کاریگەریی هەیە لەسەر وانەوتنەوەی مامۆستایان؟**

دابەشکردنی سەرچاوەی پرۆگرامە دەرسییەکان بە شێوەی یەکدەست بەبێ جیاوازی لە لووتکەی دەسەڵاتەوە بۆ تێکڕای ناوچەکانی ئێران و یەک لەوان بۆ کوردستان شۆڕ دەبێتەوە. ڕەنگە برێک کەس ئەمە بە پرۆسەیەکی عادڵانە لێک بدەنەوە، ڕاست بەپێچەوانە. لێرەدا بەرپرسانی بواری پەروەردە ئاوڕیان لە فرەچەشنی و ڕەنگاوڕەنگیی کۆمەڵگەی کولتووری و نەتەوەیی ئێران نەداوەتەوە. هەر بۆیە دابەشکردنی بەرنامەی هاوشێوە بۆ کۆمەڵگە جۆرواجۆرەکان نە سەردەمیانەیە و نە دێموکراتیک. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کوردستان لەباری پیشەسازی، ئابووری، گەشەی توریستی و زۆر بابەتی دیکەدا لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە گەمارۆی چڕی لەسەرە. هەر بۆیە هەناردەکردنی بەرنامەی یەکدەست بۆ تێکڕای قوتابییانی گەلانی فرەچەشنی ئێران ناشیانە و ڕەگەزپەرستانەیە.
لە ئاکامی ئەو ڕاستیگەلەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، هەندێک لێکەوتە دێنە بەرچاو. مەسەلەن، لە ناوچە گەشەپێدراوەکانی ئێران مامۆستایان و قوتابییان بە ناچاری ڕوویان لە کەرتی پەروەردەی تایبەتی کردووە و تا ڕادەیەک لە گیرۆداوی قوتابخانەی دەوڵەتی دەرباز بوون. ئەوانەی کە ماوینشەنتەوە بایەخێکی ئەوتۆ بە پرسی فێرکاریی گشتی نادەن. هەڵبەت ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە مامۆستایانی کوردستان تۆزێک جیاوازترە. ڕاستە ئەوان بژاردە و ئیمکاناتی بەرچاوی وەهایان لەبەر دەستدا نییە کە هەلەکان بقۆزنەوە و بەسەر کوالێتییە دڵخوازەکانی خۆیاندا بکەون. ئەگەرچی نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە بەشێکی زۆریان بەهۆی ئەوەیکە پێیان وایە داهاتووی قوتابییەکانیان بە کۆمەڵگەی ستەملێکراوی خۆیانەوە بەندە، بە سەخاوەت و فیداکارییەوە هەوڵ دەدەن کە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان بەجێ بگەیەنن. دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین کە ئەگەر جاروبار قوتابیگەلێک لە ناخی کۆمەڵگەی بەشخوراوی کوردستانەوە دەردەکەون و لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن، بۆ هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانەی ئەو مامۆستا تێکۆشەرانە دەگەڕێتەوە نەک بەرنامە و بایەخی دەسەڵاتداران.

**- دۆخی ئابووریی بنەماڵەکان وێرانە؛ کەلوپەلی خوێندنیش گرانتر بووە؛ ئەمە چ کاریگەرییەک لەسەر قوتابییان دادەنێت؟**

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا دۆخی ئابووری هەمیشە ناسەقامگیر لەچاوی داوە و خەڵک گیرۆدەی بێ کیفایەتیی بەرپرسانی نیزام لەمەڕ ڕاگرتنی بایەخی دراو بەنیسبەت ستاندارده جیهانییەکانەوە بوون. بەڵام ئەم ڕۆژانە مەسەلەکە سنووری ناسەقامگیریی تێپەڕاندووە و لە قووڵایی قەیرانێکی بێ سەرەوبەرەدا نوقم بووە. ئێمە دەزانین لە پلەبەندیی ژیان و ئیمکاناتدا، پارێزگاکانی کوردستان لە خوارترین ئاستدا خۆیان دەبیننەوە. واتە زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەستکورتن، ئەوەش زیاتر لە هەموو شتێک بەرۆکی ئەو قوتابییانە دەگرێتەوە کە بنەماڵەکانیان لە هەژاریدا دەژین.
لە زۆربەی وڵاتان حکوومەتەکان بەرنامەی تایبەتیان بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی جیاوازییەکان هەیە، بەڵام لە ئێرانی بەناو ئیسلامیدا، زۆر نەشیاو لەو پرسە دەڕوانن و جێ پەنجەی نگریسی تاوانیان لە هەموو شوێنێک بەرچاو دەکەوێت. دیارە جیا لەوانەش، چۆنیەتی ئەمنییەتیی بەناو ئیمکاناتی ڕەفاهی قوتابخانەکان لە کەمترین ئاستی مومکیندان و کارگە و تاقیگەی نێو خوێندنگەکان ڕەنگی قروون وێستاییان پێوە دیارە. ئەگەر حکوومەت بەڕاستی بیهەوێت هەنگاو بۆ چارەسەریی ئەو کێشەیە بهاوێت، پێویستە بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکات. بۆ وێنە ئەوە ئەرکی حکوومەتە کە بە بێدەنگی و لەسەر بنەمای پاراستنی کەرامەتدا، دەستی قوتابییانی هەژار بگرێت کە لە کاتی کرانەوەی قوتابخانەدا گرفتە مادییەکانیان بسڕدرێتەوە. کەچی بەداخەوە هیچ وا نییە. مەسەلەن، بە کردنەوەی برێک هەوڵی نەشیاوی ناسەردەمیانە وەک کردنەوەی جێژنی بەناو «عاتفەها» و دەستەواژەگەلی هاوچەشن بە عەقڵییەتی منداڵانی هەژاری کۆمەڵگە یاری دەکەن. هێنانی سندووقی یارمەتی بۆ سەر شەقام، جیا لە ڕواڵەتی ئاشکرا کە یارمەتی بۆ منداڵە هەژارەکان کۆ دەکرێتەوە، چەند هەوڵی شاراوەی دیکەشی لە پشتە کە نیزامی داگیرکەری کوردستان لە وڵاتی ئێمە کەڵکی سیاسییان لێ وەردەگرێت.

**- دۆخی مامۆستایانی نیشتمانپەروەر لە قوتابخانەکانی کوردستاندا چۆنە؟**



لێرەدا ئیزن دەخوازم کە ئاراستەی پرسیارەکەتان هەندێک بگۆڕم و ئاوێتە بەوەی بکەم کە مامۆستایانی نیشتمانپەروەری ئێمە پێویستە لەم دۆخەدا چی بکەن؟ هەروەک بە کورتی ئاماژەمان پێدا، لە ئاکامی قەیرانی گشتیی زاڵ بەسەر وڵاتدا، سیستمی پەروەردەش تووشی قەیرانێکی قووڵ بووەتەوە. کەوابوو ئەرکی مامۆستایان لەم ساڵەدا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو چەند قات زیاترە. لە وەها هەلومەرجێکدا، ئەرکی مامۆستا بە تەنیا لە چوارچێوەی کلاسی وانەوتنەوەدا قەتیس و بەرتەسک نابێتەوە. ئەگەر پێمان وابێت، دەبێ هەلومەرجێکی جیاواز لەگەڵ ئەم دۆخە بێتە ئاراوە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی سەر هەڵ بدات، هەر وەک چۆن تاقمێک لە بیردۆزانی بواری پەروەردەی فێرکاریی ڕادیکاڵ وەکوو «پائۆلۆ فریرە، جۆرج کاونتس» و... پێداگریی لەسەر دەکەن، دەبێ قوتابخانە لە دوو ئاستدا ببێتە مەکۆی مقاوەمەت و بەرخۆدان. لە ئاستی یەکەمدا، پێش هەموو شتێک دەبێ مامۆستایان لە هەوڵی پەروەردەی نەوەیەکی ئازا، هۆشیار و بوێر بۆ داهاتوو و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بن. لەلایەکی ترەوە، بە یەکگرتوویی و یەکریزیی هەرچی زیاتری یەکێتیی پیشەیی مامۆستایان، بە دەربڕینی ناڕەزایەتیی مەدەنی و پیشەیی، بردنە سەرەوەی ئاستی داخوازییەکانی مامۆستایان و لێکگرێدانی خەباتی مامۆستایان لەگەڵ چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا، وەک خوێندکاران، ژنان، کرێکاران ... هەرچی زیاتر ڕێژیم بە چۆکدا بهێنن.

**- شێوازی پەروەردە و وانەوتنەوە لە کوردستانی داگیرکراودا چۆنە و ئەمە چ کاریگەرییەک لەسەر قوتابیی کورد دادەنێت؟**

هەروەک باسمان کرد، دەزگای پەروەردەی ڕێژیمی ئێران بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی و جیاوازییەکان بەرنامەی یەکدەست دادەسەپێنێت کە ئەم ڕەفتارە کوردستانیش لەخۆ دەگرێت. لە ڕاستیدا سیستمی پەروەردە و فێرکاری، دامەزراوەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو لەناو بەستێنێکی گەورەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەربڵاودا هەڵکەوتووە و لە ئەنجامدا بووەتە شوێنی ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی. کەوابوو ئاوڕدانەوە لە سیستمی پەروەردە بەبێ پەرژانە سەر لایەنی بەرانبەر ناتەواوە. بۆ وێنە لە بواری ئابووریدا، دوو فاکتەری قەیرانی ئابووری و زاڵبوونی ئەندێشەی لیبراڵی، تەنگی بە سیستمی پەروەردە هەڵچنیوە و ڕووبەڕووی کۆمەڵێک قەیرانی چارەسەرنەکراو بووەتەوە. فاکتەری قەیرانی ئابووری لە ئاکامی گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی وڵات لەلایەن بەڕێوەبەرانی دز و جەردە و بنەماڵە و خزم و کەسە دواکەوتووەکانیانەوە سەری هەڵداوە. سەرباری ئەم هۆکارە، فاکتەری تەحریمی ئامریکا و هاوپەیمانانی، لە ئاکامی سیاسەتی شەڕخوازانە و تیرۆریستیی ڕێژیم ڕوو بە وڵاتانی دەرەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە وەزارەتی پەروەردە لە دابینکردنی لانیکەمی پێداویستییەکانی خوێندن بۆ قوتابییان دەستەوەستان بێت.
لێکترازان و بێ سەروبەرەیی لە لووتکەدایە. تەشەنەکردنی ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ ناو سیستمی پەروەردە، فەرتەنە و ئاژاوەیەکی سەیروسەمەری هێناوەتە گۆڕێ و ناهۆمێدی و بێ هیوایی باڵی بەسەر چالاکیی مامۆستا و قوتابیدا کێشاوە و کۆی سیستمی پەروەردەی بەرەو داهاتوویەکی نادیار بردووە، واتە بێ هیوایی لە چڵەپۆپەی خۆیدایە.

**- کتێبە دەرسییەکانی ئێران، کە لە کوردستانیشدا بە هەمان شێوازن، بە چ ئاراستەیەکی فیکری تەرح دەکرێن؟**

دوو فاکتەری زاڵ، واتە بناژۆخوازی و زێدەخوازیی مەزهەبی شیعە و شووینیزمی ئێرانی لەسەر بنەمای زمان و فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەی باڵادەست، بە خەستی لە کتێبە دەرسییەکان و بەرنامە و پرۆگرامی ڕۆژانەی خوێندندا ڕەنگی داوەتەوە و بە زۆر بەسەر نەتەوە بندەستەکاندا سەپێنراوە. لە ئەنجامی ئەم دۆخەدا، پەروەردە و فێرکاری بەرەو سیستمێکی ئایدیۆلۆژیک و سەرەڕۆ بردووە و ئەوی تری وەکوو کورد، ئازەری، بەلووچ و... بە تایبەتمەندیی زمانی و ئایینی دیکەوە لە کتێبە دەرسییەکاندا بوونی نییە. بەداخەوە ئەمڕۆکە گەلانی ئێران لە سێبەری سیاسەتە چەوت و دواکەوتووەکانی ڕێژیمدا دژوارترین قۆناخەکانی ژیانی خۆیان تێپەڕ دەکەن. هیوا بە ژیانێکی سەردەمیانە، بەهرەمەندبوون لە پێداویستییەکانی ڕۆژ، دەستەبەربوونی لانیکەمیی ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی خەڵک لە نزمترین ئاستی خۆیدایە.

**- لە ئێستادا گەورەترین هەڕەشەکان لەسەر قوتابیی کورد لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتدا چین؟**

سیستمی پەروەردەی ناسەردەمیانەی دەسەڵاتی ئێران، هەڵگری کۆمەڵێک کێشە و گرفتە کە لەناو کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستاندا ڕەنگیان داوەتەوە. یەک لەوان دەستەبەندیکردنی قوتابخانەکان بە ناوگەلی جۆربەجۆری وەک «نمونە، شاهد، تیزهوشان، استعدادهای درخشان و...» پێناسە دەکرێن. ئەمەش لە خۆیدا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەناو کۆمەڵگە دەستەبەندی و کەلێنی چینایەتیی خوڵقاندووە. دەسەڵات لە توێی ئەم دیاردەیەدا لەلایەک هەوڵی شاردنەوەی ڕاستییەکان دەدات و لەلایەکی ترەوە شان بۆ ویستی بەرپرسە گەندەڵەکانی شل دەکات. بۆ وێنە، دەوڵەت زۆربەی پێداویستی و ئیمکانات بۆ ئەو جۆرە قوتابخانانە تەرخان دەکات، مامۆستا بەتواناکان ڕاکێشی ئەوێ دەکرێن، کۆمەڵێک پێرسونێلی نەشیاو و گەندەڵ و گوێلەمست لەوێ جێ دەکاتەوە و لە ئاکامدا منداڵی بەرپرسان و چینی خوشبژێوی کۆمەڵگەیان تێدا ناونووس دەکەن. بەمجۆرە قوتابخانە گشتییەکان پشتگوێ دەخرێن و لەباری پێڕاگەیشتن و کوالێتییەوە لە نزمترین ئاستدا بەنیسبەت سەردەمی ئەمڕۆوە خۆ دەبیننەوە.
هەروەک دەزانین بەهۆی لەئارادابوونی مەترسیی کۆرۆنا، قوتابخانەکانی کوردستان ماوەی ٧ مانگە داخراون و بەرپرسانی نەشیاوی دەسەڵات لەمەڕ چۆنیەتیی کرانەوەیان دەستەوەستان ماونەتەوە. نابێ هیچ چاوەڕوان بین کە دۆخەکە لەوەی کە هەیە باشتر بێت، چونکوو هەروەک وترا پرسی فێرکاری بۆ نیزامی کۆنەپەرستی ئێران لە یەکەماتیدا نییە.
مەسەلەی چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆرۆنا وەک یەکێک لە کێشە جیددی و سەرەکییەکانی بەردەم پەروەردەی ئێمە خۆی دەرخستووە. بەڕێوەبەرانی باڵای ناوەندە ئیدارییەکان بە بەربڵاوی بانگەشەی خوێندن بە شێوەی ئانلاین دەکەن، کەچی لە مەیدانی کردەوەدا هیچ هەنگاوێکیان بە کردەوە لەم بوارەدا هەڵنەگرتووە. بەپێی زانیارییە ئامارییەکان زیاتر لە ٤٠ لەسەدی بنەماڵەی قوتابییانی کوردستان دەستیان بە ئینتێرنێت ڕاناگات. هەروەها ٥٠ لەسەد لەوانەی کە ئیمکانی دەستڕاگەیشتنیان هەیە، خاوەنی کەرەستە و پێداویستیی گونجاو نین. گرفتی گەورەتریش ئەوەیە کە لە مەسەلەی بڕیار و دۆزینەوەی ڕێکارەکاندا هیچ پرس و ڕایەک بە مامۆستایان نەکراوە، هەروەها هیچ دەرفەت و دەورەیەکی تایبەتیشیان بۆ نەڕەخساوە کە چۆن خۆیان بۆ ململانێ لەگەڵ ئەم گرفتە ئامادە بکەن هەر بۆیە دەکرێت بڵێین کە ئەم مەسەلەیە گەورەترین کێشەی بەردەم پرسی پەروەردە لە کوردستانە.

# کامران موکری، شاعیرێکی نەتەوەیی

«کامران موکری» ناوی تەواوی «محەممەد ئەحمەد تەها»یە؛ ئەم شاعیرە نیشتمانپەروەرە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٩ی زایینییە لە شاری سلێمانیی باشووری کوردستان. ناوبراو خوێندنی تا پۆلی کۆتایی ئامادەیی بووە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت نەیتوانیوە پڕۆسەی خوێندنەکەی تەواو بکات. «کامران موکری» بەهۆی هەڵوێستە نەتەوەییەکانییەوە، لەنێوان ساڵانی ١٩٤٩ - ١٩٦٣ بۆ ماوەی شەش ساڵ لە بەندیخانە کراوە. ماوەیەکی زۆریش لە بەشی کوردیی زانکۆی سلێمانی و دواتر زانکۆی سەلاحەدین، مامۆستای ئەدەبیاتی کوردی بووە. ناوبراو لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥ – ١٩٧٢ حەوت دیوانی شێعریی چاپ کراوە؛ دیارترین دیوانەکانی «ئاشتی، دیاری، ئاگر و ژیلە و گوڵاڵە سوور»ن؛ هەروەها لە دوای مردنیشی لە ساڵی ١٩٨٧دا سەرجەم شێعرەکانی بە ناوی «کامران موکری» چاپ کرا. سەرەڕای کاری شاعیری «کامران موکری» چیرۆک نووسیش بووە. بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی «موکری» هۆنراوەی نەتەوەیین، شاعیر خاوەن هەستێکی ناسک بووە بەرامبەر بە وڵاتەکەی و شێعرەکانی لەسەر ڕێبازی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی-نەتەوەیی بوون. هەروەها دەستەواژەی «شاری هەڵمەت و قوربانی» بۆ شاری سلێمانی، «موکری» دایهێناوە. ناوبراو ساڵی ١٩٨٦ی زایینی لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. ئەگەر هەڵبەست و هۆنراوەکانی موکری بخوێنینەوە دەبینین چەند مەبەستێکیان تێدایە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

نەتەوەیی و مرۆڤانە:
بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی موکری هۆنراوەی نەتەوەیین، دیارە هەڵبەستوان بەو هەستە ناسکەی کە هەیەتی وەک مرۆڤێکی نەتەوەخواز لە بەرامبەر چەوساندنەوەی نەتەوەکەیدا هەڵوێست وەردەگرێت، کۆمەڵێک هۆنراوەی هەن کە نموونەی بەرزی هەستی نەتەوایەتییان تێدا بەدی دەکرێت و ئەمانەمان بۆ دەردەخەن کە موکری شاگرد و قوتابیی قوتابخانەی پیرۆزی کوردایەتییە و وەک هەڵبەستوانێک ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی خۆی نیشان دەدات و ژیانیش لای ئەو هەر تێکۆشان و خەباتە لە ڕێی کوردستان:


ژین لە لای دڵسۆز هەر تێکۆشانە
هەوڵە بۆ خاکی ئەم کوردستانە
خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن
تێکۆشان بوایە بۆ خاکی وەتەن

لە تەوەرێکی تریشدا و تەریب بە تەوەرەی کوردایەتی و هەستی نەتەوەییەوە، کامرانی هەڵبەستوان، دڵسۆز و ئەمەکدار بووە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و دەربڕی ناخی مرۆڤی کورد بوو، لەم لایەنەوە، هەر بۆیەش بووە کە خەباتی گەلی جەزاییری لە دژی داگیرکەری فەڕانسەیی بە خەباتێکی ڕەوا داناوە، لێرەوە دەنگی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤی کوردی داوەتە پاڵ خەباتی ئەو گەلە و لە پارچە هۆنراوەی «ئەی جەمیلە» ئەم هەستە پیرۆزەی دەربڕیوە.

خۆشەویستی و ئەڤینداری:
مەبەستێکی تری هەڵبەستەکانی کامران، دڵداری و ئەڤیندارییە، دیارە ئەم هەستەش هەستێکی مرۆڤانەیە و لە دەروونێکی پڕ سۆز و ناسکەوە سەر هەڵدەدات و نموونەی بەرزی هەستی مرۆڤایەتی دەنوێنێت:

کە پرچت ئاڵان لە گەردن
گڕت بەردا لە دڵی من
کە پەرچەمت ڕشتە سەر ڕوو
ئاگر لە دەروونم بەربوو
ئەی زۆرداری جوانی بچووک
تکایە کچی ئێسک سووک
لێرەوە مەیە شەیدامۆت
وەباڵی دڵم بە ئەستۆت

وەسفکردن:
ئەم مەبەستەش یەکێکە لە مەبەستە گرنگەکانی هەڵبەستی موکری، کامران هەستێکی بەهێزی بەرامبەر جوانیی سروشت و دەوروبەر هەبووە، یەکێکە لەو هەڵبەستوانانەی کە جوانیی سروشتی وڵاتەکەی خۆیان دەپەرستن، لەم لایەنەوە زیاتر بە لای هەڵبەستوانە کلاسیزمەکاندا دەچێت، زۆر جاری وا بووە جوانیی سروشتی تێکەڵ بە جوانیی ئافرەت و کچی کورد کردووە و تابلۆیەکی هەرەجوانی لە واتا و بەکارهێنانی پەیڤ و وشەدا بەکار هێناوە، هەستی ناسکی هەڵبەستوان وای دەکرد کە هەر دیمەنێکی جوان، جۆرە هەڵوێستێکی لەلا دروست بکات.




کەژ و دارستانی کپی
پۆشیویانە بەرگی سپی
قوببەی پیرۆزەیی ئاسمان
بە پرشنگی گزنگی ئاڵ
داوێنی کەژی ئەنەخشان
وەک ئەگریجە ئەبوو پەخشان
دێیەک، لە باوەشی کەژا
بزەی گەرمی لێ ئەڕژا

ڕووخساری هەڵبەستەکانی:
١- بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی (پەنجە): کامران یەکێک بوو لەو هەڵبەستوانانەی کە بەرگی تازەگەریەتیی کردەوە بەر باڵای هەڵبەستی کوردییەوە، پەنای بردە بەر کێشی ڕەسەنی خۆماڵی و خۆی ڕزگار کرد لە کۆت و داوی «عەرووز»ی عەرەبی، بۆیە هەڵبەستەکانی مۆسیقایەکی کوردانەیان تێدایە و لەگەڵ هەست و ئارەزووی مرۆڤی کورد دەگونجێن.
٢- کەم بەکارهێنانی وشەی بێگانە: لەم لایەنەشەوە کامرانی هەڵبەستوان بەرامبەر دادەنرێت، تا پێی کراوە خۆی لەبەکارهێنانی وشەی بێگانە دوورخستووە و لەجیاتیی ئەوان وشە و پەیڤی ڕەسەنی کوردیی بەکار هێناوە، وەکوو مەلەوانێکی بەتوانا لە دەریای زمانی کوردیدا مەلەی کردووە.
٣- خۆنەبەستنەوە بە سەروای (قافیەی) یەکگرتوو و بەکارهێنانی جووت جووت قافیە: ئەم دیاردەیەش یەکێکە لە سیما جیاکەرەوەکانی هەڵبەستی کامران موکری و لایەنێکی تازەگەریش پیشان دەدات، کامران هیچ کاتێک خۆی بە کۆتی سەروا (قافیە)ی یەکگرتوو کۆت نەکردووە، واتە خۆی بە قوربانی سەروا نەکردووە، بۆ نموونە لەم چەند دێڕە هەڵبەستەی خوارەوەدا هەر دوو نیوە دێڕ، یەک سەروایان هەیە، واتە جووت جووت سەروای بەکارهێناوە.

ڕوومەتی وەک گوڵی بێگەرد
قژی خاو، ئاورێشمی زەرد
چاوی کاڵ، ئەگەرچی نەرمە
بەڵام نیگای ئێکجار گەرمە
باڵای وا، دەمێکی وا تەنگ
ئەندامی ئاوا شۆخ و شەنگ
نەبووە، یامن نەمدیوە هەر
لەو چەشنە بەژن، یا کەمەر.

## چەند پارچە شێعری نیشتمانیی "کامران موکری"

هەژار با ژینت هەر تێکۆشان بێ
هەژار با ژینت هەر تێکۆشان بێ
بۆ گەل گیانی خۆت لە لا هەرزان بێ
هەوڵت بۆ کورد و بۆ کوردستان بێ
گەر لەکیست چێ بەم تێکۆشانە
تەنیا نەبوونی و کۆتی گرانە
کەوتوومە ڕێگا لەگەڵ کاروانا
پاداشتم ناوی لە تێکۆشانا
تا دڵ لێ بدا و خوێنم تیا مابێ
بۆ کورد ژیانم هەر ئەبێ وا بێ
بە سووتاننم ڕێگە ڕۆشن بێ
با ئاگر بەشی ئەم لەشەی من بێ

*

لە گەرووی شەوا لە کوردستانا
لە گەرووی شەوا لە کوردستانا
هەزاران مۆمم داگیرسانەوە
تۆ لەپێناوی زێڕ و سامانا
مۆمی هەژارت زۆر کوژانەوە
بۆیە دڵی تۆ شادیی نەدیوە
بەڵام من خۆشیی دڵمی تەنیوە

*

بستێکم نەدی لەم خاکە جوانە
بستێکم نەدی لەم خاکە جوانە
خوێناوی کوردی تیا نەڕژابێ
یا چیایەکی ئەم کوردستانە
هەزاران مێشکی تیا نەپژابێ
بۆیە بەتەنیا هەر دڵۆپی خوێن
بۆ شیعرەکانم دەکەم بە هەوێن

*

ئەی خاڵۆ گیان من ڕەنجبەرم
ئەی خاڵۆ گیان من ڕەنجبەرم
بۆیە ئێجگار کوردپەروەرم
با هەر گۆرانییەکەی جاران
بڵێینەوە بۆ کوردستان:
«ئەو کەسەی لە مردن ترسا»
«لە کاروانی خەبات جێما»

*

ژین لە لای دڵسۆز هەر تێکۆشانە
ژین لە لای دڵسۆز هەر تێکۆشانە
هەوڵە بۆ خاکی ئەم کوردستانە
خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن
تێکۆشان بووایە بۆ خاکی وەتەن
ئاخۆ تەمەنی کام دڵسۆزی کورد
لە چوار پێنج ساڵی تێپەڕی ئەکەرد!

*

ئەو کاتە خۆشە ئاگر بارانە
ئەو کاتە خۆشە ئاگر بارانە
لەژێر پێمانا دیلیی ئەنێژین
لەسەر بستێکی ئەم کوردستانە
بێ پەروا خوێنی دوژمن ئەرێژین
لە لووتکەی کەژا ئاڵا هەڵئەگرم
بەڵێن بێ ئەبێ بە پێوە بمرم

*

گیانێ بۆ بەرزیی کورد و کوردستان
گیانێ بۆ بەرزیی کورد و کوردستان
لە ئەڵقەی پەتا بگاتە مردن
یا لە کوشتارا کاتی کۆڵنەدان

هەڵوەرێتە خاک بە گوللەی دوژمن
ئەو گیانە پاکە ئەبێ بە گیانی
ئەوانەی ئەمرن بۆ کامەرانی

*

خاکی کوردستان فەرشی ڕەنگینە
خاکی کوردستان فەرشی ڕەنگینە
بەڵام ئەوەندە پێی لێنراوە
ئەم هەموو نەخشە وردە شیرینە
بە پێ لێنانی دوژمن پوواوە
ڕەنگی نوێی تەنیا ئەبێ خوێناو بێ
تاڵی چنینیش برژانگی چاو بێ

*

ئاگر بە نەختێ ئاو کوژایەوە
ئاگر بە نەختێ ئاو کوژایەوە
گوڵ بە بای پاییز سەری نایەوە
بەڵام ژیلەمۆی تێکۆشانی کورد
دوای «هەزاران ئاو» هەڵگیرسایەوە
گوڵاڵە سوورەی جوانی ئازادی
دوای خەزانی زەرد هەر گەشایەوە

*

هەنسکی دایکی نیشتمانەکەت
هەنسکی دایکی نیشتمانەکەت
پشکۆی هەڵمەتی گیانی خۆش کردی
هاوڕێم بۆ کورد و کوردستانەکەت
کۆچت کرد بۆیە من ناڵێم مردی

*

## نان

ڕۆژ نییە خشپەی هەنگاوێکی برسیەتی نەشکێ و
مانگ نییە زریکەی گریانی هەژارێک گوێی ئاسمان کەڕ نەکات و
ساڵ نییە مێژووی نان قوربانی نەگرێ.
ئەم نیشتمانە کز و داماوە بووەتە تاقیگای مەرگەکان و
ڕۆژ نییە لەم دارستانەدا گوڵێک سەر نەبڕن،
هەناسەیەک نەخنکێنن و
تیری غەزەب لاشەیەک بریندار نەکات و
جەستەیەک سەرما نەیبات.
ئێستە ئیدی
جگە لە داگیرکەرانی سپڵە و دزێو،
سروشت ململانێ لەگەڵ خۆشەویستیدا دەکا و
پێچەوانەی یاسا لە نوێترین بەرهەمیدا ساڵانێکە خوێن دەڕژێتێ لە ڕۆحی شەکەتی نان و
ئەو شاخ و کوێستانە
بوون بە پەرژین و گەلەکۆمەگێ لە کۆڵ و جەستە و نان و برسیەتی دەکەن.
ئێوارەیە، ئێوارەیە و لە باهۆزی ڕچەی بەفردا
کۆڵێک گرانتر لە خەمی کوردستان بە کۆڵ دەکێشن و
لە کاتی سەماکردنی مەرگدا گەلی گورگ و گەلی سەربازانی پووتین لە پێ
هەڕەشەی ژیانیان لێ دەکەن.
ئەوان دەڕۆن و ویژدان دەکەنە دادوەر و
ڕێگای ئەستەمی سنوور دەبڕن و
بە گەلووگەی ئەژدیهادا دەچن و
بەسەر مەرگدا باز دەدەن
تاکوو
نانێک ببەنە سەر سفرەی بەتاڵیان و منداڵانیان چاو لەدەست و برسی نەبن.
دەڕۆن
ئازاری ژانێک کەم بکەنەوە کە لە ڕووی هەژارییەوە بەرۆکی نیشتمانی دادڕیوە و
ڕەش و ڕووتی بووەتە پیشەی منداڵانی سەر شەقام و
شەرمەندەیی بۆ دایکی دەستتەنگ و بۆ سفرە و بۆ نان و بۆ مێژوو دەگێڕنەوە...
شەوەزەنگ بوو،
ڕێگاکوژان،
دڵێک پڕ لە حەسرەت و گریان،
مەرگ لە پێچ و پەنای ئەو تاریکییەدا کەمینی کردبوو،
لوورەی گورگی برسی و بەقیزتر لەوان تەقەی جەلادێکی خوێنمژ و
لەم لاشەوە نووستنی ئاسمان و زەوین و ڕووناکی و خودای عەداڵەت.
ئەوە ساڵانێکە تراژدیای برسیەتی تەنگی بە کوردستان هەڵچنیوە و
هیچ قەڵەم و بەرپرسێک نەهاتنە دەنگ،
هیچ کەیخودا و وەزیر و دەسەڵاتداری سەردەم نەهاتنە دەنگ،
تەنانەت خودای عەداڵەت و ئازادیش چاوی بەسەر حەقدا بەست.
نەیانوت ئەرێ ئەوان چەکیان چییە،
هەڕەشەی مەرگیان لە کێ کردووە،
بە چ تاوانێک مەحکوومن کە بێتاوان دەکوژرێ؟
ئەوان
هێزی سپای برسیەتین
لە سەردەمی دەسەڵاتی تارانی بێ غیرەتدا چەکیان کۆڵێکە
هەڵگری ئازار و مەینەتی و مەرگ هەر چوار سووچیانی لێ تەنیوە و
سنووری گیانفیداییان بەزاندووە بۆ ژەمێک نان و
کۆیلەیی و بندەستیان کردە فیدای ژیانی بەشەرەف و سەربەرزانە مردن.
هۆ نانی دڵڕەقی ژەهراوی !
چۆن شەرمت نەکرد لە هەتیوکردنی ئەو منداڵە و دایکی دەست بە ئەژنۆی داماو،
هۆ چەکی کوردا!
چۆن شەرمت نەکرد سینگی ژیانت کون کون کرد،
هۆ ڕێگا!
پێڵاو، باران، هۆ سەرما، بەفر، چیا، چۆن کۆڵبەرتان شەرمەندەی ماڵ کرد و دایکیش چاوەڕوان،
هۆ شەهیدی ڕێگای نان!
ئارام بنوو...
ئێستە ئیدی مەرگ شەرمتان لێ دەکا و
ژیان پێتان قەرزدارە و شریفەی ئەو چەکە بەرزتر لە هاواری برسیەتیی کۆرپەت نییە و
منداڵانی ئەو کوردستانە نەفرەت دەکەن لەوەی کە دەڵێن، بابە نانی دا،
چون دەزانن بابە لە ڕێی ئەو نانەدا گیانی دا...

**کیانووش عەلیڕەزایی**

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No : 782 · 5 september 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکات و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی خەرمانانی ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان و درێژەی دەسبەسەر کرانیان:



لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شێرکۆ سیاوەشی» کوڕی «محەممەد»، تەمەن ٣٧ ساڵ و خەڵکی سەردەشت، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی شەممە ١ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عوسمان تەهماسبی» کوڕی «مووسا»، تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی گوندی «یەلغوورئاغاج»ی شاری قوروە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

بڕیاری دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەید ئەحمەد سەبری» کوڕی «سەید مستەفا» خەڵکی پەسوێی پیرانشار، دووبارە بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژی دیکە درێژ کرایەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی گەلاوێژ، ماموستا حەسەن جەنگخا، ماموستای ئایینی خەڵکی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شەریف ئەمینی» کوڕی «ئەحمەد» خەڵکی گوندی «شوێ»ی بانە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

هەروەها ڕۆژی دووشەممە ٣ی خەرمانان، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «فەرزاد موڕادی و نەوشیروان ڕەزایی» خەڵکی گوندی «هەڵیزاوا»ی شاری مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هێزە ئەمنییەتییەکان چوار هاووڵاتیی کوردیان بە ناوەکانی «خوسرەو جیهانئارا، ئاکام حەسەنزادە، سەردار مەلا و ڕەحمان قادری» خەڵکی سەردەشت، دەسبەسەر کردووە.

پاش کۆتایی هاتنی یاریی نێوان دوو تیمی ئیستقلال و پیروزی و سەرکەوتنی تیمی ئیستقلال بەسەر پیروزی، بەهۆی شایی و خۆشی دەربڕینی لایەنگرانی ئەو تیمە لە ئیلام، ١٥ هاووڵاتی دەسبەسەر کران.

سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی خەرمانان، چالاکێکی ژینگەپارێزی بە ناوی «خەبات مەفاخری» خەڵکی شاری سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەلی ڕەشیدی»ی خەڵکی گوندی «بەنەژاژ»ی شاری بانە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

ڕۆژی هەینی ٧ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «مێهدی ئیبراهیمزادە» کوڕی «ئیبراهیم»، تەمەن ٣٧ ساڵ و خەڵکی سەردەشت، لە شیراز سەر بە پارێزگای فارس، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

چەند ڕۆژ پێش هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حەسیم میرزایی» خەڵکی جوانڕۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خەرمانان، لاوێکی کورد بە ناوی «سالار چاوشی» کوڕی «عەبدوڵڵا»، تەمەن ٢١ ساڵ و خەڵکی گوندی «حاجی لەک»ی ناوچەی چۆمی مەجیدخان»ی بۆکان، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی بۆکان، دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خەرمانان، ماوەی دەسبەسەرکردنی «ئەفشین شێخولئیسلامی»، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی سنە، دووبارە درێژ کرایەوە.

لاوێکی کورد بە ناوی «ڕەحمان ڕەحیم پوور» خەڵکی سەقز، لە گرتنگەی هێزە ئەمنییەتییەکاندایە و چارەنووسی ناڕوونە.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «بایەزید قادری چووپان» دانیشتووی نەغەدە و خەڵکی گوندی «سنجلە» سەر بە بەخشی لاجانی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان: :

ڕۆژی شەممە ١ی خەرمانان، ماموستا «عەبدولکەریم تاران»، پێشنوێژی هەینیی گوندی «برایم ئاباد»ی شاری میاندواو، لەگەڵ «خالق بەرجەستە، کامران توان و سلێمان زەند»، لە ئەندامانی شورای ئەو گوندە بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات و دەسبەسەر کراون.

### گوشاری ئیتلاعات و بەجێهێشتنی زیدی خۆی:

«شەیدا (نیشتمان) ڕەسووڵ دنخە» ماموستای یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری شنۆ سەر بە پارێزگای ورمێ،



بەهۆی گوشاری هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارە، بە ناچاری زێدی خۆی بەجێهێشت.

### ڕاگواستن بۆ زیندان:

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «نادر زیایی فەر» کوڕی «محەممەد» خەڵکی گوندی «مەلاعیسا» سەر بە ناوچەی «دەشتەبێڵ»ی شنۆ، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کرا.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سدیق سەیفی» خەڵکی دیواندەرە، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی سنە کرا.

### ناڕوونی چارەنووسی هاووڵاتییان و بێبەری کردنیان لە چاوپێکەوتن:

چارەنووسی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «مادێح فەتحی» کوڕی محەممەد خەڵکی شاری سنە، لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، ناڕوونە.

«حەیدەر قوربانی» زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام لە گرتنگەی ناوەندیی سنە، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی بێبەری کراوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو پەیوەندییەدا بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردپای ڕاگەیاند: «بنەماڵەی ئەو زیندانییە سیاسییە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو زیندانییە سیاسییە، سەردانی زیندانی ناوەندیی سنەیان کردووە و بەرپرسانی ئەو زیندانە ڕێگرییان لەو چاوپێکەوتنە کردووە».

لە چارەنووسی هاووڵاتییەکی کوردی دەسبەسەرکراو بە ناوی «مێعراج مورتزایی» کوڕی «سابیر»، تەمەن ٣٥ ساڵ و خەڵکی گوندی «دێوەزناو» سەر بە شاری سەولاوا، پاش ٣٦ ڕۆژ لە دەسبەسەرکرانی هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

### پشتڕاست کردنەوەی ئێعدامی هاووڵاتییان:

حوکمی ئێعدامی «مەحیەدین ئیبراهیمی»، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی گوندی «ئاڵکاوێ»ی شاری شنۆ، لە لقی ١٩ی دیوانی باڵای وڵات پشتڕاست کرایەوە.

### کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «بێهرووز مورادی» کوڕی «میرزرا»، خەڵکی «تازاوا»ی سەلاسی باوەجانی، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نەوسوود پێکرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی خەرمانان، هێزەکانی سپای پاسداران تەقەیان لە هاووڵاتییەکی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە ناوی «یووسف محەممەد عەبدوڵڵا ڕەش» کردووە و لە ئاکامدا بووە بەهۆی گیانلەدەستدانی ئەو هاووڵاتییە کوردە.

ڕۆژی دووشەممە ٣ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «جەعفەر ڕەمەزانی» کوڕی «محەممەد»، تەمەن ٥٠ ساڵ و خەڵکی سەلاسی باوەجانی، لە سنووری نەوسوود بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت پێکرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٥ی خەرمانان، سێ کۆڵبەری کورد بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نەوسوود پێکران. هەواڵنێری کوردپا شوناسی ئەو سێ کۆڵبەرە بریندارەی بە ناوەکانی: «قانع بەهرامی کوڕی لەتیف تەمەن ٢٧ ساڵ و خەڵکی سەلاسی باوەجانی، عەلی ڕەنجبەر خەڵکی گوندی میانەی مەریوان و ناجی خەڵکی گوندی وەسنەی مەریوان» ڕاگەیاندووە.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سێودین کەڵاشی» کوڕی «بەهادین»، خەڵکی گوندی «گیوەڕان»ی سەر بە کوتۆل، لە سنووری ئەو شارە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی ئەرتشی تورکیە پێکرا.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ١١ی خەرمانان، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «جەلال خزری» خەڵکی گوندی «زێوە»ی پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری ئەو شارە گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی خەرمانان، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «زانست حەسەن نژاد»، تەمەن ٢٥ ساڵ و خەڵکی سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی خەرمانان، دوو کاسبکاری دیکەی کورد بە ناوەکانی «سرووش مەکاری» و «زانکۆ ئەحمەدی» خەڵکی سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری «قەلە ڕەشە»ی ئەو شارە گیانیان لەدەست دا.

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی خەرمانان، ئەندامێکی سپای پاسداران بە ناوی



«هوشیار ئەردەڵان» خەڵکی قوروە، بەهۆی تەقینەوەی مین لە مەریوان کوژرا.

### گیان لەدەستدان و بریندار بوونی کرێکاران:

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خەرمانان، کرێکارێکی کورد بە ناوی «دارا ئەحمەدی» خەڵکی گوندی «سێف»ی شاری مەریوان، لە سنووری باشماخ بەهۆی هەڵەی شوفێرێک، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی هەینی ١٤ی خەرمانان، کرێکارێک بە ناوی «شەریف ناسرئابادی» خەڵکی گوندی «بلۆاناوا»ی دێولان، بەهۆی ڕووخانی دیوار لە کاتی کارکردندا گیانی لەدەست دا.

هەر لە هەمان ڕۆژدا و لە سنە، سێ کرێکار لە کاتی کارکردندا بەهۆی ڕووخانی سەقفی خانوویەک لە گەڕەکی «عەباسئاوا»ی ئەو شارە، بریندار بوون

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:



ڕۆژی هەینی ٣١ی گەلاوێژ، کچێکی تەمەن ١٩ ساڵ بە ناوی «شیوا خۆڕەمی» خەڵکی گوندی «سماقلوو»ی ناوچەی سەرشیوی سەقز، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی هەینی ٣١ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «چیمەن فەرحیان» تەمەن ٢٢ ساڵ، بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

چەند ڕۆژ پێش، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد فەیزی» کوڕی «عەبدولخالق» تەمەن ٣٠ ساڵ، بە خواردنی حەبی برینج کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

